حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان
کۆلێجی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

# ڕێککەوتن لە دروستە سینتاکسییەکانی شێوەزاری هەورامیدا

نامەیەکە:

**شهرزاد نایب محمد**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردە/ زانکۆی گەرمیانی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزمانی کوردیدا.

سەرپەرشت:

**پ.د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد**

(٢٧١٦)ی کوردی (٢٠١٦)ی زایینی

ئەم نامەیە (ڕێککەوتن لە دروستەسینتاکسییەکانی شێوەزاری هەورامیدا ) لەلایەن خوێندکار (شهرزاد نایب محمد)ەوە، بەسەرپەرشتیی من لەزانکۆی گەرمیان ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لەزمانی کوردیدا.

ناو: پ. د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد

ڕۆژ: / / ٢٠١٦

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: د. دارا حەمید محمد

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: / / ٢٠١٦

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بەپلەی (                ) بـڕوانـامـەی ماستەری لـە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د. سەباح ڕەشید قادر
ئەندام
ڕۆژ      /     /٢٠١٦

ناو: پ.د. بەکر عومەر عەلی
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ      /     /٢٠١٦

ناو: پ.ی.د. بێستون حەسەن ئەحمەد
ئەندام
ڕۆژ      /     /٢٠١٦

ناو: پ. د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ      /     /٢٠١٦

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەوە پەسەند کرا.

ناو:  پ.د. عزالدین جمعە دەروێش
ڕاگری کۆلێجی پەروەردە
ڕۆژ      /     /٢٠١٦

## ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- دایکی ئازیز و خۆشەویستم.
- خوشك و براکانم.
- شەهیدانی کوردستانی گەورە.
- هەموو مرۆڤێکی بەویژدان.

## سوپاس و پێزانین:


### سوپاس و پێزانینم بۆ:

- سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان و ڕاگرایەتی کۆلێجی پەروەردە/بەشی زمانی کوردی، کە هەلی خوێندنیان بۆ ڕەخساندین.
- مامۆستای گەورە و خۆشەویست (پ. د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد)، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ، لە بەدەستخستنی سەرچاوەکاندا هاوکارم بووە و بە تێبینیە ورد و جوانەکانی نامەکەمی دەوڵەمەندتر کرد.
- پ.ی.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، وەڵامی پرسیارەکانمی بەسەرنج و تێبینیەکانی داوەتەوە.
- هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە خوێندنی بالاّ وانەیان پێوتوم.
- (ئازاد)ی برام، لە قۆناغەکانی خوێندنی ماستەردا هەمیشە هاوکارم بووە، مامۆستای بەڕێز (جمال حبیب الله )، (ك. یوسف جمال)، برا و هاوڕێی بەڕێزم (م. خۆشناو عزیز)، کە هاوکارییان کردووم.
- هەموو ئەو هاورێ و دڵسۆزانەی لە کاتی نوسینی ئەم نامەیەدا هاوکارییان کردووم، ئەگەر بە وشەیەکیش بووبێت.

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| / | یان |
| ø | مۆرفێمی سفر |
| ← | دەبێت بە |
| ⋆ | نادروستی ڕێزمانیی/واتایی |
| * | ڕوونکردنەوە |
| [ -/ + ] | نیشانەی واتایی |
|  | ڕێککەوتن |
|  | ڕێکنەکەوتن |
| ....... | هەتا دوایی |
| INFL | کات و کەس |
| Spec | دیاریکار |
| DS | دروستەی قوڵ |
| SS | دروستەی ڕوکەش |
| X | سەرە |
| XP | هەر جۆرێکی فرێز |
| Comple | تەواوکەر |
| Agr | ڕێککەوتن |
| Det/det/D | دیارخەر |
| م. | مۆرفێم |
| ك.ژ | کەس و ژمارە |
| ڕ.ت | ڕابردووی تێپەڕ |
| ڕ.نە.ت | ڕانەبردووی تێپەڕ |
| ڕ.تن | ڕابردووی تێنەپەڕ |
| ڕ. هـ. | ڕابردووی هەواڵی |
| ڕ. د. | ڕابردووی دانانی |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Functional | ئەرکی |
| Ergative | ئەرگەتیڤ |
| Adverb | ئاوەڵکار |
| Accusative | ئەکۆزەتیڤ |
| | ب |
| Optional | بە ئارەزوو/ سەرپشکی |
| Obligatory | بەخورتی |
| | پ |
| preposition | پێشناو |
| postposition | پاشناو |
| Syntactic Relation | پەیوەندی سینتاکسی |
| | ت |
| Gender | توخم |
| | ج |
| Kind | جۆر |
| position | جێکەوتە/ شوێن |
| Explicit Pronoun | جێناوی ئاشکرا |
| Bound Pronoun | جێناوی لکاو |
| | چ |
| Type | چەشن |
| Concept | چەمك |
| Active | چالاك |
| | ح |
| Governor | حوکمکەر |
| Governed | حوکمکراو |

| | |
|---|---|
| د | |
| Determiner | دیارخەر |
| Determined | دیارخراو |
| Structure | دروستە/پێکهاتە |
| Deep Structure | دروستەی قوڵ |
| Surface Structure | دروستەی ڕوکەش |
| Case | دۆخ |
| Grammatical Case | دۆخی ڕێزمانیی |
| Nominative Case | دۆخی بکەریی |
| Accusative Case | دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ |
| Dative Case | دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ |
| Gentive Case | دۆخی خستنەپاڵ |
| ڕ | |
| Agreement/ Concord | ڕێککەوتن |
| Subject Agreement | ڕێککەوتنی بکەریی |
| Object Agreement | ڕێککەوتنی بەرکاریی |
| Sentence | ڕستە |
| Root | ڕەگ |
| س | |
| Adjunct | سەربار |
| Head | سەرە |
| Functional head | سەری ئەرکی |
| Semantic head | سەری واتایی |
| Head final | سەرکۆتا |
| Head Initial | سەر سەرەتا |
| ف | |
| Noun phrase | فرێزی ناویی |
| Adjectival phrase | فرێزی ئاوەڵناوی |
| Determiner phrase | فرێزی دیارخەریی |

| | |
|---|---|
| Genitive phrase | فرێزی خستنەپاڵ |
| Prepositional phrase | فرێزی پێشناوی |
| Verbal phrase | فرێزی کاری |
| Functional phrase | فرێزی ئەرکی |
| Lexical phrase | فرێزی فەرهەنگی |
| Inflectional phrase | فرێزی کات و کەس |
| Complementize phrase | فرێزی تەواوکەر(پاڕستەیی) |
| ق | |
| Stress | قورسایی خستنەسەر |
| ك | |
| Syntactical category | کاتیگۆری سینتاکسیی |
| م | |
| Morpho syntax | مۆرفۆسینتاکس |
| ن | |
| Gender Signals | نیشانەکانی توخم |
| ه | |
| Tree Diagram | هێڵکاری درەختیی |
| و | |
| Constituent Command (C.Command) | وەچەئاڕاستەکردن/ حوکمکەری پێکهاتە |

# ناوەرۆك


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| | **پێشەكی** |
| ١ | **١/٠) ناونیشان و بواری لێكۆڵینەوەكە** |
| ١ | **٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی لێكۆڵینەوەكە** |
| ١ | **٣/٠) كەرەستە و سنوری لێكۆڵینەوەكە** |
| ١ | **٤/٠) ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە** |
| ١ | **٥/٠) گرفتی لێكۆڵینەوەكە** |
| ٢ | **٦/٠) بەشەكانی لێكۆڵینەوەكە** |
| ٣ | **بەشی یەكەم: چوارچێوەی تیۆریی** |
| ٣ | **١/١) تیۆریی حوكمكردن و بەستنەوە** |
| ٥ | **١-١/١) تیۆریی حوكمكردن** |
| ٩ | **٢-١/١) تیۆریی دۆخ** |
| ١٠ | **١-٢-١/١) پێدانی دۆخ** |
| ١١ | **٢-٢-١/١) پاڵێوەری دۆخ** |
| ١٢ | **٣-٢-١/١) نیشانەكانی دۆخ** |
| ١٣ | **٤-٢-١/١) جۆرەكانی دۆخی ڕێزمانیی** |
| ١٣ | **١-٤-٢-١/١) دۆخی بنجی** |
| ١٤ | **٢-٤-٢-١/١) دۆخی دروستەیی** |
| ١٤ | **١-٢-٤-٢-١/١) دۆخی بكەریی** |
| ١٤ | **٢-٢-٤-٢-١/١) دۆخی بەركاریی** |
| ١٥ | **٣-٢-٤-٢-١/١) دۆخی دیارخەری(خستنەپاڵ)** |
| ١٦ | **٣-١/١) حوكمكردن و پێدانی دۆخی ڕێزمانیی** |
| ١٨ | **٤-١/١) ڕێگرییەكانی حوكمكردن** |
| ١٨ | **٥-١/١) نیشانەكانی توخم لە شێوەزاری هەورامیدا** |
| ٢٠ | **٦-١/١) تیۆریی ئێكس باڕ** |
| ٢٦ | **بەشی دووەم: ڕێككەوتن و ئێرگەتیف** |
| ٢٦ | **١/٢) ڕێككەوتن** |

| | |
|---|---|
| ١-١/٢) چەمك و پێناسەی ڕێككەوتن | ٢٦ |
| ٢-١/٢) ڕێككەوتن لای بونیادگەرەكان و شیكارییەكان | ٢٨ |
| ١-٢-١/٢) ڕێككەوتن لای بونیادگەرەكان | ٢٨ |
| ٢-٢-١/٢) ڕێككەوتن لای شیكارییەكان | ٣٠ |
| ٣-١/٢) ڕێككەوتن لە ڕوانگەی تیۆریی ستاندارد و ستانداردی فراوانكراوەوە | ٣٧ |
| ٤-١/٢) ڕێككەوتن لە ڕوانگەی تیۆریی دەسەلآت و بەستنەوە(GB) | ٣٩ |
| ٥-١/٢) سروشتی ڕێككەوتن | ٤٠ |
| ٦-١/٢) جۆرەكانی ڕێككەوتن | ٤٤ |
| ١-٦-١/٢) ڕێككەوتنی ڕێزمانیی | ٤٤ |
| ٢-٦-١/٢) ڕێككەوتنی واتایی | ٤٥ |
| ٣-٦-١/٢) ڕێككەوتنی هاوسێیەتی | ٤٦ |
| **٢/٢) ئێرگەتیڤ** | ٤٧ |
| ١-٢/٢) زاراوەی ئێرگەتیڤ | ٤٧ |
| ٢-٢/٢) چەمك و پێناسەی ئێرگەتیڤ | ٤٧ |
| ٣-٢/٢) ئێرگەتیڤ لە زمانەكاندا | ٤٩ |
| ٤-٢/٢) جۆرەكانی ئێرگەتیڤ | ٥١ |
| ١-٤-٢/٢) ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی | ٥١ |
| ٢-٤-٢/٢) ئێرگەتیڤی سینتاكسی | ٥٢ |
| ٣-٤-٢/٢) ئێرگەتیڤی شەقبوو | ٥٣ |
| ٥-٢/٢) ئێرگەتیڤ لە زمانی كوردیدا | ٥٤ |
| ١-٥-٢/٢) ئێرگەتیڤ لە زاری كرمانجی ژووروودا | ٥٥ |
| ٢-٥-٢/٢) ئێرگەتیڤ لە شێوەزاری هەورامیدا | ٥٦ |
| ٦-٢/٢) جیاوازی ئێرگەتیڤ و ڕێككەوتن | ٦٢ |
| **بەشی سێیەم: ڕێككەوتن لە دروستە سینتاكسییەكاندا(فرێز و ڕستە)** | ٦٣ |
| **١/٣) ڕێككەوتن لە سنوری فرێزدا** | ٦٣ |
| ١-١/٣) چەمكی فرێز بەپێی تێڕوانینی كۆن و نوێ | ٦٣ |
| ٢-١/٣)ڕێككەوتن لە جۆرەكانی فرێزدا | ٦٥ |
| ١-٢-١/٣)فرێزی ناوی | ٦٥ |
| ٢-٢-١/٣) فرێزی دیارخەری | ٧٦ |

| | |
|---|---|
| ٣-١/٣-٢) فرێزی ئاوەڵناوی | ٧٩ |
| ٣-١/٢-٤) فرێزی پێشناوی | ٨٤ |
| ٣-١/٢-٥) فرێزی کاری | ٨٧ |
| ٣-١/٢-٥-١) ڕێککەوتن لە (VP) دا لە تەنها کارێك پێکهاتووە | ٨٨ |
| ٣-١/٢-٥-٢) ڕێککەوتن لە(VP) دا کارەکانیان تێپەڕە(ڕێککەوتنی بەرکار و کار) | ٩٣ |
| ٣-١/٢-٣) ڕێککەوتن لە(VP) دا لە تەواوکەر و کارێك پێکهاتووە | ٩٨ |
| **٢/٣) ڕێککەوتن لە سنوری ڕستەدا** | ١٠٥ |
| ٣-٢/١) ڕستە | ١٠٥ |
| ٣-٢/٢) کەرەستەکانی ڕستە | ١٠٦ |
| ٣-٢/٣) ڕێککەوتن لە ڕستەدا | ١٠٨ |
| ٣-٢/٣-١) ڕێککەوتنەکان لە ڕستەدا بەپێی جۆری کاری ڕستە | ١٠٩ |
| ٣-٢/٣-١-١) ڕێککەوتن لە ڕستەی کارتێپەڕدا | ١٠٩ |
| ٣-٢/٣-١-١-١) ڕابردووی تێپەڕ | ١٠٩ |
| ٣-٢/٣-١-١-٢) ڕانەبردووی تێپەڕ | ١١٥ |
| ٣-٢/٣-١-٢) ڕێککەوتن لە ڕستەی کارتێنەپەڕدا | ١١٧ |
| ٣-٢/٣-١-٢-١) ڕابردووی تێنەپەڕ | ١١٧ |
| ٣-٢/٣-١-٢-٢) ڕانەبردووی تێنەپەڕ | ١٢١ |
| ٣-٢/٣-١-٣) ڕێککەوتن لە ڕستەی فەرمان/داخوازیدا | ١٢٢ |
| ئەنجامەکان | ١٢٤ |
| سەرچاوەکان | ١٢٥ |
| ملخص | ١٣١ |
| Abstract | ١٣٢ |

# پێشەکی

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشان‌و بواری لێکۆڵینەوەکە:

مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە ((ڕێککەوتن لە دروستەسینتاکسییەکانی شێوەزاری هەورامیدا))، دەستنیشانکردن و شیکردنەوە و خستنەڕووی ڕێککەوتنی دروستە سینتاکسییەکان (فریز و ڕستە)ی شێوەزاری هەورامییە.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێککەوتن یەکێکە لەو بابەتانەی ڕۆڵێکی چالاك لەزماندا دەگێڕێت، بە تایبەتی لە سینتاکسدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بەبێ ڕێککەوتن هەڵەی ڕێزمانی و لێکتێنەگەیشتن دێنە ئاراوە، بۆیە بەپێویستمان زانی، ئەم بابەتە هەڵبژێرین‌و توێژینەوەی لەسەر بکەین، بەمەبەستی خستنەڕووی ڕێککەوتن لە سینتاکسدا و پەیوەندیی و ڕێککەوتنی نێوان کەرەستەکانی فریز و ڕستە لە شێوەزاری هەورامیدا، چۆنیەتی ڕێککەوتنیان لەگەڵ یەکتردا ڕوونبکەینەوە.

## ٣/٠) کەرەستە و سنووری لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەرەستەی شێوەزاری هەورامی(تەوێڵە، بیارە)بەکارهێنراون، نموونە و کەرەستەکان لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی ئێستای شێوەزارەکەوە وەرگیراون، ڕستەکانیش لە سنوری ڕستەی سادەدان، بەلأم لە هەندێك نموونەدا لەبەر پێویستی پەنابراوەتە بەر ڕستەی نادسادە.

## ٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی پەیڕەوکراو لەم نامەیەدا ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانەیە و لە هەندێك شوێنداو بەپێی پێویستی سودمان لە تیۆریی حوکمکردن و بەستنەوە(GB)وەرگرتووە، بۆ خستنەڕووی فریزەکانیش پشت بە تیۆریی X-bar بەستراوە.

## ٥/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

هەر لێکۆڵینەوەیەك لە کاتی نوسین و ئامادەکردنیدا ڕووبەڕووی چەند گرفتێك دەبێتەوە، فراوانی بابەتی ڕێککەوتن یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم ڕووەوە هەوڵدراوە بۆ شیکردنەوەی وردی بابەتەکە.

## ٦/٠) بەشەكانی لێكۆڵینەوەكە:

ئەم لێكۆڵینەوەیە لەپێشەكی و سێ بەش و ئەنجام پێكهاتووە.

**بەشی یەكەم:**

لەم بەشەدا ئەو تیۆرییانە خراونەتە ڕوو، كە بۆ شیكردنەوە و دیاریكردنی دروستەی فرێز و ڕستە پێویستن و پەیوەندیی نێوان سەرە و تەواوكەر دەخەنەڕوو، كە لە بەشەكانی داهاتوودا سوودمان لێ بینیوون.

**بەشی دووەم:**

ئەم بەشە لە دوو پار پێكهاتووە، لە پاری یەكەمدا: چەمك و پێناسەی ڕێككەوتن شیكراوەتەوە و ڕێككەوتن لە ڕوانگەی چەند قوتابخانەیەكی زمانییەوە باسكراوە، پاشان سروشتی ڕێككەوتن لە زماندا و جۆرەكانی ڕێككەوتن خراونەتەڕوو.

پاری دووەم: تایبەتە بە ئێرگەتیڤ، سەرەتا لەڕووی زاراوە و چەمك و پێناسەوە ئێرگەتیڤ خراوەتە ڕوو، پاشان بەشێوەیەكی گشتی ئێرگەتیڤ لە زمانەكاندا باسكراوە و دواتر جۆرەكانی ئێرگەتیڤ دەستنیشانكراوە و ئێرگەتیڤ لە زمانی كوردیدا(كرمانجیی ژووروو و شێوەزاری هەورامی) شیكراوەتەوە و جۆری ئێرگەتیڤیەكەشیان دەستنیشانكراوە، پاشان بە چەند خاڵێك جیاوازییەكانی نێوان ڕێككەوتن و ئێرگەتیڤمان ڕوونكردووەتەوە.

**بەشی سێیەم:**

لە دوو پار پێكهاتووە، لە پاری یەكەمدا: چەمكی فرێز بەپێی تێڕوانینی كۆن و نوێ ڕوونكراوەتەوە و ڕاو بۆچوونی خۆمانمان تێیدا خستووەتەڕوو، پاشان فرێزەكان و ڕێككەوتنەكانمان دیاریكردووە.

پاری دووەم: ئەم پارە تایبەتە بە ڕێككەوتن لە ڕستەدا، سەرەتا ڕستە و كەرەستەكانی ڕستەمان ڕوونكردووەتەوە، پاشان بەپێی جۆری كاری ڕستە، ڕستەكانمان دابەشكردووە و ڕێككەوتنەكانمان لە ڕستەكاندا دەستنیشانكردووە.

لە كۆتایی لێكۆڵینەوەكەشدا بە چەند خاڵێك ئەو ئەنجامانەمان دەستنیشانكردووە، كە پێی گەیشتووین.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تیۆریی

## بەشی یەکەم

### ١/١) تیۆریی حوکمکردن و بەستنەوە Government and Binding Theory:

پاش بلاوبوونەوەی تیۆرییە سەرەتاییەکانی چۆمسکی لەئەنجامی ئەو گەشە و گۆڕانانەی بەسەر تیۆرییەکاندا هات، بووە هۆی سەرهەلدانی تیۆرییەکی نوێ و مۆدێلێکی نوێی ڕێزمان بەناوی تیۆریی حوکمکردن و بەستنەوە، کە لەساڵی (١٩٨٠) لەلایەن چۆمسکییەوە خرایەڕوو، (لە سەرەتادا لە چەند زنجیرە وانەیەك پێکهاتبوو لەژێر ناونیشانی Lectures on Government and Binding ئەمە کارێکی نوێبوو لە تیۆریی سینتاکسی، کە جیاوازبوو لە تیۆرییەکانی پێشتر بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بە بنەما و پارامیتەرەکان دەدات و گشتگیرترە)[1] لە ساڵی ١٩٨١چاپکرا و بلاوبوویەوە، بەگوێرەی ئەم تیۆرییە بەشێکی گەورەی ڕێزمانی زمانەکان هاوبەشە، بۆیە تیۆریی حوکمکردن و بەستنەوە بەشێکە لە ڕێزمانی جیهانی. لە ساڵی (١٩٩١)دا (( چۆمسکی پێشنیازی ئەوەی کرد، کە ناوی تیۆرییەکە بگۆڕرێت بۆ تیۆریی بنەما و پارامێتەرەکان، چونکە بە بۆچوونی چۆمسکی ئەو ناونیشانە گشتگیرتر دەبێت لە حوکمکردن و بەستنەوە، چونکە هەموو زمانێك بنەما و پارامێتەری تێدایە))[2]، هەربۆیە چۆمسکی ڕای وایە ( بەپێی بنەما و پارامێتەرەکان ڕێزمانێکی جیهانیی هەیە، کە لەسەر چەند بنەمایەك بنیادنراوە و چەندین پارامێتەری جیاوازی تێدا هەن، لە ئەنجامی کارلێککردنی نێوانیان سیماکانی زمانێکی تایبەت دیاریدەکرێت)[3] ، بۆ نموونە لە هەموو زمانەکاندا فرێز لە سەرەیەك، یان سەرەیەك و دیارخەرێك پێکدێت ئەمە بنەماکەیە، بەلام چۆنیەتی ڕیزبوونیان پارامێتەرەکەیە، کە لە زمانە جیاوازەکاندا بە دوو شێوە دەنوێنرێت، سەر سەرەتا، یان سەر کۆتا.[4] مەبەستی سەرەکی چۆمسکی لەم تیۆرییەدا دانانی ڕێزمانێکی جیهانیی (Universal Grammar) بوو.

ئەم تیۆرییە هەلگری چەند سیما و تایبەتمەندییەکی خۆیەتی وەك: بوونی چەندین ئاستی جیاوازی نواندن و چەندین لقەتیۆریی، کە لەناو تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەدا هەن، هەر لەم تیۆرییەدا چوار ئاستی سەرەکی نواندن دەستنیشاندەکرێت:

١- ئاستی ناوەوە/ فەرهەنگ

٢- ئاستی دەرەوە

٣- فۆڕمی فۆنەتیکی

٤- فۆڕمی لۆجیکی

---

١-Muhammad-Salih Abdulla(٢٠٠٤: ١٨).

٣- Chomsky (١٩٨١ : ٦)

٣- دارا حەمید محەمەد(٢٠١٤: ١٣٦).

٤- ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩: ٣٢).

لە ئاستی ناوەوەدا ((فەرهەنگ تایبەتییەکانی خودی دانە فەرهەنگییەکان دەخاتە لیستێکەوە، کە پێکدێت لە دانە سینتاکسییە سەربەخۆکان. فەرهەنگ ڕۆنانی نابەرجەستەی مۆرفۆ – فۆنۆلۆجی، لە هەر دانەیەکی فەرهەنگیدا سیمای سینتاکسی و کەتیگۆری و سیمای بارودۆخی ڕوودانەکانی لەخۆ دەگرێت. دانە فەرهەنگییەکان لە ڕۆنانی بنچینەییدا بەیەکەوە بەشدار دەبن و نەخشە بەرەو ڕۆنانی سەرەوە دەکێشێت، کە ئەو نواندنە سینتاکسییانە زۆر بە وردی و بە باشی ڕیزبوونی ڕستەکە پیشان دەدات))[1] واتە لە ئاستی یەکەمدا وشە فەرهەنگییەکان لەگەڵ یەکتردا یەکدەگرن و بە پێی یاساکانی تیۆریی X-bar لێکدەدرێن و دروستەی قوڵ پێکدەهێنن[2]، پاشان دێتە دروستەی ڕوکەش، بەلاَم لە ئاستی دەرەوەدا ڕاستەوخۆ شیناکرێتەوە، چونکە ئەبستراکتن و دەبێتە هۆکارێك بۆ هەردوو ئاستەکانی نواندنی فۆڕمی فۆنەتیکیPhonetical Form و فۆڕمی لۆجیکی Logical Form. (فۆڕمی فۆنەتیکی سنوری هاوبەشی لەگەڵ فۆنەتیکدا هەیە لە شێوەی دەنگدا کەرەستەکان دەنوێنێت، واتە لەم ئاستەدا ڕاڤەی فۆنەتیکی وەردەگرێت، لە فۆڕمی لۆجیکیشدا سنور لەگەڵ واتادا هەیە، ڕاڤەکردنی سیمانتیکی وەردەگرێت و شیکاری واتایی بۆ ئەنجام دەدرێت)[3] . کەواتە هەر چوار ئاستەکەی نواندن پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، پێکەوە ڕستە و دەربڕاوەکانی زمان پێکدەهێنن.

هەرچەندە چۆمسکی تیۆرییەکەی بەناوی دوولقە تیۆرییەوە ناونراوە، بەلاَم لە چەند لقەتیۆرییەکی جۆراو جۆرو جیاواز پێکهاتووە و کار لەیەکتردەکەن و پەیوەستن بەیەکەوە[4]، لقەتیۆرییەکانی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- تیۆریی X-bar (X-bar Theory)
٢- تیۆریی حوکمکردن ( Government Theory)
٣- تیۆریی بەستنەوە ( Binding Theory)
٤- تیۆریی دۆخ ( Case Theory)
٥- تیۆریی کۆنترۆڵ ( Control Theory)
٦- تیۆریی سێتا ( ThetaRole Theory)
٧- تیۆریی بەندیەتی ( Bounding Theory)
٨- تیۆریی کاتیگۆری بەتاڵ ( The Empty Category Theory)

لەم بەشەدا ئەو لقەتیۆرییانە باسدەکەین، کە بۆ کارەکەی ئێمە پێویستن و لە بەشەکانی داهاتووی نامەکەدا سوودیان لێ دەبینین.

---

١- سەلاَح حەوێز ڕەسوول(٢٠١٤: ٢١).
٢- Chomsky (١٩٨١ : ٤١)
٣- تارا موحسین قادر(٢٠١١: ١٦).
٤- Muhammad-Salih Abdulla(٢٠٠٤: ١٦).

## ١-١/١) تیۆریی حوکمکردن (دەسەڵات) Government Theory:

ئەم تیۆرییە، یەکێکە لە لقە تیۆرییە سەرەکییەکانی(GB)*، کە چۆمسکی گرنگییەکی زۆری پێداوە، چونکە حوکمکردن لە(GB)دا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. بەکارهێنانی ئەم لقە تیۆرییە بۆ دڵنیا بوونە لەوەی، کە لە پێکهاتەی ڕستەدا جۆرێکی تایبەت لە پەیوەندیی پێکهاتەیی لەنێوان فرێزەکاندا دەبەستڕێت، بۆدیاریکردنی دۆخە سینتاکسییەکان پێویستە. ((چەمکی حوکمکردن بناغەیەکی کۆنی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێزمانی دێرین ( Traditional Grammar)، کەتێیدا ئاماژەکراوە بەوەی، ناو لە لایەن پێشناو و کارەوە حوکمدەکرێت، هەروەها پێویستە ڕێککەوتن لە نێوان ناو و وشەکانی تردا هەبێت))[١]، بەڵام چۆمسکی لە چوارچێوەی(GB)دا چەمکی حوکمکردنی بە شێوازێکی نوێ بەکارهێنا، کە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان سەرە (head) ی ڕۆنانێك و کەتیگۆرییە شوێنکەوتووەکانی. دەسەڵات(حوکمکردن) بەپەیوەندییەکی ڕێزمانی لەنێوان حوکمکەر و حوکمکراودا دادەنرێت[٢]. ئەم حوکمکردنە بەستراوەتەوە بەوەچەئاراستەکردن(C.Command)** ەوە، چونکە تەنها یەکەیەکی دیاری کراو ڕێی پێدەدرێت حوکم بکات (سەرەی فەرهەنگی)، کە دەتوانێت تەنها حوکمی تەواوکەرەکەی بکات[٣] . پێویستە چەمکی حوکمکەر و پێکهاتەی حوکمکەر بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

Aحوکمی B دەکات ئەگەر :

١- A حوکمکەر(سەرە)بێت، بۆنموونە(A,P,V,N.....هتد)

٢- A وB وەچەئاڕاستەی یەکتربکەن: حوکمکەر وحوکمکراو دەبێت لەناوهەمان پرۆژە گەورەکەدا بن.

٣- A وB هیچ بەربەستێك نەکەوێتە نێوانیان.

**پێویستی حوکمکەر:** بریتییە لە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (ناو، کار ، ئاوەڵناو ، ...) واتە هەر کەرەستەیەك بتوانێت ببێتە سەرەی فرێز، کە واتە ئاماژەیە بۆ جۆرێك لە پەیوەندیی

---

*GB : تیۆرییەکی زمانییە، لە لایەن چۆمسکییەوە گەشەی پێدراوە لەسەر بناغەی چەمکی ڕێزمانی جیهانیی، هەوڵی دەستنیشانکردنی ئەو فرێزانە دەدات، لە شیکردنەوەی زمانیی بەشێوەی هێڵکاری درەختی، کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە.

١- Blomfiled,(١٩٣٣, ١٩٢-١٩٧)

٢- Cook and Newson(١٩٩٧:٥٥)

** C.Command حوکمکەری- پێکهاتە: شێوازی پێکهاتەی پەیوەندیی ئاشکرای نێوان یەکەکانە لەناوچەی دەسەڵاتدا. بۆ نموونە: ئەگەر(B,A) دوو فرێزبن وەچەئاڕاستەی یەکتری دەکەن و(X)یش بەسەر هەردووکیاندا زاڵە، وەك:




٣- سەرچاوەی پێشوو: ٢٤١.

سینتاکسیی تایبەت، کە زۆر ئەبستراکتە  لە نێوان  دەسەڵاتدار(Covornor)و ئەو ئایتمەی، کە لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە[1]. لە پەیوەندیی دەسەڵاتداریدا دوو چەمکی سینتاکسی ڕەسەن هەن، کە بریتین لە چەمکی زاڵبوون(Domination ) بەو واتایەی لە هێڵکاریی درەختیی چ یەکەیەك لەژێر یەکەیەکی تر جێگیر دەبێت، و چەمکی خوشکایەتی( Sister hoodKfm )بەو واتایە دێت، کە چ یەکەیەك لە تەنیشت /لەدوای  یەکەیەکی ترەوە، یان لەگەڵیدا بەکاردێت[2].

ئەوەی لێرەدا گرنگە دیاریکردنی کەرەستەی حوکمکەرە بەسەر کەرەستەکانی تردا و دیاریکردنی ئەرك و جێکەوتەی کەرەستەکان بە هۆی ئەو دەسەڵاتەی، کە کەرەستە حوکمکەرەکە هەیەتی بەسەر کەرەستە حوکمکراوەکاندا. تیۆری حوکمکردن پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ لقە تیۆرییەکانی تردا هەیە.  پەیوەندییەکانی پێکهاتەکان لەنێوان یەکتردا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دیارە و یەکێك لە کەرەستەکان زاڵە بەسەر ئەوانی تردا و دەسەڵاتی هەیە بەسەریاندا، بۆ نموونە فرێزێکی وەك (X) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زاڵ دەبێت بەسەر فرێزەکانی وەك (A) و (B)، ئەمە بەڕوونی لە هێڵکاریی درەختیدا دیارە، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١)؛



هێڵکاریی ژمارە (١)

لە هێڵکارییەکەوە چەمکی زاڵبوون و خوشکایەتی ڕووندەبێتەوە و پەیوەندییەکی خێزانی لە نێوانیاندا هەیە، ئەگەر (X) دایکی (A) و(B)بێت، ئەوا (A) خوشکی (B)یە و (D) خوشکی (C)یە، سەرجەمیشیان کچی هەمان دایکن و (X) جێکەوتەی مەزنە و زاڵە بەسەریاندا و (B)یش زاڵە بەسەر (D) و (C)دا.

وەك باسمان کرد چۆمسکی لە(GB)دا چەمکی حوکمکردنی بە سەرە (head)ەوە بەستەوە واتە تەنها سەرەکان دەتوانن حوکم بکەن، کەواتە بە پێی تیۆری حوکمکردن: A حوکمی B دەکات، ئەگەر A بچوکترین فرێز بێت، کە وەچەئاراستەی B دەکات و ئەگەر لە نێوان A و Bدا هیچ سنورێکی گەورەترین پڕۆژە نەبێت  و هیچ بەربەستێك لە نێوانیاندا نەبێت..

لە ڕستەدا INFL حوکمی ئارگۆمێنتە دەرەکییەکە دەکات و کات Tens دۆخی بکەریی دەدات بە شوێنی کەرەستەی دەرەکییەکە، (( ڕستە، گەورەترین پڕۆژەی ( INFL )ە، بۆیە INFL سەری

---

١- ئەمیر مستۆ محەمەد(٢٠٠٩: ٥٨)  .

٢- مهدی مشکوه الدینی (١٣٨٦: ٢٦٥- ٢٦٦).

ڕستەیە، فرێزی كاری گەورەترین پرۆژەی كارە. فرێزی پێشناوییش گەورەترین پرۆژەی پێشناوە سینتاكسییەكانە))[1]. پەیوەندیی نێوان سەری حوكمكەرو تەواوكەرەكانی بە دروستەی هەرەمییەوە دەبەسترێتەوە[2]، وەك لە خوارەوە ڕوونكراوەتەوە و بەشێوەی هێڵكاریش خراونەتە ڕوو:

١- حوكمكردنی(NP)لەلایەن ڕەگی كارەوە، بڕوانە هێڵكاریی ژمارە(٢):




**هێڵكاریی ژمارە(٢)**

٢- حوكمكردنی (NP)لەلایەن پێشناوەوە، بڕوانە هێڵكاریی ژمارە(٣):




**هێڵكاریی ژمارە(٣)**

٣- حوكمكردنی (NP) لەلایەن(INFL)كات و كەسەوە، بڕوانە هێڵكاریی ژمارە(٤):




**هێڵكاریی ژمارە(٤)**

---

١- محەمەدیی مەحویی (٢٠٠١ : ١٦٠).

٢- عەبدولجەبار موستەفا مەعرووف (٢٠٠٩ : ١٧).

لە هێڵکاریی ژمارە(٢)دا (V) پەیوەندیی خوشکایەتی لەگەڵ (NP)ەکەدا هەیەو بووەتە سەری حکومکەر بۆ(NP)، لە کاتێکدا ($\bar{V}$) بەسەرهەریەك (NP) و (V) دا زاڵە. کەواتە ڕەگی کار(V) حوکمی ئارگومێنتێکی ناوەکیی دەکات و ($\bar{V}$)یش وەك پرۆژەیەکی گەورە بەربەستی پێدانی دۆخە بە ئارگومێنتێکی دەرەکی. بۆیە وەك لە هێڵکاریی ژمارە (٤)دا دیارە (VP) بەهۆی ($\bar{I}$)ەوە حوکمی ئارگومێنتە دەرەکییەکەی کردووە و هیچ بەربەستێك لە بەردەمیدا نییە. وەك لە هێڵکاریی ژمارە (٣)دا دیارە، پێشناو دۆخی ڕێزمانیی بە فرێزێکی ناویی داوەو بەربەستیشە لەبەر دەم ڕەگی کاردا، بۆیە ڕەگی کار(V) دەسەڵاتی حوکمکردنی بەسەر ئەم فرێزە ناوییەدا ناشکێتەوە.

بە پێی ئەو ڕوونکردنەوانەی لە خاڵی (١، ٢، ٣)دا خرانەڕوو، دەتوانرێت بگوترێت، کە لە زمانی کوردییدا ڕەگی کار و پێشناو و (INFL)(کات و کەس) سەری حوکمکەرن و دۆخی ڕێزمانی جیاواز بە ئارگۆمینتەکان دەبەخشن. جگە لەوانەش لەناو دروستەی فرێزەکاندا دیارخەرو ئاوەڵناو و ناو و جێناوە سەربەخۆکانیش سەری ڕێزمانیین و دۆخ بە ناو دەدەن و کۆتایی دەگرن. ((زمانی کوردیی لە دروستەی فرێز و ڕستەکانیدا ڕێسای سەرکۆتایی جێبەجێدەکات. بە پێچەوانەشەوە پێشناوە سینتاکسییەکان سەرسەرەتایین. بەو پێیە زمانی کوردیی دوو ئاراستەی حوکمکردنی هەیە، ڕاست بۆ چەپ و چەپ بۆ ڕاست))[1].بۆ نموونە لە فرێزی پێشناوییدا(PP)حوکمکردن لە ڕاستەوە بۆ چەپە، بەشێوەیەك پێشناوەکە حوکمی ناوەکە دەکات، بەڵام حوکمکردنی کار لە ڕستەدا لە چەپەوە بۆ ڕاستە و حوکمی بکەر و بەرکار دەکات لە ڕستەدا. بڕوانە نموونەی(١):

(١) زاڕۆڵەکە بەدەس نان مۆەڕۆ. (منداڵەکە بە دەست نان دەخوات.)

لە نموونەی (١) دا کارەکە (مۆەڕۆ) کارێکی تێپەڕە و پێویستی بە بکەر و بەرکار هەیە و حوکمیان دەکات، لەو نموونەیەدا ڕەگی کارەکە حوکمی بەرکاری ڕاستەوخۆ (نان) و بەرکاری ناڕاستەوخۆ (بەدەس)، بکەر (زاوڵەکە) لە چەپەوە بۆ ڕاست دەکات.

فرێزە پریپۆزیشنەکەش(PP)لە ڕستەکەدا حوکمکردنەکەی لە ڕاستەوە بۆ چەپە وەك لەم شێوەی خوارەوەدا دیارە: بە دەس



لەو (PP)یەدا P حوکمیNP دەکات لە ڕاستەوە بۆ چەپ، ئەمەش بە پێچەوانەی حوکمکردنی کارەوەیە.

---

١- عەبدولجەبار موستەفا مەعرووف (٢٠٠٩ : ١٨).

## ٢-١/١) تیۆریی دۆخ Case Theory:

لقە تیۆرییەکی حوکمکردن و بەستنەوەیە، مەودای کارکردنی لە چوارچێوەی دەسەڵات و بەستنەوەدایە و دەکەوێتە دروستەی ڕوکەشی ڕستە، واتە لە دروستەی ڕووکەشدا دۆخ بە کەرەستەکان دەدرێت، دۆخ سیستەمێکی جیهانییە و لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بوونی هەیە، (تیۆریی دۆخ مێژوویەکی کۆنی هەیە لە ڕێزمانی کۆندا دۆخ بەیەکێك لە جۆرەکانی پەیوەندیی ڕێزمانی دادەنرا، پەیوەندی ڕێزمانیش لەڕێی ڕیزبوونی وشە و ڕێککەوتن و نیشانەکانی دۆخەوە دیاریدەکرا، کە لە هەندێك زماندا دۆخ هەبووە و لە هەندێك زمانی تردا دۆخ نەبووە).[1] واتە ((لەهەندێك زماندا لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە دەردەکەوێت و لە هەندێك زمانی تردا دەرناکەوێت و ئەبستراکتە))[2]لە سەرەتاکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنانیشدا دۆخ تەنها بە پێکهاتی مۆرفۆلۆجی دادەنرا، کە لە لایەن یاسایەکەوە دەدرا بە ئایتمە فەرهەنگیەکان، بەڵام ((یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی دۆخ لە(GB)دا دۆخی ئەبستراکتە Abstract Case، کە بواری دەرکەوتنی دۆخ بە هەموو فرێزێکی ناوی NP دەدات و هەموو ناوێك لە دەرەوەی ئەرکە سینتاکسییەکەیدا دۆخێکی گشتی هەیە، واتە شوێن و ئەرکەکەی لە ڕستەدا تایبەت بوون دەدات بە دۆخەکە، دۆخی ئەبستراکت سیستەمێکە بەسەر هەموو زمانەکاندا جێبەجێ دەکرێت))[3]. لەگەڵ ئەوەدا کە (چۆمسکی لە یەکەم تێڕوانینی بۆ دیاری کردنی دۆخ وای بۆچووە، کە تایبەتمەندییەکی هەموو فرێزە ناوییەکانە، بەشێوەیەك وەك یەك نیشانە دەکرێن، هەتا ئەگەر هەندێکیشیان شێوەی فۆنەتیکیشیان نەبێت. ئەم سیستەمی دۆخە جیهانییە لە هەموو زمانەکاندا هەیە، بەڵام ئەوەی بۆ دۆخ و هەر زمانێك گرنگە پەیڕەو کردن و جێبەجێ کردنیەتی بەسەر زمانە تایبەتییەکەدا، واتە سنوردانانە لەنێوان دۆخی نا بەرجەستەیی و دۆخی خاوەن نیشانەی مۆرفۆلۆجی، کە لە زمانە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی جیاواز دەبینرێن)[4]. ((زاراوەی دۆخیش ئاماژە بۆ فۆڕمە جیاوازەکانی فرێزێکی ناوی و هەندێك جاریش بۆ جۆرە پێکهێنەرەکانی تری وەك فرێزی ئاوەڵناویی دەکات و دەکەوێتە سەر ئەرکی ڕێزمانی فرێزەکە، وەك : دۆخی نۆمینەتیڤیNominative، کە بە بکەر، دۆخی ئەکۆزەتیڤی Accusative بە بەرکاری ڕاستەوخۆ، دۆخی داتیڤیDative بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەدرێت))[5]. لە زمانە ئەرکییەکاندا*،

---

١- تارا موحسین قادر (٢٠١١: ٤٠).

٢- سەباح ڕەشید قادر( ٢٠٠٩: ٧٤).

٣- هەمان سەرچاوە: ٧٥ و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون.

٤- (Culicover(١٩٩٧:٢٤-٢٥),-Yousif(٢٠٠٧:٣٠-٥٨

٥- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٨٧).

*زمانە ئەرکییەکان Inflecting Language وشەکانی زیاتر لە مۆرفیمێکی تیدایە و ئەرکە سینتاکسییەکان دۆخەکان دەریاندەبڕن.

پەیوەندییە سینتاکسییەکان بەهۆی دۆخەکانەوە دەردەبڕڕێن، کە دەرکەوتن و ناسینەوەیان لە ڕستەدا، بەهۆی نیشانە، یان ڕیزبوونی کەرەستەکان و پڕکردنەوەی چاڵەکان دەبێت[١]. وەك ئاماژەمان پێدا مەودای کارکردنی تیۆری دۆخ لە چوارچێوەی دەسەڵات و بەستنەوەدا دەکەوێتە دروستەی ڕوکەشی ڕستە(SS).

### ١-٢-١/١) پێدانی دۆخ Case Assigner:

بەگشتی دۆخی هەر فرێزێکی ناوی لە لایەن سەرەی ئەو کەرەستەیەوە دەدرێت، کە فرێزە ناوییەکە بۆی بووە بە تەواوکەری ((بەپێی تیۆری دۆخ تەنها سەرەکان، کە لە کوردیدا (ڕەگی کار، پێشناو، کات و کەس)ن لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان سەر و تەواوکەردا دۆخی ڕێزمانی بە تەواوکەرەکانیان دەدەن))[٢]. بۆ نموونە: IP دۆخی بکەری بە بکەر دەدات، چونکە دۆخ لە ژێر کۆتبەندی دەسەڵاتدا(حوکمکردن) دەدرێت، بەمەش هەر کەرەستەیەك دەتوانێت دۆخ بەو تەواوکارە بدات، کە دەسەڵاتی بە سەریەوە هەیە، ( IP حوکمی بکەر دەکات، کاریش تەنیا حوکمی تەواوکارەکەی دەکات بەپێی مەودای C-Command وەچە ئاڕاستەکردن، بەمەش کار دۆخی بەرکاری دەداتە تەواوکەرەکەی، بەڵام بکەر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی(VP)ییەوە دەستپێدەکات، دەبێت بەهۆی کاری (V)یەوە حوکمبکرێت، بەڵام کار دۆخ بە تەواوکەرەکەی دەدات، چونکە بەپێی مەرجی هاوسێیەتی کار دەتوانێت دۆخ بە نزیکترین NP بدات ئەویش تەواوکەرەکەیەتی)[٣]. بڕوانە(٢) و هێڵکاریی ژمارە(٥):

(٢) تۆ شیرینێ کیانی. (تۆ شیرین دەنێریت.)




هێڵکاریی ژمارە(٥)

---

١- بڕوا ڕەسول ئەحمەد (٢٠١١ : ٦).

٢- ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩ : ٨٣).

٣- سەباح ڕەشید قادر(٢٠٠٩ : ٨٢).

کەواتە، هەر کەرەستەیەکی سینتاکسی دۆخ بدات، خۆی دۆخ وەرناگرێت((چونکە دۆخی ڕێزمانی ناتوانرێت بدرێت بە پۆلە ڕەگەزێك، کە ئەدگاری دۆخ پێدەری هەبێت))[1]. پێدانی دۆخ لەلایەن سەرەیەکی ئەرکییەوە دەبێت سیمای سەرە ئەرکییەکە بخاتەڕوو. بۆ نموونە سیماکانی ڕێککەوتن لە (I)دا دەبێت دۆخی بکەریی بدات بە بکەرەکە، پێدانی دۆخ لەلایەن ئەو سەرە فەرهەنگییەوە دەبێت، کە حوکمی دەکات، ئەم ئاڕاستەکردنە دەبێتە پێوەرێك بۆ هەموو زمانەکان.[2] لە ڕستەدا لە نێوان فرێزی ناوی و فرێزی ئاوەڵناوی و فرێزی پێشناوی و فرێزی کاریدا تەنها کار لە فرێزی کاریدا و پێشناو لە فرێزی پێشناویدا دەتوانن دۆخ بدەن بەو فرێزە ناوییەی کە لەگەڵیاندایە، کار و پێشناویش لە ڕووی سیما سینتاکسییەکانیانەوە یەك ڕووی هاوبەشیان هەیە، سیماکانی کار بریتین لە [–N, +V]

، سیماکانی پێشناویش بریتین لە [–N, -V] ، هەر بۆیە بەپێی تیۆری دۆخ چەند یاسایەك دیاریدەکرێت بۆ پێدانی دۆخ بە فرێزی ناوی، لەو یاسایانەش:[3]

١- ئەو فرێزە ناوییەی لەژێر حوکمی کات و کەسدایە لە دۆخی بکەریدایە.

٢- ئەو فرێزە ناویەی لەژێر حوکمی کاردایە لە دۆخی بەرکاریدایە.

٣- ئەو فرێزە ناویەی لەژێر حوکمی پێشناودایە لە دۆخی بەرکاری ناڕاستەخۆدایە.

٤- ئەو فرێزە ناویەی لە ڕۆنانی ($\bar{X}$, NP) دایە دۆخی خستنەپاڵ وەردەگرێت.

## ٢-٢-١/١) پاڵێوەری دۆخ Case filter:

یاسایەکە لە لایەن تیۆری دۆخەوە داوادەکرێت، هەموو فرێزێکی ناوی NP دەرکەوتوو لە دروستەی ڕوکەشدا(SS) پێویستە بە پاڵێوەری دۆخدا تێپەڕیبێت. ئەو مەرجەی پێویستە بۆ دەربڕین و دیاریکردنی دۆخ ئاماژە بە پاڵێوەری دۆخ دەکات. ((پاڵێوەرەکە داوا دەکات، کە دەبێت بە هەر فرێزێکی ناوی دۆخێکی ڕێزمانی درابێت، لەبەر ئەمەیە فرێزی ناوی نادروست دەبێت NP* ئەگەر ئەم فرێزە ناوەڕۆکی فۆنەتیکی هەبێت و دۆخی ڕێزمانی پێنەدرابێت))[4]. واتە ئەو فرێزە ناویانەی دەرکەوتنی فۆنەتیکییان هەیە دۆخ وەردەگرن، ئەگەر فرێزێك دەرکەوتنی نەبوو لە پاڵێوەری دۆخ دەرناچێت و پێویستی بە دۆخ نییە. بڕوانە(٣):

---

١- محمەدی مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەرحسێن (٢٠١٠ : ٤٣).

٢- سەلاح حەویز ڕەسوول(٢٠١٤: ٥٩).

٣- هەمان سەرچاوە: ٦٣ و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون.

٤- محەمەدی مەحوی (٢٠٠١ : ٣٥).

(٣) أ- من گجیەکەم جە شیرینێ هۆرگێرت . (من کراسەکەم لە شیرین وەرگرت.)

ب- من گجیەکەم ⦰ هۆرگێرت. (من کراسەکەم ⦰ وەرگرت.)

لە نموونەی (٣-أ)دا NP لە PPیەکەدا دۆخی وەرگرتووە، بەڵام لە نموونەی (٣-ب)دا ، لەبەرئەوەی NP یەکە دەرکەوتەی فۆنەتیکی نییە دۆخی وەرنەگرتووە و پێویستی بە دۆخ نییە. ئەو پێوانەیەی بەرپرسیارە لە دڵنیابوون لەوەی، کە هەموو فرێزێکی ناوی دەرکەوتوو لە ڕستەدا بە خاوەنی یەکێك لە تایبەتمەندییە ئەبستراکتەکان پێی دەوترێت دۆخەکان، وەك : نۆمینەتیفیNominative و ئەکوزەتیفی Accusativeو گێنتیفی Genitive(خستنەپاڵ)، کەلە لایەن پاڵێوەری دۆخەوە داواکراوە[1]. نەبوونی دۆخ بۆ هەر فرێزێکی ناوی ڕستەی ناڕێزمانی بەرهەم دێنێت، کەواتە پاڵێوەری دۆخ مەرجی سەرەکی دروستی ڕستەیەکە لە ڕووی هەبوونی دۆخ و ڕێزمانی بوونیەوە[2]. بڕوانە(٤) :

(٤) أ- من ئازادی وینوو . (من ئازاد دەبینم.)

ب- * من وینوو (* من دەبینم.)

لە (٤-أ)دا دۆخی ڕێزمانی دراوە بە تەواوکەرەکە، بەڵام لە(٤-ب)دا ڕستەکە نادروستە، چونکە بەپێی پاڵێوەری دۆخ، دۆخی وەرنەگرتووە.

### ٣-٢-١/١) نیشانەکانی دۆخ Case Signals:

بەپێی تیۆریی دۆخ هەموو فرێزێکی ناویی، کە ڕۆنانێکی دیاریکراو و ناوەرۆکێکی فۆنەتیکی هەبێت دۆخێکی هەیە، دەکرێت ئەو نیشانەی دۆخە دیاربێت، یان نادیار.[3] ((نیشانەکانی دۆخ لە هەورامیدا زۆرجار لە شێوەی مۆرفیمێکی تایبەت لەسەر کەرەستەکانی ڕستە دەردەکەون))[4]لەو شوێنانەدا، کە ناو لە فرێزی ناویدا نیشانەی دۆخ وەردەگرێت، ئەگەر لە بری ناوەکە جێناوی سەربەخۆ بوو، کە جێی فرێزی ناوی دەگرێتەوە بە هەمان شێوە نیشانەی دۆخ وەردەگرن، بەڵام تەنها کەسی سێیەم بەشێوەی مۆرفێم نیشانەی دۆخی لەسەر دەردەکەوێت و لە کەسی یەکەم و دووەمدا نیشانەی دۆخەکە لە ناو جێناوەکەدا دەشکێتەوە، هیچ دەرکەوتەیەکی مۆرفۆلۆجی نییە، نیشانەکانی دۆخیش بریتین لە((/-ی /بۆ نێر ،/- ێ/ بۆ مێ ،/- ا /بۆ کۆی هەردووکیان))ە[5] بڕوانە(٥) و (٦):

---

١- Trask(١٩٩٣:٣٦)

٢- بڕوا ڕەسول ئەحمەد (٢٠١١ : ٤٤).

٣- Chomsky (١٩٨٦ : ٦) لە (ئازاد ئەحمەد حسەین : ٢٠٠٩ : ٧٨) وەرگیراوە.

٤- فەرەیدوون عەبدول محەمەد ، (٢٠١٣ :٦).

٥- فەرەیدوون عەبدول محەمەد، (١٩٩٨ :٩٥).

(٥) أ- ئازادی (ئازاد)
ب- شیرینێ (شیرین)
پ- زاوڵەکا (مناڵەکان)

(٦) منØ (من) ئێمەØ (ئێمە)
تۆ Ø (تۆ) شمەØ (ئێوە)
ئاڎی (ئەو) ئاڎێشا (ئەوان)
ئاڎێ

لەنموونەکانی (٥-أ، ب، پ)دا نیشانەی دۆخ بەشێوەی مۆرفیمی دیار دەرکەوتووە، بەلاّم لە نموونەکانی (٦)دا تەنها لە کەسی سێیەمدا بەشێوەی مۆرفیم دەرکەوتووە. ئەگەر چی نیشانەی دۆخەکە دیاربێت، یان نادیار ئەوا بەرجەستە دەبێت، بەلاّم ئەگەر فرێزە ناوییەکە مۆرفیمی دۆخی وەرنەگرت ((ئەوا مۆرفیمی توخم جێییان دەگرێتەوە)).[1] و بەپێی توخمی ناوەکە نیشانەیەك وەردەگرێت، کە لە(٥/١)دا نیشانەکانی توخم ڕووندەکەینەوە، نیشانەکانی دۆخیش لەسەر فرێزە ناوییەکە بە پێی ئەرکی سینتاکسی و جێکەوتەی فرێزەکە لە ڕستەدا دەردەکەوێت.

## ٤-٢-١/١) جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانی

دۆخی ڕێزمانیی کەتیگۆرییەکی گراماتیکییە، کە پەیوەندییە سینتاکسییەکانی، پێکهاتووە سینتاکسییەکان ڕێکدەخات. هەروەها پەیوەندیی نێوان کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی ڕستە، یان کارو ئارگومێنتەکانی نیشاندەدات[2]. بەپێیGBو تیۆریی دۆخ، دوو جۆر دۆخی ڕێزمانیی هەیە:

### ٤-٢-١/١-١) دۆخی بنجی (Inherent case):

بریتییە لەو دۆخەی، کە بەپێی شوێنی فرێزە ناوییەکان لە دروستەی قوڵ(DS)ی ڕستەدا بە چەند ئارگۆمینتێکی تایبەت دەدرێت پێش ئەوەی بگواسترێتەوە بۆ دروستەی ڕوکەش(SS)ی ڕستە[3]. واتە لە دروستەی قوڵدا دۆخەکە وەردەگرێت. (دۆخی بنجی لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە واتاییەی نێوان فرێزی ناوی و فرێزی کاریدا دەدرێتە پاڵ فرێزی ناوی، پێدانی دۆخی بنجیش پشت بە دوو مەرج دەبەستێت ڕۆڵی بابەتانە و دەسەلاّت)[4]، بۆ نموونە لە کەرتی یەکەمی کارە لێکدراوەکان لە دروستەی قوولدا ڕۆڵی بابەتانەی بکەر، یان بەرکاری پێدەدرێت و هەروەها دۆخی ڕێزمانی بنجیشیان پێدراوە[5]، بڕوانە(٧) :

(٧) أ- نما کەرۆ. (نوێژ دەکات.)
ب- نەهەش کۆت. (ناوکی کەوت.)

---

١- فەرەیدوون عەبدول محەمەد ، (٢٠١٣ :٥).
٢- محەمەدی مەحویی (٢٠٠١ : ٣٤).
٣- Cook and Newson, (١٩٩٧ :٢٢٦)
٤- سەلاّح حەوێز ڕەسولّ (٢٠١٤ : ٦٩).
٥- بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی دۆخی کەرتی یەکەمی کارە لێکدراوەکان بڕوانە: ئازاد ئەحمەد حسێن ( ٢٠٠٩: ٧٩- ٨٠).

### ١/١-٢-٤-٢) دۆخی دروستەیی (Structural case)؛

بریتییە لەو دۆخەی، کە لە دروستەی ڕوکەشی ڕستەدا بەپێی شوێنی فرێزە ناوییەکە بە ئارگۆمێنتەکان دەدرێت، واتە ڕستە پاش جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە بۆ دروستەی ڕووکەش و چالاکبوونی کار لەلایەن کات و کەسەوە، ئەو کاتە، کار پەیوەندیی لەگەڵ ئارگومێنتەکانیدا دروستدەکات و دۆخەکە لەسەر فرێزە ناوییەکە دەردەکەوێت[١]. لە شێوەزاری هەورامیدا سیستەمی دۆخ بەشێوەیەکی جیاواز دەبینرێت و پەیڕەو دەکرێت، لەبەرئەوەی((زۆربەی دۆخە ڕێزمانییەکان بە مۆرفیێم دەردەکەون و هەندێکیشیان نادیارن و دەرناکەون. بوونی دۆخ بەدیارو نادیارەوە، دیاردەیەکی بەڵگەنەویستە هەروەك تیۆرەکەش بۆ هەموو زمانەکان سەلماندوویەتی))[٢]. دۆخی ڕێزمانیی دروستەیی چەند جۆرێکی لێ دیاریدەکرێت:

### ١/١-٢-٤-٢-١) دۆخی بکەریی (Nominative case)؛

لە جێکەوتەی بکەریدا فرێزی ناوی دۆخی بکەریی پێدەدرێت، بەڵام لە شێوەزاری هەورامیدا هیچ مۆرفیێمێکی دۆخی بکەریی نییە و فرێزی ناوی بکەریی مۆرفیێمی دۆخی لەسەر نییە، بڕوانە(٨) :

(٨)　أ / نێر : کاروان⊘ نانش وارد⊘⊘.　　( کاروان نانی خوارد.)

ب /مێ : شیرینە نانش وارد⊘⊘.　　( شیرین نانی خوارد.)

پ/ کۆ : ئاڎێ نانشا وارد⊘⊘.　　( ئەوان نانیان خوارد.)

لە (٨- أ، ب، پ)دا کاری ڕستەکە ڕابردووە، بکەرەکان مۆرفیێمی توخمیان لەسەرە لە(٨-أ)دا مۆرفیێمی توخم( ⊘)یە و لە (٨-ب)دا مۆرفیێمی توخم(ـە) و لە (٨-پ)دا مۆرفیێمی توخم نییە، چونکە بکەر کەسی سێیەمی کۆیە، بەڵام ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە ڕانەبردوو بێت، بەرکار دەکەوێتە دۆخەوە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت، بڕوانە(٩):

(٩)　کوڕەکە شیعرەکێ منویسۆ.　　(کوڕەکە هۆنراوەکە دەنوسێت.)

### ١/١-٢-٤-٢-٢) دۆخی بەرکاریی (Accusative case ) ؛

ئەم جۆرە دۆخە لەلایەن ((ڕەگی کاری تێپەڕەوە بە جێکەوتەیەکی ناوەکی دەدرێت، کە دەشێت لە دروستەی فرێزێکی ناوییدا NP، یان لە دروستەی فرێزێکی پێشناوییداPP، یان لە دروستەی ڕستەیەکدا بێت))[٣]. دۆخی بەرکارییش دەکرێت بە دوو جۆرەوە :

---

١- Cook and Newson, (١٩٩٧ :٢٢٦)

٢- مەهاباد کامیل عەبدوڵلا (٢٠١٠ : ١٥).

٣- عەبدولجەبار موستەفا مەعروف (٢٠٠٩ : ١٠).

**أ- دۆخی بەرکاریی ڕاستەوخۆ:**

ئەم جۆرە دۆخە لە لایەن ڕەگی کارەوە بە فرێزی ناوی دەدرێت، ئەگەر حوکمکردنەکەی لە لایەن کارەوە بێت، کەبەدروستەیی حوکمدەکرێت، لەم شێوەزارەدا دەشێت دارشتەیەکی دیار، یان نادیاری هەبێت، کە دۆخی ڕێزمانیی بە فرێزێکی ناوی دەدرێت، لەشوێنی خۆیدا بێت[1].

مۆڕفێمی دۆخ لەسەر هەموو بەرکارێکی کاری تێپەڕی: ڕانەبردوو ( ئێستا و داهاتوو)، ڕابردووی هەواڵی بەردەوام، فەرمان/داخوازی، دەردەکەوێت. بەرکاریش دەبێت ((ناسراو، یان ناوی تایبەتی، جێناوی کەسیی نەلکاو، جێناوی نیشانەی لە پێشەوە بێت، بەلأم ئەگەر بەرکار ناوێکی گشتی، یان نەناسراو بێت ئەوا مۆڕفێمی دۆخ وەرناگرێت))[2]، هەر لەبەرئەوە ئەمانە ((مارکەی دۆخی ڕێزمانییان لێدەدرێت بەشێوەیەکی دروستەیی لە لایەن دۆخ بەخشەکانەوە، کە سەری ڕێزمانین حوکمی دۆخی ڕێزمانیی دەکەن))[3]. بڕوانە(١٠):

(١٠) أ- مـن ئاكـاری/ شـەونمێ كیانـای كیـانوو پـەی هـەولێری. ( مـن ئاكار/شـەونم دەنێـرم بـۆ هەولێر.)

ب- شمە كامەرانی/كیژانێ مشناسدێ. (ئێوە کامەران/ کیژان دەناسن.)

پ- تۆ گجیەكەی بسانە. ( تۆ کراسەکە بکڕە.)

ت- من نامەكا نویسێنێ. (من نامەکانم دەنووسی)

**ب- دۆخی بەرکاریی ناڕاستەوخۆdative case :**

ئەم دۆخە لەلایەن پێشناوە سینتاکسییەکانەوە* بە فرێزێکی ناویی دەدرێت. کار لەیەك کاتدا ناتوانێت دوو دۆخی ڕێزمانی بە دوو فرێزی ناویی بدات، بۆیە لە ڕێی پێشناوە سینتاکسییەکانەوە دۆخ بە فرێزی ناویی دووەم دەدرێت. حوکمکردنەکەش لە لایەن پێشناوەوە دەبێت، واتە پێشناوەکە حوکمی ناوەکەی دوای خۆی دەکات. بڕوانە(١١):

(١١) تۆ گجیەكەت بە ڕەوەندی/بەفرینێ دا. ( تۆ کراسەکەت بە ڕەوەند/بەفرین دا.)

**٣-٢-٢-٤-٢-١/١) دۆخی دیارخەری (خاوەنێتی خستنەپاڵ) Genitive Case :**

ئەم دۆخە بەو ناوانە دەدرێت، کە لە ناو فرێزی ناویی، یان فرێزی DP دەبن بە دیارخەر بۆ سەرەی فرێزەکە و لەلایەن سەرەی فرێزەکەوە دۆخی دیارخەرییان پێدەدرێت، بڕوانە(١٢):

---

١- فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٩٨:٨٧).

٢- هەمان سەرچاوە: ٨٧-٨٨.

٣- مەهاباد کامیل عەبدوڵلا (٢٠١٠ : ١٧).

* پێشناوەکان لەم شێوەزارەدا ، وەك ( پەی ، جە ، بە ، تا ، بێ، پێسە ، ....).

(١٢)　أ- تاتۆ ئاڎێ/ئەلەندی لوا پەی بازاڕی .　　　(باوکی ئەو/ئەلەند چوو بۆ بازاڕ.)

ب- یانەکە و ئاڎێ/بەفرینێ وەشا.　　　(خانوەکەی ئەو/ بەفرین خۆشە.)

## ٣-١/١) حوکمکردن و پێدانی دۆخی ڕێزمانیی

پێدانی دۆخی ڕێزمانیی پەیوەستە بە شوێنی سینتاکسیی، کە فرێزە ناوییەکان داگیری دەکەن، ئەوەی کە سیماکانی دۆخ دیاریدەکات، پێشی دەوترێت پێدانی دۆخ Case assignment. فرێزی ناوی دۆخەکەی لەو کەتیگۆرییەوە وەردەگرێت، کە حوکمی دەکات[1]. لە(GB)دا پێدانی دۆخ بە ئەلەمێنتەکان (بەش/ڕەگەز)ەکان لە لایەن (سەرە)وە دەبێت، هەروەها حوکمکردنیش هەر لە لایەن (سەرە)وە دەبێت، کەواتە کاتێك ئەلەمێنتێك وەردەگرێت، کە پێشتر لە لایەن هەمان (سەرە)وە حوکمکرابێت، بۆ نموونە بەرکار کاتێك دۆخی ئەکوزەتیف لە لایەن کارەوە وەردەگرێت، کە پێشتر لە لایەن هەمان سەرەوە حوکمکرابێت، واتە دۆخی ڕێزمانی بەبێ حوکمکردن نابێت، ئەمەش یەکێکە لە داهێنانەکانی(GB)[2]. مەودای کارکردنی دۆخ لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدایە، وەك ئاماژەمان پێدا لەلایەن کەرەستەیەکەوە، بە فرێزێکی ناویی دەدرێت، ئەو کەرەستەیەش سەری ڕێزمانییە، کە توانای حوکمکردنی هەیە، حوکمکەرەکانیش (ڕەگی کار و پێشناو و INFLکات و کەس )، کە ((سەری ڕێزمانین و دەتوانن حوکم بکەن لە ڕستەدا، دۆخ لە لایەن ئەو کەتیگۆریەوە بۆ VP یەك دیاری دەکرێت، کە حوکمی دەکات))[3]. لەشێوەزاری هەورامیشدا هەر فرێزێکی ناویی، لە ڕۆنانیدا نیشانەی دۆخی ئاشکرا یان نائاشکرا دەبێت، دۆخی ڕێزمانی وابەستەی دروستەیە. دۆخ بە هۆی نزیکترین حکومکەرەوە بەNP دەبەخشرێت کەA دەسەڵاتی بەسەرB دا دەبێت و A سەرەیە و نابێت هیچ کۆسپێك لە نێوان A و B دا هەبێت. کەواتە دۆخی ڕێزمانی لە دروستەی ڕوکەشدا لە لایەن (سەرە)کانەوە بە فرێزە ناویی و دیارخەریەکان دەدرێت، لەژێر پەیوەندیی حوکمکردندا.

لە شێوەزاری هەورامیدا دۆخە ڕێزمانییەکان بە شێوەی مۆرفێم دەردەکەون، بەڵام هەندێك جار فۆڕمی نییە و نادیارە، کاتێك کە دۆخەکە بەشێوەی مۆرفێم دەربکەوێت. بڕوانە(١٣)، (١٤)، کە نیشانە و پێدانی دۆخ و جۆری دۆخە ڕێزمانییەکەش دیاریکراوە :-

(١٣)　أ- ئازادۆ نان وەرێۆ.　　　(ئازاد نانی دەخوارد .)

ب- نەسرینە نان وەرێۆ.　　　(نەسرین نانی دەخوارد.)

پ-ئادێ نان وەرێنێۆ.　　　(ئەوان نانیان دەخوارد.)

---

١- سەلاح حەوێز ڕەسوول (٢٠١٤ : ٥٩).

٢- تارا موحسین قادر(٢٠١١ : ٤٤).

٣- تارا موحسین قادر (٢٠٠٤:٣٣).

(١٤)  أ- ئازاد کوڕەکەی کیانۆ.              (ئازاد کوڕەکە دەنێرێت.)
ب-نەسرینە کناچەکێ کیانۆ.              (نەسرین کچەکە دەنێرێت.)
پ-ئادێ کوڕەکا کیانا.              (ئەوان کوڕەکان دەنێرن.)

لە نموونەکانی (١٣)دا ($NP$ )ەکان، مۆرفێمی دۆخی ڕێزمانییان وەرنەگرتووە و نەکەوتونەتە دۆخەوە، چونکە کاری ڕستەکان ڕابردووی هەواڵی بەردەوامن و لە ڕەگی ڕانەبردووەوە وەرگیراون، بەڵام لە نموونەکانی (١٤)دا فریزە ناویەکانی ناو فریزی کاری کەوتونەتە دۆخەوە و بەپێی توخم و ژمارەی فریزە ناوییەکەی ناو فریزە کارییەکە مۆرفێمی دۆخیان وەرگرتووە.
جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانی و دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی مۆرفێمەکانی دۆخ لە شێوەزاری هەورامیدا لە خشتەیەی ژمارە(١)دا ڕووندەکەینەوە[1].

| جێکەوتەی سینتاکسی | مۆرفێمی دۆخ | | | نموونەی ڕستە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| بکەر | — | — | — | ئازاد وەنیش وارده.<br>(ئازاد قەزوانی خوارد.) | نەسرینە وەنیش وارده.<br>(نەسرین قەزوانی خوارد.) | کناچەکێ وەنیشا وارده.<br>(کچەکان قەزوانیان خوارد.) |
| بەرکاری ڕاستەوخۆ | -ی | -ێ | -ا | من کوڕەکەی کیانوو.<br>(من کورەکە دەنێرم.) | من کناچەکێ کیانوو.<br>(من کچەکە دەنێرم.) | من کوڕەکا/کناچەکا کیانوو.<br>(من کوڕەکان/کچەکان دەنێرم.) |
| بەرکاری نا ڕاستەوخۆ | -ی | -ێ | -ا | ئێمە زەڕەکەما پەی محەمەدی کیاست.<br>(ئێمە پارەکەمان بۆ محمد نارد.) | ئێمە زەڕەکەما پەی گەلاوێژێ کیاست.<br>(ئێمە پارەکەمان بۆ گەلاوێژ نارد.) | ئێمە زەڕەکەما پەی ژەنەکا/پیاکا کیاست.<br>(ئێمە پارەکەمان بۆ ژنەکان/پیاوەکان نارد.) |
| خستنە پاڵ | -ی | -ێ | -ا | تاتۆ ئازادی لوا پەی بازاڕی.<br>(باوکی ئازاد چوو بۆ بازاڕ) | تاتۆ نەسرینێ لوا پەی بازاڕی.<br>(باوکی نەسرین چوو بۆ بازاڕ) | تاتۆ ئادێشا لوا پەی بازاڕی.<br>(باوکی ئەوان چوو بۆ بازاڕ.) |
| فریزی پێشناویPP ئەگەر نەشبێت بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ | -ی | -ێ | -ا | ئازاد ئاماوە پەی یانەی.<br>(ئازاد هاتەوە بۆ ماڵ.) | نەسرینە ئاماوە پەی دەگێ.<br>(نەسرین هاتەوە بۆ گوند.) | شمە ئامایدێوە پەی یانەکا.<br>(ئێوە هاتنەوە بۆ ماڵەکان.) |

خشتەی ژمارە(١)

١- لە فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٩٨ : ٩٥) وەرگیراوە بە دەستکارییەوە.

## ٤-١/١) ڕێگرییەکانی حوکمکردن :

ئـەو کاتیگۆرییانــەی دەبنــە ڕێگــر لــە بــەردەم پێـدانی دۆخ بــە فرێـزی نـاویی گـەورەترین پرۆژەکانن، وەك (فرێـزی کاری لـەو ڕسـتانەدا، کە کارەکانیـان تێپـەڕە، فرێـزی پێشناویی، ڕسـتەی شوێنکەوتوو )، ئەمـەش بـە ڕێگرییـەکانی حـوکمکردن دەناسـرێن. هـەر زمـانێکیش ژمارەیـەك لـەو بەربەسـت و سـنورانەی هەیــە، بــە جۆرێــك، کــە کاتیگۆرییــەکی حوکمکــەر ناتوانێــت بەســەر کاتیگۆرییەکی حوکمکەری دیکەدا بازبدات، یان تێپەڕێت و کاتیگۆرییـەکی تـر حـوکم بکات[١]. وەك باسکرا ئـەو کاتیگۆرییانـەی، وەك بەربەسـت بـۆ پێـدانی دۆخـی ڕێزمـانیی گۆدەکـەن، گـەورەترین پرۆژەکــانن. ڕســتە لەناویەکشــکاوەکان دوو، یــان زیــاتر لــە فرێــزی کارییــان تێدایــە و وەك بەربەستەکانی حوکمی نـاو ئـەو دروسـتانە، ڕێگـرن لەبـەردەم ئـەوەی کاری ڕسـتەی دووەم حـوکمی ئارگومێنتەکانی ڕستەی یەکەم بکات[٢]. بڕوانە(١٥)، (١٦):

(١٥) ئازاد جە تاقیکردنەوەکەنە سەرکۆت. (ئازاد لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوت.)

(١٦) کناچەکێ یانەکەی پاك مەکەرۆوە، ئەگەر واران وارۆ.

( کچەکە ماڵەکە پاك ناکاتەوە، ئەگەر باران ببارێت.)

لە نموونەی (١٥)دا کارەکە ناتوانێت حـوکمی NP (تاقیکردنەوە)کە بکات و دۆخـی ڕێزمـانی پێ بدا، چونکە فرێزی PP یەکە ڕێگرییەکە، نایەڵێت ڕەگی کارەکە حوکمی NP یـە تەواوکەرەکـە بکات.

لە نموونـەی (١٦)دا بکـەری ڕسـتەی شـوێنکەوتووەکە (تەواوکـەر) لەلایـەن سـەری حوکمکـەری ڕســـتەی شـــوێنکەوتووەکەوە حوکمـــدەکرێت، چـــونکە ئـــامڕازی گەیەنـــەری (ئەگـــەر) لەگـــەڵ پرۆژەگەورەکە بەربەستێکە بۆ حوکمکردن، کاری (مەکەرۆوە) ناتوانێت ئەم بەربەستە تێپـەڕێنێت و حوکمی دۆخی ڕێزمانیی ڕستە شوێنکەوتووەکە بکات، چونکە لـەو بـارەدا ئەگـەر ئـەو بکـەرە لـە لایەن ئەو کارەوە دۆخی ڕێزمانیی پێبدرێت، ئەوا دوو جار حوکم دەکات ئەمـەش بـەپێی پـاڵێوەری دۆخ ڕێی پێ نەدراوە و یاساکە تێك دەدات و دەبێتە ڕێگرییەك لە بەردەم حوکمکردنەکەدا.

## ٥-١/١) نیشانەکانی توخم لە شێوەزاری هەورامیدا:

بۆ جیاکردنەوەی توخـم لە زۆربەی زمانەکاندا ((جنسـەکانی نـاو بـەهۆی کۆتـایی وشـەوە بێت یاخود هەر نیشانە و خاسیەتێکی تربێ لەیەك جیادەکرێنـەوە))[٣] نـاو لـە شـێوەزاری هەورامیـدا خاوەنی سێ تـوخمـە (نێر، مێ، دوولایـەن)، جـیاکردنەوەی توخـمی ناویـش بەهـۆی واتاکەیـەوە، یان

---

١- محەمەدی مەحوی (٢٠٠١ : ١٨٢-١٨٣).و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون.

٢- عەبدولجەبار موستەفا مەعرووف (٢٠٠٩ : ١٩).

٣- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩ : ١٦٣).

بەهـۆی نیشانەتایبەتییەكانی توخمـەوە دەبێـت، یـان بـەهۆی فـۆنێمی كۆتـایی ناوەكـەوە دەتـوانین توخمی ناوەكە دیاریبكرێت، ئەمەش تایبەتمەندییەكی گرنگی شێوەزاری هەورامییـە، بەشـێوەیەك، ئەگەر هاتوو دوا فۆنێمی ناوەكە نەبزوێن بوو، جا نـاوی هـەر شـتێك بێـت تـوخمی ئـەو نـاوە نێـرە، وەك (چـەم، نمـەڎ، كـەباب، ...)، هـەر نـاوێكیش بـە یـەكێك لـە فۆنیمـە بزوێنـەكانی (ا ، ە، ی، ێ) كۆتایی هاتبێت ناوەكە لە تـوخمی مێیـە، وەك (دۆعـا، بـزە، كەرگـە، ڕەواسـە، ژەنـی، تـەوەنی، وەزی، كولەكێ، یاگێ،...)، بەلاَم ئەگەر هاتوو ناو بە هەردوو بزوێنی (وو، ۆ) كۆتایی هاتبێـت توخمەكـەی نێرە، وەك(بەلوو، دۆ، هەمرۆ،...)[1]. لێرەوە دوو جۆر توخم دیاریدەكرێت:

**١- توخمی سروشتی :**

تـوخمی سروشـتی ((ئـەو ناوانـەن، كـە هـەر لـە بنچینەدا نێـر و مێیـان تێدا ئاشكرایە و هـیچ تەمومژییەك لـە دەستنیشانكردنیاندا نییـە))[2]. لەڕێگـەی لۆجیـك و واتـاوە دەستنیشـان دەكرێـت، وەك ناوەكانی ( پیا ، تاتە ، مـامۆ ، لالـۆ ، هەسـوورە ، زەمـا ، سـابرین ، كەڵەشـێر ، كەڵـەگاو ، .....) ئەمانە هەر لە بنەڕەتدا توخمی نێرن، هەروەها ناوەكـانی (ئـەڎا ، مەتیـە ، مامـا ، ژەنـی ، كناچێ ، واڵـێ ، وێـوە، كەرگـە ، بـزە ، .....) بـۆ تـوخمی مـێ بـەكاردێت، و تایبەتییـە ڕێزمانییـەكانی ئـەو توخمەیان بەسەردا دەسەپێنرێت.

**٢- توخمی ڕێزمانی :**

مەبەست لە توخمی ڕێزمانیی(( ئەو ناوانەیە، كە نێر و مێیـان ئاشكرا نییـە یـان بـۆ هـەردوو توخمەكـە بـەكاردەهێنرێن، ئـەو ناوانـەش لـە ڕێگـەی مۆرفێمـە ڕێزمانییەكانیـەكانی توخمـەوە، دەناسرێنەوە))[3]. ئەو ناوانەش، كـە بـۆ هـەردوو توخمەكە بـەكاردێت، وەك (مامۆسـا ، جـل وراز ، خوێنـدكار، ...). (نـاوی شـتە بـێ گیـان و بەرجەسـتەكانیش، كـە خـاوەنی تـوخمی سروشـتی نـیین بەپێی وەرگرتنی نیشانەی توخمی ڕێزمانی تایبەت لە یەكتر جیادەكرێنەوە)[4]. بۆ نموونـە (چـەم ، گـۆش ، پێشـە ، بـەرە ، گـزی ، وەر ، كـەش ، هـەنار ، لالـەنگی ، ....) نێـرن، (كـاواتری ، كیسـەڵە ، كاردی ، دواردی ، ساوی ، هەشتاڵۆێ ، هـەنگوری ، ئـاوی ، تـەوەنی ، وڕۆە ، ....) مـێن. بەشـێوەیەكی گشتی و دیار لە شێوەزاری هەورامیدا توخمی ناو((بەشێوەیەكی ئاشكرا، لە دوو شێوەدا دەبینرێت : (ـە) بۆ مێ و (ـۀ) بۆ نێر، هەرچەندە لە هەندێك باردا، بوار بە گۆڕینی مـۆرفێمی (ـە) بـۆ (ـێ) دەدرێت، وەك ڕۆنانێك بۆ توخمی مێ، بۆئەوەی لە تـوخمی نێـر جیابكرێتـەوە))[5]. واتـە مـۆرفێمی توخم بۆ تاكی نێر بریتیەلە

---

١- جمال حبیب الله (٢٠١٢: ٥٧- ٥٨).

٢- عادل ڕەشید قادر(٢٠٠١: ٥).

٣- هەمان سەرچاوە : ٧.

٤- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد (٢٠٠٦ : ٤٩).

٥- ئازاد ئەحمەد حسەین ( ٢٠٠٩ : ١٠٧).

(ە/ ــە)، و بۆ تاکی مێش (ـە / ێ)یە.

جگە لە مۆرفێم و نیشانە تایبەتییەکانی توخم، سینتاکسیش هۆیەکە بۆ دیاریکردنی توخمی ناو بەهۆی ئەو ئەرکەی لە سینتاکسدا دەیبینێت، وەك:

**١- وەرگرتنی مۆرفێمەکانی ناسراوی و نە ناسراوی:**

هەر ناوێك نیشانەی ناسراوی (-ەکە)ی وەرگرت، ئەوا ئەو ناوە نێرە، بەڵام ئەگەر نیشانەی ناسراوی (-ەکێ) ی وەرگرت ئەوا ناوەکە مێیە، هەروەها ئەگەر ناوێك نیشانەی نەناسراوی (-ێو)ی وەرگرت نێرە، بەڵام نیشانەی نەناسراوی (-ێوە) ی وەرگرت مێیە، بڕوانە(١٧) ، (١٨):

(١٧) أ- وەرگەکە (گورگەکە)

ب- کتەکێ (پشیلەکە)

(١٨) أ- پەنجەرێو (پەنجەرەیەك)

ب- هەشێوە (ورچێك)

**٢- وەرگرتنی نیشانەکانی دۆخ:**

وەك پێشتر ئاماژەمان بە نیشانەکانی دۆخدا، کە بەپێی توخمی ناوەکە نیشانەی جیاوازیان وەردەگرت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ناسینەوەی توخم لە هەورامیدا، ئەگەر ناوەکە نێر بوو ئەوا مۆرفێمی (-ی) وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر مێ بوو ئەوا مۆرفێمی (-ێ)ی وەردەگرێت، بۆیە هەریەکە لە مۆرفێمی (-ی) و مۆرفێمی (-ێ) مۆرفێمی دۆخن و هەڵگری نیشانەی توخمیشن. بڕوانە(١٩):

(١٩) أ- من ئازادی کیانوو. (من ئازاد دەنێرم.)

ب- من شیرینێ کیانوو. (من شیرین دەنێرم.)

لە(١٩-أ، ب)دا ئەو ناوانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە هەڵگری مۆرفێمی دۆخن، بەڵام ئەگەر بێت و کاری ڕستەکە بگۆڕێت بۆ ڕابردووی تێپەڕ مۆرفێمی دۆخ نامێنێت، ئەوکاتە مۆرفێمی توخم دەردەکەوێت لەسەر ناوە هێڵ بەژێرهاتووەکان، کە بەرکارن. بڕوانە(٢٠):

(٢٠) أ- من ئازادەم کیاست. (من ئازادم نارد.)

ب- من شیرینەم کیاستە. (من شیرینم نارد.)

لەم شێوەزارەدا مۆرفێمی توخم و دۆخ دوو شێوەی جیاوازن و هەمیشە یەکێکیان بوونی هەیە[1].

## ٦-١/١) تیۆریی ئێکس باڕ X-bar Theory:

تیۆریی(X-bar)بە تیۆرییەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ دیاریکردنی دروستەی فرێز لە زماندا، و تیۆرییەکی سینتاکسییە، ((چۆنیەتی داڕشتنی فرێزەکان، کە پێکهێنەری ڕستەن لە ئاستە دروستەییە-

---

١- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: فەرەیدوون عەبدول محەمەد، (٢٠١٣: ٣- ١٢).

-کاندا پەسن دەکات، لەبەر ئەوە بە تیۆریی دروستەی فرێز و داڕێژەری دروستەی قوڵ و ڕوکەش و فۆڕمە لۆجیکییەکان دادەنرێت))[1]. بیرۆکەی ئەم تیۆرییە بۆ یەکەمجار لە لایەن چۆمسکییەوە بۆ ساڵی(۱۹۷۰)دەگەڕێتەوە، کە بۆ دەرخستنی کاتیگۆرییەکانی دروستەی فرێز و خستنەڕووی وردەکاریەکانی فرێز پێکهات[2]. ئەم تیۆرییە لە ساڵانی(۱۹۸۰ )بەدواوە بووە لقێکی تیۆری(GB)، ((وەك شوێنگرەوەی لێکدانەوە کۆنەکانی دروستەی فرێز، یان بۆ داڕشتنەوەی ئەو بیرۆکە کۆنەی (سەرە پێکهاتەکان ) و کۆتبەندکردنی ئەو زنجیرە ئەگەرە زۆرەی، کە لە یاساکانی فرێز پێکهێنانـدا هەیە)) [3]. لەم تیۆرییەدا فرێز بناغەی ڕستەیە، لێکۆڵینەوە لە فرێز لێکۆڵینەوەیە لە دروستەی قوڵی ڕستە[4]، واتە مەودای کارکردنی تیۆریی (X-bar) دروستەی قوڵی ڕستەیە. لە تیۆریی(X-bar ) دا، (هەموو فرێزێك دەبێت سەرێکی هەبێت، لەگەڵ وەچەپێکهاتەی تر، کە بریتین لە(Spec)* و تەواوکەر، سەری فرێزیش بەستراوە بەجۆری فرێزەکەوە)[5]، بۆنموونە فرێزی ناویی سەرێکی ناوی تێدایە و فرێزی کاری سەرێکی کاری تێدایە و فرێزی ئاوەڵناوی سەرێکی ئاوەڵناوی و....هتد، بەپێی تیۆری X-bar لە دروستەی هەر جۆرێکی فرێزدا ( X دووبار و X یەك بار)هەن، لە $X^{=}$دا ($\bar{X}$ و Spec)، لە $\bar{X}$یشدا (X و تەواوکەرێك )هەیە، یاساکانیشی بەم شێوەی خوارەوەیە[6]:

١- $X^{=}$ ⟵ $\bar{X}$ و Spec
٢- $\bar{X}$ ⟵ X و تەواوکەر
٣- $\bar{X}$ ⟵ X
٤- X ⟵ سەرە**

کەواتە تیۆریی(X-bar)پشت بە سەرە و تەواوکەر دەبەستێت، لە ڕوانگەی بوونی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کار،...) بە سەرە، هەنێك کەرەستەی تر نابنە سەرە، وەك( با، دەبا،...) لەبەرئەوە لە چەند خاڵێکدا یاساکانی تیۆرییەکە ڕووندەکەینەوە[7]:

١- X بنجەو سەرەی فرێزەکەیە و بە خورتییە.

٢- تەواوکەر (X) لە ($\bar{X}$)دا فراوان دەکات.(باڕ)یش لە بەشی سەرەوەی(X)دەنوسرێت.

---

١-.Cook ,and Newson (١٩٩٧ :١٤٧)

٢-.Muhammad-Salih Abdulla(٢٠٠٤: ٢٣)

٣- دارا حەمید محمد (٢٠١٤ : ١٤٠).

٤- هەمان سەرچاوە :١٤١.

* (Specifire)Spec: زاراوەیەکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە کەرەستانە بەکاردێت، کە دەرخەری لایەنێکی سەرەن، لە فرێزەکاندا، وەك : وشەکانی(هەر ، تەنیا)، وشەی نیشانە، ڕادە،...

٥- تارا موحسین قادر (٢٠١١ : ٦١).

٦-.Cook,and Newson (١٩٩٧ :١٤٧)

**سەرە : بناغەی فرێزە (ناو ، ئاوەڵناو ، کار ، ئاوەڵکار .....) دەگرێتەوە.

٧- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٧: ٢٨- ٢٩) و (سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٩: ٢٩).

٣- دەرخەرەکان(Modifire)، یان سەربارەکان (X) لە ($\bar{X}$)دا فراوان دەکەن، واتە دەتوانرێت($\bar{X}$) وەك داواکراوێك دووبارە ببێتەوە، دوو فرێز بە یەك فۆڕمی($\bar{X}$) بێتە ئاراوە.

٤-دیاریکارەکان(Specifiers) ($\bar{X}$) لە ($\bar{\bar{X}}$)دا یان لە (XP)دا فراوان دەکەن.

لە خاڵەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت، Xبێ باڕ و $\bar{X}$ تاك باڕ و $\bar{\bar{X}}$ جووت باڕمان هەیە، کە سێ ئاستی جیاواز دەنوێنن، Xبێ باڕ جێکەوتەی* نزم، یان بچوك، $\bar{X}$ تاك باڕ جێکەوتەی ناوەند، $\bar{\bar{X}}$ جووت باڕ جێکەوتەی مەزنە و کۆتایی فرێز دەگرێت.

کەواتە لە ڕۆنانی هەموو فرێزێکدا دوو ئاست هەیە، کە ئاستێکیان جێکەوتە مەزنەکەیە پێکدێت لە ($\bar{X}$) و(Spec)ێك، ئاستەکەی تریش جێکەوتەی ناوەندییەو پێکدێت لە(X) و تەواوکەرێك.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جێکەوتانە و یاساکانی تیۆریی X-bar بەشێوەی هێڵکارییەك لە هێڵکاریی ژمارە(٦)دا دەخەینەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(٦)

وەك ئاماژەمان پێدا ئەم تیۆرییە، کاتیگۆرییەکانی (سەرە، تەواوکەر، دیاریکار spec) بە کەرەستەی سەرەتایی فرێزەکان دادەنێت، کە لە ناویاندا(سەر) بنجییە و لە جۆری فرێزەکەیە و پێویستە هەموو کاتێك بوونی هەبێت، بەڵام (تەواوکەر ، spec) مەرج نییە لە دروستەی هەموو فرێزێکدا هەبێت، بەڵکو بوونیان بەجۆری فرێزەکە و تایبەتمەندییەکانی زمانەکەوە بەندە. واتە دروستەی فرێز دەگونجێت تەنها لە (سەرە)یەك پێکهاتبێت، یان سەرەیەك و تەواوکەرێك، یان دیاریکارێك پێکهاتبێت، ئەمەش بەپێی فرێزەکە دەبێت. بڕوانە نموونەی(٢١) و هێڵکاریی ژمارە(٧):

(٢١)    یەك کناچێ زەریفە    (یەك کچی جوان)

* جێکەوتە، کەرەستەیەکە فراوانکراوی وشەی سەرەیە، بۆ نموونە فرێزی ناوی(NP) جێکەوتەی مەزنی سەرەی ناوە (N)، (N)یش سەرەی فرێزەکەیە.




هێڵكاریی ژماره(٧)

له (٢١)دا جگه له (سەره) دیاریكارێك و تەواوكەرێكیش بوونی هەیە.

لـه تیـۆری Xبـاڕ دا (سـەره) زۆر گرنگـه، چـونكه چـۆنیەتی ڕیزبـوونی سـەره و تەواوكـەر لـه فرێزەكـــەدا ڕوندەكرێتـــەوە. ((جیـــاوازیی زمانـــەكانیش لـــه ڕێزمـــانی جیهانیـــدا لـــه لایـــەن پارامێتەرەكانەوە نیشاندەدرێت، سەرەش له هەندێك زمانـدا لـه دروسـتەی فرێـزدا پـێش تەواوكـەر دەكەوێت وەك زمانی ئینگلیزی، بەڵام له هەندێك زمانی تردا دەكەوێتە كۆتایی، واته سـەر كۆتـایی دەبێـت، وەك زمـانی كـوردی، تـوركی ، یابـانی،...، دابەشـبوونی فرێزەكـه لەگـەڵ سـەری فرێزەكـەدا گونجاوە))[1].

لەبەر گرنگیی (سەره) له تیۆریی Xباڕدا له چەند خاڵێكدا تایبەتمەندییەكانی دەخەینەڕوو:

١- سەره زۆرترین زانیاری واتایی فرێزەكه لەخۆ دەگرێت.

٢- بەبێ سەره فرێز بوونی نابێت، واته ناتوانرێت لابرێت.

(٣- سـەره پلەیـەكی مۆرفۆسینتاكسـیی هەیـه و هـەڵگری نیشـانەیەكی ڕێزمانییـە، كـه بـۆ هـەموو فرێزەكه دەگەڕێتەوە.

٤- سەره دەسەڵاتی بەسەر كەرەسته شوێن كەوتووەكانی خۆیەوە هەیە.

٥- سەره له كەس و ژمارەدا لەگەڵ كەرەسته شوێنكەوتووەكانی خۆیدا ڕێكدەكەوێت)[2].

٦- ســـەرەكان كەرەســـته شـــوێنكەوتووەكانی خۆیـــان داوا دەكـــەن و لـــه پـــۆلی وشـــەی تایبـــەتی هەڵیاندەبژێرن و دەیانگونجێنن لەگەڵ هەموو/هەندێك له سیما ڕێزمانییەكانیان.[3]

٧- (سەرەكان پێویستییان بەوە هەیە، كه كەرەسته شوێنكەوتووەكان له دروستەی فرێزی ناویـدا لـه دۆخێكی ڕێزمانیی تایبەتدابن.

٨- لـەفرێزدا دەتوانرێـت كەرەسـته لاوەكییـەكان لابـدرێن، بـەبێ ئـەوەی كـار لەدروسـته و واتـای فرێزەكه

---

١- طه ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٥: ١٩).

٢- صباح رشید (٢٠٠٩: ٣١).و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون.

٣- Tallerman(١٩٩٨: ٩٣)

بکەن، بەڵام سەرەی فرێز لانادرێت، ئەگەر لاشبدرێت، ئەوا لەدروستەی قوڵدا بوونی دەمێنێت، چونکە سەرەی فرێز ڕەگەزێکی بەخورتییە، بەڵام کەرەستەکانی تر، کە بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی واتای سەرە بۆی زیاد دەکرێت، ڕەگەزی سەرپشکین.)[1]

٩- سەرە وشەی پۆلێنکەرە واتە ئەو بڕیاردەدات چ بەشێکی تر لە فرێزەکەدا هەبێت.[2]

تایبەتییەکانی سەرە ئەوە دەخەنەڕوو، کە ئەو کەرەستانەی دەبنە (تەواوکەر، دیارخەر، دیاریکار،....) لە دروستەی فرێزەکەدا ئەرکی ڕێزمانیی و واتاییان دەبێت و پێکەوە خۆیان دەگونجێنن. سەرە شوێنێکی جێگیری نییە واتە دەشێت شوێنی بگۆڕێت، وەك لەخوارەوەدا دیارە:

١- $\bar{X}$ ⟵ تەواوکەر/..... X

٢- $\bar{X}$ ⟵ X تەواوکەر/....

لە(١) و(٢)دا پەیوەندیی نێوان سەر و تەواوکەر لە $\bar{X}$ ڕووندەکەنەوە. هەر زمانێکیش لە ڕیزبوونی دروستەی فرێزدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، دەشێت سەر سەرەتا، یان سەر کۆتابێت.

هەر لە تیۆریی Xباڕ دا بەپێی سەرە، دوو جۆر فرێز جیادەکرێتەوە، فرێزی لێکسیکی و فرێزی ئەرکیی، فرێزی لێکسیکی سەرەکانیان کەتیگۆری فەرهەنگین، وەك فرێزەکانی(ناوی، ئاوەڵناوی، ئاوەڵکاری، پێشناوی، کاری)، فرێزی ئەرکیش ئەو فرێزانەن، کە سەرەی فرێزەکانیان نیشانە ،یان ئامرازن[3]، کە فرێزی دیارخەرییDP، فرێزی کات و کەسIP، فرێزی تەواوکاریCPدەگرنەوە، هەردوو فرێزی ئەرکیی(IP، CP)دەچنە سنوری ڕستەوە و جۆرێکن لە ڕستە،( IP )بۆ ڕستە دانراوە زۆرجار هێمای (S)یشی بۆ بەکار دەهێنرێت، (CP)ش بۆ ڕستەی پاڕستەیی دانراوە.

## فرێزی ئەرکی( IP ):

بەو پێیەی فرێزی IP بۆ دیاریکردن و شیکردنەوەی دروستەکانی ڕستە دادەنرێت، هەمیشە لەم فرێزەدا کات و کەس بوونی دەبێت، بۆیە ((ئەم فرێزە پێکدێت لە ڕەگەزێکی گیرەکی Inflکات و کەس، لێرەدا لە جیاتی گیرەکی ڕێزمانی Agr وT بەکاردێ، کە سەرەی ڕستەکەیە و ڕستەکەش جێکەوتەی مەزنی گیرەکەکەیIP، بەڵام VP تەواوکاری گیرەکەکەیە و بکەرەکەش دیاریکارەکەیەتی Specifier، ئەمەش بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی هەموو ڕستەیەك))[4]، چونکە ڕستەکانی زمانی کوردی کات و کەسدارن.

---

١- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٢: ١٥- ١٦)، و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون.

٢- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (٢٠١٤: ٢١).

٣- دارا حمید محمد( ٢٠١٤: ١٤٥).

٤- سەڵاح حەویز ڕەسول (٢٠١٤: ٤٧).

(Infl) وەچە ئاڕاستەی نزیکترین (NP) دەکات، لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێت و حوکمی بکەرەکە دەکات و
دۆخی ڕێزمانیی بکەریی پێدەدات، چونکە هەموو(NP)یەك دۆخی ڕێزمانیی بکەریی دەبێت، ئەگەر لەلایەن (Infl)ەوە حوکمکرابێت.[1]

لێرەوە دەکرێت بڵێین لەکاتی شیکردنەوەی ڕستەدا بەپێی ( IP ) بکەری ڕستە لە شوێنی (Spec)دا دەبێت و ئەگەر کاری ڕستەکە تێنەپەڕ بێت بکەر لەلایەن کات و کەسەوە دۆخی نۆمینەتیقی پێدەدرێت، بەلاَم ئەگەر هاتوو کاری ڕستە تێپەڕ بێت، ئەوکاتە دۆخی کۆزەتیقی لە لایەن ڕەگی کاری ڕستەوە دەدرێت بە بەرکاری ڕاستەوخۆ، چونکە حوکمی دەکات و بەپێی تایبەتمەندی زمانەکانیش بوون و نەبوونی نیشانەی دۆخ دەگۆڕرێت. هەر بۆیە دەتوانین ( IP ) بەکار بهێنین بۆ دیاریکردنی دروستەکانی ڕستە و ئاماژەدان بە هەردوو مۆرفێمی کات و کەس، لە هێڵکاری درەختیشدا شوێنی دیاریکراویان بۆ دابنرێت. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٨- أ ، ب):




هێڵکاریی ژمارە(٨- أ)




هێڵکاریی ژمارە(٨- ب)

---

١- Chomsky(١٩٩٣:١٣٢)

# بەشی دووەم

## ڕێككەوتن و ئێرگەتیڤ

## بەشی دووەم

## ١/٢) ڕێککەوتنAgreement

### ١-١/٢) چەمك و پێناسەی ڕێککەوتن (Agreement):

ڕێککەوتن لە زماندا لایەنێکی گرنگە بەبێ دیاردەی ڕێککەوتن نادروستی ڕێزمانیی و واتایی، هەڵە تێگەیشتن و لێك تێنەگەیشتن دێنە ئاراوە، جا بەهۆی ڕێکنەکەوتن لەڕووی ڕێزمانیەوە بێت، یان لەڕووی واتاییەوە. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ڕێککەوتن پەیوەندیی نێوان کەرەستەکانی ڕستەیە و لەزۆربەی هەرەزۆری زمانەکانی جیهاندا بەدیدەکرێت، بەڵام لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، خودی ڕێککەوتنیش هۆکارێکە بۆ جیاوازی زمانەکان هەر بۆیە((لە گەلێك زماندا هەندێ لە بەشەکانی ڕستە لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەکەون، لەڕووی یەکێك، یان زیاتر لە چەمکی گرامەری وەك کەس person، ژمارە Number، توخم Gender، دۆخ Case))[١]. بەپێی زمان و زار و شێوەزارە جیاوازەکان، ڕێککەوتن لە ڕستەدا لەڕوی کەس و ژمارە و توخم و دۆخەوە وەکیەك نین لەبەرئەوەی هەر زمانە و خاوەنی تایبەتمەندی ڕێزمانیی خۆیەتی.

ڕێککەوتن پێناسە کراوە بەوەی(دیاردەیەکی ڕێزمانییە لە سنوری ڕستەدا، کە کەرەستەکانی ڕستە پێکەوە گرێدەدات و پەیوەندییەکی ڕێزمانی لەنێوانیاندا دروست دەکات)[٢]، یان هاوپەیوەندییەکی فەرمییە لە نێوان بەشەکانی ڕستە و پێکهێنەرە سەرەکیەکانی ڕستەدا، کە بەهۆیەوە ئەو بەشەی ڕستە فۆڕمێکی جیاواز لە فۆڕمەکەی پێشووی وەردەگرێت[٣]. واتە ڕێگایەکە فۆڕمی کەرەستەیەك لەگەڵ فۆڕمی کەرەستەیەکی تردا دەگونجێنێت[٤]. بۆ نموونە لە زۆربەی زمانە هیندۆ ئەورووپیەکاندا هاوشێوە، یان جیاوازن لەڕووی وەرگرتنی کەتیگۆرییە ڕێزمانیەکانی ڕێککەوتن، ڕێککەوتن لەنێوان ناو و ئاوەڵناودا هەیە لەڕووی توخمەوە، بەڵام لە هەندێك زماندا ئەم جۆرە ڕێککەوتنە نییە، یان نەماوە، تەنها لەژێر چەمکێکی گشتی، یان لەڕووی چوارچێوەی بەکارهێنانەوە دەتوانرێت ڕەگەزەکان لە یەکتر جیابکرێنەوە[٥]. لە ڕستەدا لەڕووی یەکێك، یان زیاتر لە کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکانی ڕێککەوتن، وەك (کەس، ژمارە، توخم، دۆخ، کات )، کە بە نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجیانە دەردەکەوێت لەسەر (ناو، ئاوەڵناو، کار، .....) دەوری ڕێککەوتن دەبینن[٦]. بەلای( Moravic )ەوە ڕێککەوتن بریتیە لە

---

١- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٥٩).

٢- Trask,R,L,(١٩٩٣:١٢).

٣- Crystal,D(١٩٩١:١٣).

٤- هەمان سەرچاوە ،٧٨.

٥- Lyons,J(١٩٦٨:٤٠-٢٣٣)

٦- Saza Ahmed Fakhry (٢٠١٤:٢١)

((پێکهاتەیەکی ڕێزمانی وەك (A) لەگەڵ پێکهاتەیەکی تردا ڕێککەوتنی لە خاسیەتی (C) دا لە زمانی (L) دا هەیە، ئەگەر(C)بریتیبێت لە چەند خاسیەتێکی پەیوەندیدار بە واتاوە و پەیوەندی لە نێوان(C)و خاسیەتە فۆنۆلۆجیەکانی(B)دا بێت))[1]. بەپێی تیۆری حوکمکردنیش لە ڕێککەوتندا کەرەستەی حوکمکەر حوکمی کەرەستەیەکی تر دەکات، کە دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە و لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێت. کەرەستەی بە دەسەڵات (حوکمکەرە) و کەرەستەی بێ دەسەڵاتیش (حوکمکراوە)، واتە کەرەستە بە دەسەڵاتەکە کەرەستە بێ دەسەڵاتەکە هەڵدەبژێرێت و لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێت. ((لەم پەیوەندییە سینتاکسییەدا دوو جۆر کەرەستە دەستنیشان دەکرێت، کەرەستەی سەرە، یان بەدەسەڵات و کەرەستەی لاوەکی، یان بێ دەسەڵات، کەرەستە بە دەسەڵاتەکە بەپێی ئەو چوارچێوەی تیایدا بەکارهاتووە بڕیار لەسەر دەرکەوتن، یان دەرنەکەوتنی کەرەستە بێ دەسەڵاتەکە دەدات))[2]ڕێککەوتن لە کەرەستەکانی ڕستە، کە تیایدا یەکێك لە کەرەستەکان کارێکی گراماتیکی لەسەر کەرەستەیەکی تر دەبێت و وایانلێدێت، کە هەمیشە پێکەوە بن، وەك بەرکار و کاری تێپەڕ. لێرەوە دەتوانین پێناسەیەکی گونجاوتر بۆ ڕێککەوتن بکەین و بڵێین:

**ڕێککەوتن:** دیاردەیەکی ڕێزمانیی و واتاییە لە نێوان دروستە سینتاکسییەکاندا، کە بەهۆیەوە ئەو وشانەی فرێزێك، یان ئەو فرێزانەی ڕستەیەکیان پێکهێناوە بە شێوەیەکی تۆکمە پێکەوە دەبەسترێنەوە و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە چ لە ڕووی ڕێزمانییەوە بێت، یان لە ڕووی واتاوە لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەکەون. لە ئەنجامی یاساکانی گواستنەوەش نیشانە و سیماکانیان بۆ یەکتر دەگواستنەوە لەسەر فرێزەکان دەردەکەون لە پێناوی ڕێککەوتندا، ئەمەش لە ئەنجامدانی پەیوەندییە سینتاکسییەکانەوە* دەبێت.

بە پێی یاسا، کەرەستەکانی ڕستە لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون و یاساکانیش پەیڕەوی سیما و تایبەتمەندییەکان دەکات، ئەگەر بێت و ئەو پەیوەندییە نەبێت و ئەو یاسایانە جێبەجێ نەکرێت لە نێوانیاندا ئەوا ڕێکنەکەوتن دێتە ئاراوە.

سەبارەت بە زاراوەی ڕێککەوتنیش لە لایەن زمانەوانانەوە چەند زاراوەیەکی بۆ بەکار هاتووە، لەوانەش (Agreement,Concord,Congruence,Correspond….)[3]، کە سەرجەمیان دەگەڕێنەوە سەر هەمان چەمك و واتا. لە زمانی کوردیشدا زاراوەی (ڕێککەوتن، گونجان، .....)ی بۆ بەکار دەهێنرێت.

---

١-Robyn ,C,Friend (١٩٨٥:٣)

٢- ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠١: ٢٦).

* پەیوەندیی سینتاکسیی: پەیوەندیی نێوان کەرتەکانی فرێز، یان فرێزەکانی ڕستەیە.

٣- Hartmann,R.R&Stork.F.C(١٩٧٢:٨)

## ٢-١/٢)ڕێككەوتن لای بونیادگەرەكان و شیكارییەكان :

لەسەرەتای لێكۆڵینەوە زمانییەكان لای ڕێزمان نوسەكان گرنگی بە شیكردنەوەی ڕستە دراوە، كە لە ڕێزمانی دێرینەوە بەتایبەتی لەلای(ئەرستۆ)وە دەست پێدەكات، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٤ پ.ز)، لە ڕوانگەی سەیركردنی فۆڕمی ڕستەكە، واتە تەنها لەڕووی دروستەی ڕووكەشی ڕستەوە، ڕستەیان شیدەكردەوە، پەیوەندیی نێوان وشەكانیان بەلاوە گرنگ نەبووە، لەكاتی شیكردنەوەدا نەگەڕاونەتەوە سەر دیاردە ڕێزمانییەكان، فۆڕم و واتا(ڕێزمان و واتا)یان تێكەڵاو بەیەكتری كردووە[1].

زمانەوانە دێرینەكان تەنها بەشێوەیەكی سادە دەستنیشانی ڕێككەوتنیان لە نێوان وشەكانی ڕستەدا كردووە، كە هەندێك لە وشە سەرەكیەكانی ڕستە لەگەڵ یەكتر ڕێكدەكەون، بەڵام چۆنیەتی و هۆی ئەم ڕێككەوتنەیان دیاری نەكردووە بەواتای ئەوەی تەنها لە سنوری وەسفكردندا بووە[2]. بەهاتنی بونیادگەرەكان گۆڕان بەسەر شیكردنەوەی سینتاكس و لێكۆڵینەوە زمانەوانیەكاندا هات، بەڵام كاریگەریی پێش خۆیان لەسەر مابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاویان بەرەو پێشەوە ناوە بۆ شیكردنەوەی ڕستە، ئێمە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر بۆچوونی بونیادگەرەكان و شیكارییەكان سەبارەت بە دیاردەی ڕێككەوتن لە سینتاكسی زماندا :

### ١-٢-١/٢) ڕێككەوتن لای بونیادگەرەكان :

لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەم كۆمەڵێك زماناس پەیدابوون ناویان لەخۆیان نا بونیادگەر، چونكە زیاد لە پێویست گرنگییان بە دیووی ناوەوەی زمان دەدا، دی سۆسێر بونیاتی بیرۆكەی بونیادگەری دارشت، لە ساڵی(١٩١٦) سەرەتاكانی بونیادگەری لەلای سۆسێرەوە دەست پێدەكات، پاشان زمانەوانی ئەمریكی لیۆنارد بلۆمفێڵد كتێبی (زمان) ی لە ساڵی(١٩٣٣) بڵاوكردەوە ئەو قوتابخانەیە وەك قوتابخانەیەكی زمانەوانی ئەمریكی بڵاوبوویەوە، بەڵام سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێبازی بونیادگەری دەگەڕێتەوە بۆ (سۆسێر)، كە بە دامەزرێنەری ڕێبازی بونیادگەری دادەنرێت، بە بۆچوونی بونیادگەرەكان (زمان پەیوەندییەكی زنجیرەیی یەك بەدوا یەكە قسە پێكەرانی زمانیش كەرەستەكانی ڕستە پێكەوە گرێ دەدەن و واتای تایبەتی پێدەدەن و لێی تێدەگەن لەبەرئەوە پێویستە ڕێزماننووس نیشانە و ڕواڵەتی ڕستەكان بە وردی شیبكاتەوە)[3].

بونیادگەرەكان زیاتر بایەخیان بە ڕواڵەت و شێوەی ڕستە دەدا، هەوڵیان دەدا ڕێزمانێك پێشكەش

---

١- محمد رەزای باتینی (١٩٩٣: ١٧- ١٨).

٢- ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی (٢٠٠١: ١٣).

٣- محمد رەزای باتینی (١٩٩٣: ٩٧).

بكەن تـەنها شـێوەی ڕووكەشـی بێـت، چـونكە بڕوایـان وابـوو پەیوەندییـە ڕێزمانیـەكان لـە ڕسـتەدا نیشانەی بینـراوی ئـەوتۆیان هەیـە، كـە بـەهۆی ئـەم نیشانانەوە قسـەكەران دەتـوانن كەرەسـتەكانی ڕسـتە لێكبـدەن و بیخەنـە چوارچـێوەیەكی واتـادارەوە، لـەبارەی شـیكردنەوەی ڕستەشـەوە لـەو بڕوایـەدابوون دەبێـت ڕسـتە دابـەش بكرێـت بـۆ كەرەسـتەی وردتـر، كـە یەكـە ڕێزمانەیـەكانی (مۆرفیم)، یەكە ڕێزمانیەكانیش وردبكرێنەوە بۆ بچوكترین یەكە كە (فۆنیم)ە، لەگەڵ ئەمانەشـدا ڕێككەوتن و خستنە پاڵ و لێكدانی مۆرفیمـەكانیان بـەلاوە گـرنگ بـووە، هەوڵیانـداوە بـزانن ئـەو مۆرفیمانە چۆن دەچنە پاڵ یەكتر و شوێنی خۆیان دەگرن، چونكە واتای ڕستەیەك تەنها بە مانـای مۆرفێمـەكانی نەبەسـتراوەتەوە، بـەڵكو بەشـێوەی ڕیزبـوونی ئەوانیشـەوە بەسـتراوەتەوە[1]. كەواتـە ڕستەیان بۆ بەشـە پێكهێنـەرەكانیان گەڕانـدەوە[2]. بونیادگـەرەكان چ بەشێوەی ڕاسـتەخۆبێت، یـان ناڕاستەوخۆ گرنگییان بە دیاردەی ڕێككەوتنی كەرەستەكانی ڕستە داوە و ئاوڕیشـیان لێداوەتـەوە و ( هەوڵیانـداوە لـە ڕێگـەی دابەشـكردنەوە پەیوەنـدیی ڕێزمـانی هـەر كەرەسـتەیەكی ڕسـتە لەگـەڵ كەرەستەكانی پێش و پاش خۆی دەستنیشان بكەن )[3]زیاتریش لـە ڕێگـەی ڕواڵـەتی ڕسـتەوە بـووە، ڕسـتەیان شـیكردووەتەوە بـۆ فرێـز و پێكهێنـەرەكانی وەك تاكـە وشـەكان و مۆرفێمـەكان[4]. بـۆ ڕونكردنەوەی بۆچوونی بونیادگەرەكانیش بۆ شیكردنەوەی ڕستە، بڕوانە(٢٢):

(٢٢) ئا كناچە زەریفێ ساوەكێش واردە. (ئەو كچە جوانە سێوەكەی خوارد . )

| | |
|---|---|
| ئا كناچە زەریفێ | ساوەكێش واردە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئا | كناچە زەریفێ | ساوەكێش | واردە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئا | كناچە | زەریفێ | ساوێ | ەكێ | ش | وار | د ە |

ئەگـەر سـەیری نمـوونی(٢٢) بكـەین، كـە بونیادگـەرەكان بـەو شـێوە شـیكردنەوەیان بـۆ ڕسـتە كردووە، هەرچەندە ئەم ڕێگایـە بڕگـە بڕگـە كردنـە، تاڕادەیـەك لەگـەڵ ڕێككـەوتن یەكدەگرێتـەوە، بەڵام مۆرفێمی توخم و دۆخ و جێناوی لكاو ، .... دیاری ناكات[5]. هەنـدێك پەیوەنـدیی ڕێزمـانی هەیە لە نێـوان كەرتـەكانی ڕسـتەدا بونیادگـەرەكان لـە شـیكردنەوەی ڕسـتەدا لێكییـان نەداوەتـەوە، وەك پەیوەنـدی ڕێككـەوتنی نێـوان (بكـەر و بـەركار، بـەركار و كـار) لـەو نموونـەی هێنامانـەوە. لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین

---

١- محمد ڕەزای باتینی(١٩٩٣: ٩٨- ٩٩).

٢- سەلام ناوخۆش (٢٠٠٨: ٥٦).

٣- ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠١: ١٥).

٤- Saza Ahmed Fakhry (٢٠١٤:٣٧-٣٨)

٥- هەمان سەرچاوە: ٣٨.

بونیادگەرەکان باسی ڕێککەوتنیان نەکردووە، بەڵکو ئاوڕیان لێداوەتەوە و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ باسیان لێکردووە، بەڵام تەنها لە سنووری کەرتکردن و پۆلێنکردندا باسی ڕێککەوتنیان کردووە.

دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوە لە ڕستەسازی لای بونیادگەرەکان بەپێی ڕێبازی وەسفی، وەسفی کەرەستەکانی ڕستەیان کردووە، پەیوەندیی کەرەستەکان و واتاکانیانیان لێکنەداوەتەوە پشتگوێیان خستووە، پێیان وابووە تەنها وەسفکردن بەسە بۆ گەیشتن بە یاساکانی زمان، بۆیە لەو سەردەمەدا زمانەوانەکان دەستیان دایە وەسفی ڕێزمانیی بۆ دروستەی ڕستە[1]. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت نە ڕێزمانی چاولێکەری (دێرین) و نە بونیادگەری نەیانتوانی دیاردەی ڕێککەوتن بە پێی پێویست لێکبدەنەوە، چونکە لێکدانەوەی ڕێککەوتنی دروستەکانی ڕستە پێویستی بەوەیە پەیوەندیی نێوان کەرتەکانی فرێز و ڕستە و هۆی ڕێککەوتنەکانیان دەستنیشان بکات و دەریان بخات. ((بۆیە بەپێی هەردوو بۆچوونی ڕێزمانی دێرین و بونیادگەری دیاردەی ڕێککەوتن لێکنادرێتەوە، چونکە هەردووکیان تەنها گرنگی بە فۆڕمی دەرەوەی ڕستە دەدەن، نەك ئەو پەیوەندییانەی وشەپێکهێنەرەکانی ڕستە لە دروستەی قوڵدا بەیەکترەوە گرێ دەدات))[2]. لە قۆناغی دوای بونیادگەرەکان گۆڕان بەسەر شیکردنەوەی ڕستەدا هات، لە لای شیکارییەکان دیارترینیان (چۆمسکی) بوو، ڕێبازێکی نوێی زمانەوانی سەریهەڵدا و بیرو بۆچوونی نوێی بە خۆیەوە بینی دواتر لێکۆڵینەوەکان بەپێی ئەم ڕێبازە بەڕێوە دەچوو، تا ئیستاش بەردەوامە، بۆیە بە پێویستی دەزانین باس لە دیاردەی ڕێککەوتن بکەین لە ڕوانگەی بۆچوونی شیکاریەکانیشەوە بەشێوەیەکی وردتر.

### ۲-۲-۱/۲)ڕێککەوتن لای شیکارییەکان :

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە لێکۆڵینەوە لە ئاستەکانی زمانەوانی و ڕستەسازی گۆڕانی بەسەرداهات. بە دەرچوون و بڵاوبونەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی چۆمسکی بەناوی (ڕۆنانە سینتاکسیەکان) Syntax Structure کە لە ساڵی(۱۹۵۷)ز بڵاوبوویەوە،((دەرچوونی ئەم کتێبە بووبە گرنگترین ڕووداو لە مێژووی زمانەوانیدا و شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد، ڕێبازێکی دامەزراند هەموو قوتابخانەکانی سەردەمی خۆی و پێش خۆی ڕامالی و ئاسۆیەکی فراوانی بێ پایانی لەبەردەم لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا کردەوە. لە ئەنجامی ئەمەدا زۆربەی زۆری زمانەوانانی جیهان کەوتنە ژێر کاریگەریی، وای لێکردن دووبارە بە بیروبۆچوونەکانیاندا بچنەوە و زمانەکانیان لەژێر ئاڵای ئەم ڕێبازە نوێیەدا شیبکەنەوە))[3]. چۆمسکی لە کتێبەکەیدا ڕستەسازی لە واتاسازی جیاکردەوە ئاماژەی

---

١- محمد محمد یونس (٢٠١٠: ٨٢).

٢- ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠١ : ١٠٥).

٣- وریا عومەر ئەمین (٢٠١١: ٢٥) .

بۆ تیۆرییەکی زمانەوانی کرد، کە بتوانێت شیکردنەوە و لێکدانەوەی دروست بۆ ڕستە بکات، جەخت لەسەر سینتاکس دەکات و سەربەخۆیی ئەم زانستە، کە بەجیا لە ئاستەکانی تری زمان وەك: وشەسازی و دەنگسازی و واتا .....هتد لێکبدرێتەوە[1]. چۆمسکی لە ڕێبازەکەیدا بەرهەمهێنان و گوێزانەوە(Transformational Generative Grammar) سێ ڕێگای خستە بەردەم شیکردنەوەی زمان ئەوانیش بریتین لە [2]:

١- یاساکانی ڕێزمانی بارە سنوردارەکان Finite State Grammar

٢- یاساکانی فرێز پێکهێنان Phrase Structur Rules

٣- یاساکانی گوێزانەوە Transformational Rules

مەبەستی سەرەکی چۆمسکی لە دانانی ئەم ڕێبازە ((دۆزینەوە و دانانی ڕێزمانێکی گشتی بوو، کە قسەپێکەرانی هەموو زمانێك لە داڕشتنی ڕستەدا سودی لێببینن، خاوەنی هەر زمانەو بە پێی تایبەتمەندی سینتاکسی زمانەکەیان ڕستەکان دادەڕێژێت))[3]. چۆمسکی دەڵێت: ئەگەر ڕێزمان بتوانێت بەڕاستی بەشە ڕاستەقینەکانی زمان شیبکاتەوە و پەیوەندی نێوان ڕستەکانی زمان ڕونبکاتەوە، هەر ئەوەندەش بەس نییە، کە تەنیا خۆی بە نیشانەو پەیوەندییە دیار و بەرچاوەکانەوە خەریك بکات، بەڵکو دەبێت ئەو پەیوەندییە شاراوانەش، کە لە بناغەی ڕستە بەرچاوەکاندا هەیە دەربخات و بیانسەلمێنێت. لەبەرئەوە چۆمسکی بۆ هەر ڕستەیەك دوو دروستە دادەنێت.

دروستەی قوڵ(Deep Structure)، کە دیوی ناوەوەی ڕستەیە و لەسەر پەیوەندیی واتایی و ژێربێژی بەشەکانی ڕستە بڕیاردەدات، دروستەی ڕوکەش(Surface.Structure)کە دیوی دەرەوەی ڕستە نیشاندەدات، کە پاش ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕستەدا دێت لە بناغەی قوڵدا لەڕێی یاساکانی گواستنەوەوە ڕستەکە فۆڕمێك وەردەگرێت کە پێی دەڵێن دروستەی ڕوکەشی ڕستەکە[4]. ڕێزمان لای شیکارییەکان لە شیکردنەوەدا دەبێت وەسفێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ هەموو ڕستە ڕێزمانییەکانی زمان دابین بکات، بەو واتایەی هەر ڕستەیەکی ڕێزمانی دەبێت هەموو مەرجە ڕێزمانییەکان جێبەجێ بکات، هەر ڕستەیەکی ناڕێزمانیش دەبێت هەندێك مەرجی ڕێزمانی ببەزێنێت، لێرەدا ڕێزمانە شیکارییەکەی چۆمسکی لە ڕێزمانی دێرین و بونیادگەری جیادەکرێتەوە [5]. کەواتە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی ((هەوڵێکە بۆ بە دیارخستنی مۆدێلێکی ماتماتیکی لە زماندا بۆ ئەوەی یاساکانی بتوانێت ڕستەکانی زمان بەتەنها هەموو ڕستە دروستەکانی بەرهەمبهێنێت و ڕێگەش

---

١- عبدالواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣: ٨٧- ٨٨).

٢- دارا حمید محمد (٢٠١٤: ١١٦).

٣- هەمان سەرچاوە : ١٠٩.

٤- ئەوڕحمانی حاجی مارف (٢٠١٤: ١٦٥- ١٦٦).

٥- Elizabeth,A, Cowper(١٩٩٢,٣)

له بەرهەمهێنانی ڕستە نادروستەکان بگرێت))[1]. واتە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە تەنها وەسفکردن و دروستەی ڕوکەشی ڕستە نییە، بەڵکو دەچێتە پێکهاتەی شیکردنەوەی ناوەوەی زمان بە مەبەستی زانینی زانیارییەکان لە دروستەی قوڵدا بۆ تێگەیشتن.

بە بۆچوونی شیکارییەکان، ڕستە دوو دروستەی هەیە دروستەی ڕوکەش و دروستەی قوڵ ، بەپێی ئەو بنەمایە هەنگاوی یەکەمی بەرهەمهێنانی ڕستەیەك لە دروستەی قوڵەوە دەستپێدەکات، کە ئەمە پێشتر بە هیچ شێوەیەك لە زمانناسیدا ئاماژەی پێنەکرابوو، دواتر دەگواسترێتەوە بۆ دروستەی ڕوکەش، لە قۆناغی گواستنەوەدا دوچاری یاساکانی گوێزانەوە دەبێت، ئنجا دەگاتە دروستەی ڕوکەش. لە دروستەی ڕوکەشدا ڕستە خاوەنی هەردوو پێکهاتی فۆنەتیکی و پێکهاتی لۆجیکی دەبێت[2]. لەم دوو ئاستەی دروستەی ڕستەدا ئاستی دروستەی قول(DS) ئەبستراکتە و ناتوانرێت بدرکێنرێت تا دەگواسترێتەوە بۆ ئاستی دروستەی ڕووکەش(SS)، لەم ئاستەدا پەیوەندییە سینتاکسییەکان جێبەجێ دەکرێن، کە بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە دێنە دروستەی(SS) و ڕێککەوتنی کەرەستەکان و پێدانی دۆخی ڕێزمانیی تێدا جێبەجێ دەکرێت، واتە گواستنەوەکان لە (SS)دا جێبەجێ دەکرێت، بەلام لە (DS)دا سروشتی پەیوەندیی واتایی کار و فرێزەکانی تر دەردەخات. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٩):




**هێڵکاریی ژمارە(٩)**

وەك ئاماژەمان پێدا چۆمسکی لە ڕێزمانەکەیدا سێ یاسای خستەڕوو بۆ شیکردنەوە سینتاکسییەکان، لێرەدا ڕوونیان دەکەینەوە، کە بریتین لە :

---

١- دیار عەلی کەمال (٢٠٠٢: ٢٢).

٢- داراحمید محمد (٢٠١٤: ١١٣- ١١٤).

**١- یاسای بارە سنووردارەکان :**

جۆرێکه له شیکارکردنی دروستەی ڕسته، لەسەر بنەمای داڕشتنێکی بیرکاریانـه داڕێژراوه، کـه پەیوەندی نێوان چەند هەنگاوێك دەخاتەڕوو، هەر هه نگاوێکیش پشت بەهەنگاوەکەی پێش خـۆی دەبەسـتێت، لـه ڕێزمـانی بارەسـنوردارەکاندا ڕسـتەکان لـەژێر بـاری زنجیرەیـەك هەڵبژاردنـدان لـه چەپەوه بۆ ڕاست (بۆنمونه له زمانی ئینگلیزیدا) و له ڕاستەوه بۆ چەپ (وەك له زمـانی کـوردی و عەرەبیـدا) بەرهەمـدەهێنرێت و هـەر ڕسـتەیەکیش خـاڵێکی سـەرەتا و خـاڵێکی کۆتـایی دەبێـت[1]. بڕوانه(٢٣):

(٢٣) ئا کناچیْ زیرەکەنه . (ئەو کچه زیرەکه.)

له(٢٣)دا (ئا) خاڵی دەستپێکردنه و وشەی دوای خۆی هەڵدەبژێرێت، هـەروەها (کناچیْ) وشـەی (زیرەکەنه) هەڵدەبژێرێت و ......هتد بەو شێوەیه .

**٢- یاساکانی فرێز پێکهێنان :**

یاساکانی ڕێزمـانی فرێزپێکهێنـان نموونەیـەکی باشـتر و بـەهێزتره لـه نموونـەی ڕێزمـانی بـاره سـنوردارەکان، لەبەرئـەوەی ڕێزمـانی بـاره سـنوردارەکان نموونەیـەکی زۆر کـەم لـه ڕسـته بەرهەمدینێت، بەڵام یاساکانی فرێزپێکهێنان توانای بەرهەمهێنانی ژمارەیـەکی زۆر ڕسـتەی هەیـه، چونکه پەیوەستن به توانست و لـه دروسـتەی قوڵدا کاردەکـەن و یاسـاکانی بەرهـەمهێنان ڕێگـه بـه ئـاخێوەری زمـان دەدەن بـۆ بەرهـەمهێنانی هـەموو ڕسـتەیەکی ڕێزمـانیی. (یاسـاکانی فرێـز پێکهێنانیش له ڕستەوه دەستپێدەکات، که گەورەترین دانەی شیکردنەوەی زمانـه، یەکـەم یاسـا بـه داڕشتنەوەی ڕسته دەستپێدەکات و شیدەکاتەوه بـۆ پێکهاتـه ڕاسـتەوخۆکانی (ف ن و ف ك ) پاشـان ئەویاسایانه دێن، که کار لەسەر پۆلێنی ڕێزمانی بچوکتر دەکەن، هەتا دەگەنه ئەو دانـه ڕێزمانیـەی که چیتر کەرت ناکرێن)[2]. یاساکانی فرێز پێکهێنانیش بریتین له[3]:

١-S ⟶ (pres) NP+ VP

٢-VP ⟶ Aux {(NP) (PP) V / Comp Cop} (Adv)

٣-NP ⟶ N + Det + No

٤-PP ⟶ Prep + NP

٥-V ⟶ Vs

٦-Aux ⟶ Tense , Aspect , (modal)

٧-Comp ⟶ NP , PP , Adj , Adv

٨-Adv ⟶ Loc , Time , reason …etc

---

١- سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ١٧- ١٨).

٢- یوسف نوری محمد ئەمین (٢٠١٠: ١١- ١٢).

٣- Waria Omar Amin, (١٩٧٩,٣٧).

لەزمانی کوردیدا یاساکان بەم شێوەی لای خوارەوەن:

١- ڕ ⟵ ف ن + ف ك

٢- ف ن ⟵ [ (سنورداری) (نیشانە) (ژمارە) + ن + (ن ) (ج ن) (ف ئان/]ئا)

٣- ف ك ⟵ [ (ف ن /ن) (ف پ ن) ك (ف پ ن) (ف ئاك /ئا]ك)

٤- ف ئان ⟵ [ (ڕادە) ئان ]

٥- ف ئاك ⟵ [ (ڕادە) ئاك]

٦- ف پ ن ⟵ پ ن + ف ن / ن

٧- ك ⟵ وارد ، وت .....

٨- ن ⟵ ئازاد ، ئارۆ.....

لە نواندنی کەرەستەکانی ڕستەدا گەلێك شێوە و ڕێگەی جیاواز هەن وەك : ((هێلکاریی درەختی، کەوانە ناونراوەکان، داڕشتنەوەی یاساکان ))[١]. یاساکانی فریز پێکهێنان کەموکورتی زۆری تێدا بەدیدەکرا [*] ((بۆ زاڵبون بەسەر ئەو کەموکورتیانە چۆمسکی پێشنیازی ڕێزمانێکی تر دەکات ئەویش ڕێزمانی گوێزانەوەیە، کە یاساکانی گوێزانەوەی تێدا بەدیدەکرێت و چارەسەری زۆرێك لە گرفتەکانی پێشوتر دەکات، یاساکانی ڕێزمانی گوێزانەوە لە هەردوو جۆرەکەی پێشتر (بارە سنوردارەکان و فریزپێکهێنان ) بەهێزتر و پێشکەوتوترە))[٢].

٣- **یاساکانی گوێزانەوە :**

مەبەست لێی ئەوەیە کە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەبێت لە دروستەی قوڵەوە بگوازرێتەوە بۆ دروستەی ڕووکەش بە پێی یاسای گوێزانەوەی تایبەت. لەبەرئەوەی لە دروستەی قوڵەوە دەستپێدەکات، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە واتاوە هەیە[٣]. چونکە پەیوەندیی سینتاکسی نێوان کەرەستەکانی ڕستە بەرهەم دەهێنێت.((هەر ئەمەش مەبەستی سەرەکی چۆمسکی بوو لە داڕشتنی یاساکاندا، چونکە مەبەستی بوو لەو ڕێگایەوە سینتاکس و واتا وابەستە بکات))[٤]. هەر زمانێکیش کۆمەڵێك یاسای گوێزانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەم یاسایانەش بەپێی پراکتیککردنیان دابەشدەبن بەسەر یاسا بە ئارەزووەکان و یاسا بەخورتییەکان[٥]:

---

١- بڕوانە : سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ٢٠- ٢٢).

*بۆ کەموکوڕیەکانی یاسای فریز پێکهێنان بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو (٢٣- ٢٨).

٢- یوسف نوری محەمەد ئەمین (٢٠١٠: ١٦).

٣- هیدایەت عەبدوڵلا محەمەد (٢٠٠٢: ١٤).

٤- دارا حەمید محەمەد (٢٠١٣: ١٢٢).

٥- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٢٤١).

## أ- یاسا بە خورتییەکان Obligatory Rules:

گواستنەوە بە خورتیەکانی ڕستە ئەوانەن، کە پیادەکردنیان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی ڕێزمانی، مەرجێکی دەستلێهەڵنەگیراوە لە ڕستەی بنجیدا هەردەم پیادە دەکرێت[1]، جێبەجێ نەکردن و لادان لەم یاسایانە دەبێتە هۆی نادروستی ڕێزمانی دروستەکانی فرێز و ڕستە.

یاسا بەخورتییەکان لە زمانی کوردیدا دەکرێن بە چەند جۆرێکەوە:

**١- یاساکانی گواستنەوەی کات :**

ئەم یاسایە ڕیزبوونی مۆرفێمی کات لەگەڵ ڕەگی کار دا دیاریدەکات[2]. بڕوانە(٢٤):

(٢٤) أ- ڕابردوو وارد⊘.(خوارد)

ب- ڕانەبردوو موەرۆ. (دەخوات)

**٢- یاسای گواستنەوەی پاشکۆکان :** ئەم یاسا تایبەتە بە پێشگر و پاشگرەکانی کار، لێرەدا مەبەست لە مۆرفێمە بەندەکانی جگە لە کات[3]. بۆ دیاریکردنی جێگەی تایبەتییان لەگەڵ کاردا، بۆ نموونە مۆرفێمی(-ەرە) دەلکێت بە کۆتایی کارەوە، بڕوانە(٢٥):

(٢٥) چەمش گێرتەرە (چاویداگرت)

**٣- یاسای گواستنەوەی سنور و جیاکەرەوەکان:**

لەم یاسایەدا بایەخ و گرنگی بە جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنی کەرەستەکانی زمان دەدرێت لە چوارچێوەی ڕۆنانی گەورەتردا[4] وەك ڕستە. بڕوانە(٢٦) :

(٢٦) کناچەکێ ئاماوە. (کچەکە هاتەوە.)

کناچە ەکێ ئاماوە

**٤- یاسای گوێزانەوەی جێناوە لکاوەکان:**

جێناوە لکاوەکان، کە دەوری ڕێککەوتن دەبینن، بەهۆی ئەم یاسایانەوە ((جێناوی لکاو بە کارەکە دەناسێنێت و شوێنەکەی لە ڕستەدا دەستنیشان دەکات))[5]. بە تایبەتی لە و ڕستانەدا کە کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕە پێویستی بە بەرکار هەیە ئەم یاسایە بە وردی ڕووندەبێتەوە، جێناوە لکاوە بکەرییەکان بەپێی کات و جۆری کارەکە بە (بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، پریپۆزیشن، پێشگری یەکەمی کار، ڕەگی کار)ەوە دەلکێن[6].

---

١- دیار عەلی کەمال (٢٠٠٢ : ٦١).

٢- هەمان سەرچاوە: ٦١.

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٦١.

٤- یوسف نوری محەمەد ئەمین (٢٠١٠: ١٧).

٥- وریا عومەر ئەمین (٢٠١١: ٢٧).

٦- بڕوانە : وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٩٤).

### ب- یاسا بە ئارەزووەکان Optional Rule:

ئەو یاسایانە دەگرێتەوە، کە جێبەجێکردنیان بەخواست و ئارەزووی قسەکەر خۆیەتی، واتە هیچ ڕۆڵێك لە پەیوەندییە سینتاکسییەکاندا نابینێت.

### ١- لابردن Deletion:

یاسای لابردن بریتییە لە (لابردنی کەرەستەیەك، یان زیاتر لە کاتی گواستنەوەدا لە دروستەی قوڵ بۆ دروستەی ڕوکەش)[١]. بڕوانە(٢٧):

(٢٧) من ساوی موەروو. (من سێو دەخۆم.) ← ساوی موەروو.(سێو دەخۆم.)

أ + ب + ج ← ⊘ + ب +ج

### ٢- جێگۆڕکێ Permutation:

یاسای جێگۆڕکێکردن بریتیە لە ((گۆڕینی شوێنی کەرەستەیەکی زمانی لە دروستەی ڕوکەشدا بە مەبەستی جەختکردن لەسەر کەرەستە زمانییەکە)) [٢]. وەك هێنانە پێشەوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ. بڕوانە(٢٨):

(٢٨) زاڕۆڵەکە پەنجەرەکەش ماڕا. ← پەنجەرەکە زاڕۆڵەکە ماڕاش.*

(منداڵەکە پەنجەرەکەی شکاند .) (پەنجەرەکە منداڵەکە شکاندی. )

### ٣- جێگرتنەوە (لەبریدانان) Replacement:

یاسای لە بریدانان، یان جێگرتنەوە بریتییە لە ((جێگرتنەوە و گۆڕینی کەرەستەیەکی ڕێزمانیی بە کەرەستەیەکی تری ڕێزمانیی))[٣]. کەرەستە ڕێزمانییەکە دۆخی ڕێزمانی دەبەخشێت، یان وەریدەگرێت بەپێی ئەو کەرەستەیەی لە ڕستەکەدا هەیە و شوێنی دەگرێتەوە، بڕوانە(٢٩):

(٢٩) من زەڕم جە کوڕەکەی هۆرگرت. ← من زەڕم جە ئاڎی هۆرگرت.

(من پارەم لە کوڕەکە وەرگرت.) (من پارەم لە ئەو وەرگرت.)

أ + ب + ج + د ← أ + ب + س + د

هەروەها جێگرتنەوەی مۆرفێمی(مە)ی نەرێکردن لە کاری ڕانەبردوودا، کە جێی مۆرفێمی(-م)ی نیشانەی ڕانەبردوو دەگرێتەوە، بڕوانە(٣٠):

(٣٠) ئازاد نان موەرۆ. (ئازاد نان دەخوات.)

ئازاد نان مەوەرۆ. (ئازاد نان ناخوات.)

---

١- دارا حەمید محمد، (٢٠١٤: ١٢٣).

٢- یوسف نوری محەمەد ئەمین (٢٠١٠: ١٧).

* لە نموونەی(٢٨)دا گواستەوەی باسمەند دەگرێتەوە، ڕستەی باسمەندیش بریتیە لە : گواستنەوەی کەرەستەیەکی سینتاکسی لە ڕستەدا و هێنانە پێشەوەی بەشێوەیەکی سەرپشکییانە.

٣- هەمان سەرچاوە :١٨.

### ٤- لەبەرگرتنەوە Coping:

بریتییە لە لەبەرگرتنەوەی فرێزێکی ناوی لە ڕستەدا لەڕووی کەس و ژمارە و توخمەوە و دانانی لە جێگەیەکی تردا، کە دەبێتە جێگیری فرێزەکە، لە شێوەزاری هەورامیدا ((فرێزی ناوی بکەر و بەرکارین بۆ ئاماژەکردن بەو پەیوەنییە ڕێزمانییەی لەگەڵ کاردا هەیانە، سیما ڕێزمانییەکانیان بە یاسای کۆپیکردن لە شێوەی مۆرفێمێکی بەنددا بە کار دەدەن)) [1]. فرێزە ناویەکەش ڕێککەوتنێکی ئاشکرایان بۆ خەسڵەتەکانی وەك(کەس و ژمارە و توخم) بەپێی یاسایی کۆپیکردن هەیە. وەك کۆپیکردنی توخم، بڕوانە(٣١):

(٣١)　ئازاد نماش کەردە.　　(ئازاد نوێژی کرد.)

لە (٣١)دا لەبەرئەوەی (نما) مێیە بەپێی توخمەکەی لە ڕێگەی یاسای کۆپیکردنەوە مۆرفێمی توخمی (ـە)ی مێی داوە بە کۆتایی کارەکە.

### ٥- زیادکردن Addition:

بریتیە لە زیادکردنی کەرەستەیەك، یان زیاتر (لە کاتی گواستنەوەدا لە دروستەی قوڵەوە بۆ دروستەی ڕوکەش) [2]. واتە زیادکردنی کەرەستەیەك لە ئاستی ئاسۆییدا بۆ ڕستە لە دروستەی ڕووکەشدا. بڕوانە(٣٢):

(٣٢)　من لوانێ پەی زانکۆی ←　من بەپێ لوانێ پەی زانکۆی.

(من چووم بۆ زانکۆ.)　　(من بە پێ چووم بۆ زانکۆ.)

### ٣-١/٢)ڕێککەوتن لە ڕوانگەی تیۆریی ستاندارد و ستانداردی فراوانکراوەوە:

لە دوای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە چەند تیۆرییەکی تر سەریانهەڵدا، کە بە شێوەیەکی باشتر باسیان لە یاسا سینتاکسییەکان و دیاردەی ڕێککەوتن کرد، لەوانەش تیۆری ستاندارد و ستانداردی فراوانکراو بوو. ((ڕێککەوتن بە پێی تیۆری ستاندارد بەپێی ئەم تیۆرییە لە سنوری فرێزی ناویدا (ناو) سەرەیە (کەرەستەی بە دەسەڵات )ە و لە هەندێك زماندا هەندێك سیمای وەك (ژمارە، توخم، دۆخ) بەسەر دیارخەرەکانی دەسەپێنێت لە ڕێگەی یاسای کۆپیکردنەوە. لە زمانی کوردیشدا ئەگەر دیارخەرەکانی ناو لە دۆخی نا ڕاستەوخۆدا وشەی نیشانە بێت لە ڕووی ژمارە و توخمەوە لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەکەون)) [3]. بڕوانە(٣٣):

(٣٣)　ئا کوڕە　　(ئەو کوڕە)

---

١- ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ١٠٤).

٢- دارا حمید محمد (٢٠١٤: ١٣١).

٣- Mackenzie,D,N(١٩٦١,١٧٤) ، لە (ڤیان سلێمان حاجی، ٢٠٠١: ٢١) وەرگیراووە.

له(٣٣)دا، (ئا ....ه) وشەی نیشانەیە و دیارخەرە، (کوڕ) ناوە و دیارخراوە، کە(کوڕ) لە ڕووی ژمارەوە تاکە و لەڕووی توخمەوە نێرە. لەڕێی کۆپیکردنەوە سیمای تاکی و توخمی سەپاندووە بەسەر دیارخەرەکەدا. ئەمە لە سنوری فرێزدا، لە سنوری ڕستەدا بە هۆی یاساکانی گوێزانەوەوە سیما ڕێزمانییەکان بە کۆتایی کارەکەوە دەلکێن و ڕێککەوتن بەرهەم دێنن، واتە سیمایەك، یان چەند سیمایەکی ڕێزمانی وەك (ژمارە، کەس، توخم )ی فرێزەکە بە یاساکانی گوێزانەوە لە شێوەی فۆڕمی بەند بە دوای کارەکەوە دەلکێن. کە ئەمەش لە گواستنەوەی جێناوە لکاوەکاندا بۆ کۆتایی کار دەردەکەوێت، کە دەوری ڕێککەوتن دەبینن، بڕوانە(٣٤) :

(٣٤) من ئامانێ. ( من هاتم←) ئامانێ. (هاتم.)

ڕێککەوتن لە تیۆریی ستانداردی فراوانکراودا هەندێك گۆڕانی بەسەردا هات. تیۆریی ستانداردی فراوانکراو مۆدێلێکتی تری ڕێزمانەکەی چۆمسکییە، لە ئەنجامی ئەوەوە سەری هەڵدا، کە ڕەخنە ئاڕاستەی تیۆریی ستاندارد کرا، ئەم تیۆرییە لە چەند ڕوویەکەوە لە تیۆری ستاندارد جیا دەکرێتەوە بە تایبەتی لەو ڕووەوە،((ڕۆنانە سینتاکسییەکان لێکدانەوەیەکی واتایی بە خۆوە دەگرن. سەرهەڵدانی ئەم تیۆرییەش وەکو وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ ئەو ڕەخنانەی لە تیۆری ستاندارد دەگیرا)) [1]. لە تیۆری ستانداردا بەربەست لەسەر یاساکانی گواستنەوە دادەنرا بۆ ئەوەی نەبنە هۆی گۆڕینی واتا، ((هەر بۆیە ئەگەر ڕستەیەك زیاتر لە واتایەکی هەبوایە ئەوە مانای ئەوەیە زیاتر لە دروستەیەکی قوڵی هەیە، واتە گۆڕینی واتایان نەبەستوەتەوە بە یاساکانی گوێزانەوەوە، بەڵکو بە دروستەی قوڵیان بە ستوەتەوە)) [2]. بڕوانە(٣٥) :

(٣٥) أ- ئاڎ ئاما پەی یانێما. ( ئەو هات بۆ ماڵمان.)
ب- ئاڎ پەی یانێما ئاما. ( ئەو بۆ ماڵمان هات.)
پ- پەی یانێما ئاما ئاڎ . ( بۆ ماڵمان هات ئەو.)
ت- ئاما ئاڎ پەی یانێما. (هات ئەو بۆ ماڵمان.)

یاساکانی گوێزانەوە ئەبێت پارێزگاری لە واتای ڕستەکان بکەن، بە بۆچوونی تیۆریی ستاندار واتای ڕستە لە دروستەی ڕوکەشی ڕستەکاندایە، بەڵام پێکهاتەی سیمانتیکی دەبێت لە دروستەی قوڵدا بێت، واتە لەسەرەتادا پێکهاتەی ڕستەکان لە دروستەی قوڵەوە دەستپێدەکەن و دواتر بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە دەگواسترێنەوە بۆ دروستەی ڕوکەش، بۆیە ئەگەر لە دروستەی ڕوکەشدا کەرەستەیەك بگواسترێتەوە بۆ شوێنێکی تر ئەوا گۆڕانی واتا دروستدەبێت، ئەمەش بە تایبەتی لە ڕستە لێڵەکاندا دەردەکەوێت. بڕوانە(٣٦):

---

١- Trask,(١٩٩٣,١٣٠)
٢- تارا موحسن قادر (٢٠١١: ١٠-١١).

(٣٦)    ئاڎێ هەر چوارشا ئامیٚ.   (ئەوان هەر چواریان هاتن.)

لە(٣٦)دا دوو واتا دەگەیەنێت (ئەوان هەر چوارکەس بون و هەموویان هاتن )، یان (ئەوان زیاتر بون و تەنها چوار کەسیان هاتن). ئەگەر یاساکانی گوێزانەوە واتای نەگۆڕیایە ئەو ڕستەیە یەك واتای دەبوو.

لەڕووی سینتاکسییەوە هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەم قۆناغە و قۆناغی تیۆریی ستانداردا نەبوو، بەڵکو جیاوازییەکە تەنها لە نواندنە واتاییەکەی ڕستەدا بوو، ئەم نواندنە واتاییەش بەتەواویی، یان بەشێکی دەبێت بەهۆی دروستەی ڕوکەشەوە دیاریبکرێت، ئەمەش یەکێك بوو لە سیما سەرەکییەکانی قۆناغی تیۆری ستانداردی فراوانکراو[١]. کەواتە دروستەسینتاکسییەکان دەبێت لە ڕووی واتاشەوە لە دروستەی ڕوکەشدا ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەبێت، ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە نەبێت ئەوا پێکهاتەیەکی نادروست دەبێت لەڕووی ڕێزمان، یان واتاوە. بڕوانە(٣٧) :

(٣٧)  أ- زاوڵەکە ساوەکێش واردەﮦ. (منداڵەکە سێوەکەی خوارد.)

ب- * زاوڵەکە تەوەنەکێش واردە ( * منداڵەکە بەردەکەی خوارد)

پ- * زاوڵە  تەوەن  واردە       ( * منداڵ بەرد خوارد)

لە(٣٧-أ)دا لە ڕووی سینتاکس و سیمانتیکیشەوە ڕێککەوتن لە نێوان بکەرو بەرکار، بەرکار و کاردا هەیە، لە(٣٧-ب)دا لە ڕووی سیمانتیکەوە ڕێککەوتن لە نێوان بکەرو بەرکار، بەرکار و کاردا نییە، چونکە[ (بەرد)  -]خواردن ە، لە(٣٧-پ)دا لە ڕووی سیمانتیك وسینتاکسیشەوە ڕێککەوتن لە نێوان بکەرو بەرکار، بەرکار و کاردا نییە.

## ٤-١/٢) ڕێککەوتن لە ڕوانگەی تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە وە GB:

تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە مۆدێلێکی تری شیکردنەوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانەکەی چۆمسکییە[٢]. لەسەر بناغەی چەمکی ڕێزمانی جیهانی( Universal Grammar)واتە ڕێزمانێك، کە ئاماژە بەو تایبەتمەندییانە بکات، کە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا هاوبەشن[٣].

ڕێککەوتن بەپێی ئەم تیۆرییە کەرەستەیەك دەسەڵاتی بەسەر کەرەستەیەکی تردا هەیە لە ڕستەدا، چونکە کەرەستە بێ دەسەڵاتەکان دەکەونە ژێر حوکمی کەرەستە بە دەسەڵاتەکەوە لە ڕستە دا و دۆخی ڕێزمانی و کات و کەس و توخمی پێدەبەخشێت و یاساکانی کۆپیکردنی بەسەردا دەسەپێنێت، هەروەها گەڕانەوەی کەرەستەکانی ڕستە بۆ یەکتری لە پێناوی ڕێککەوتندا، وەك گەڕانەوەی جێناوی خۆیی، یان ناو و جێناو بۆ یەکتری، واتە ئەگەر دوو فرێزی ناوی هەڵگری یەك

---

١-.Mathews,P,H(٢٠٠٧, ١٢٣)

٢– حاتەم وليا محەمەد (٢٠٠٩: ٦٤).

٣- ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩: ٣٩).

چەمك بن و ئاماژە بەيەك شت، يان يەك كەس بكەن، ئەوا ڕێككەوتن لە نێوانياندا هەيە و هاونيشانەن، ڕێككەوتنی نێوان كەرەستەكانی ڕستەش بەهۆی تيۆريی GBزۆر گونجاوترە، چونكە ((ڕێككەوتن لە ڕستەدا بەپێی تيۆريی GB ڕێككەوتنی بكەر، يان بەركار لەگەڵ كاری ڕستەكەدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو بنەمای سەرەكی دەسەڵاتی پۆل و تيۆری بەستنەوە، ڕێككەوتن لە تيۆريی GBدا دەبێت كەرەستە حوكمكراوەكە بگەڕێتەوە سەر كەرەستە بە دەسەڵاتەكە لەڕووی واتاوە))[1]. ڕێككەوتن بەپێی پەيوەندی(Spec)و سەری ڕێزمانی لێكدەدرێتەوە، كەواتە دەتوانين بڵێين تيۆريی دەسەڵات و بەستنەوە بۆ لێكدانەوەی دياردەی ڕێككەوتن لە هەمويان باشتر و گونجاوترە، چونكە تيۆرييەكە كار لەسەر شيكردنەوەی ڕێككەوتن دەكات و ڕێككەوتنی كەرەستەكانی ڕستە بەشێوەيەكی ورد و تەواو لێكدەداتەوە و پەيوەندی سەرەو تەواوكەر، يان پەيوەندی فرێزەكان پێكەوە لێكدەداتەوە، سيما ڕێزمانييەكانی خۆی بەسەر حوكمكراودا دەسەپێنێت، بەڵام مەرج نييە سيما ڕێزمانييەكانی حوكمكەرەكە لەلای وشە حوكمكراوەكە كۆپيبكرێت، بەڵكو دەبێت لەڕووی واتاوە بگەڕێنەوە سەريەك.

## ٥-١/٢) سروشتی ڕێككەوتن :

دياردەی ڕێككەوتن لە زماندا سروشتێكی تايبەتی هەيە، هەر زمانە و تايبەتمەندی خۆيی هەيە، زۆرێك لە زمانەكانی جيهان، كەرەستە سەرەكييەكانی ناو ڕستەيان، لە ڕووی چەمك و چەند تايبەتمەندييەكی ڕێزمانيی وەك(كەس، ژمارە، توخم، دۆخ ) ڕێكدەكەون، ((مەرج نييە لە يەك زماندا سەرجەم ئەو چەمك و تايبەتييە ڕێزمانيانە دەوری هەبێت لە ڕێككەوتندا و بەديبكرێت، بەڵكو بەپێی زمانەكان دەگۆڕێت))[2]. سروشتی ڕێككەوتن و ڕێككەوتنی كەرەستەكانی ڕستە بەپێی تايبەتمەندييە ڕێزمانييەكان، لە زمانەكاندا بەم شێوەيەی لای خوارەوە ڕوون دەكەينەوە :

لە هەندێك لە زمانەكاندا ناو، كە بەشێكی بنچينەيی ڕستەيە لە چ (كەس، ژمارە، توخم، دۆخ)ێكدا بوو، ئەوا وشەی نيشانە، يان ئەو ئاوەڵناو/ئاوەڵناوانەی، يان ئەو ناوانەی لەگەڵيشيدا دەردەكەون لە ڕستەكەدا دەبێت سەر بەهەمان (كەس، ژمارە، توخم، دۆخ) بن، وەك لە زمانی عەرەبيدا[3]. بڕوانە(٣٨)، (٣٩) :

(٣٨) أ- جاءت البنتُ. (كچەكە هات.)

---

١- ڤيان سلێمان حاجی (٢٠٠١: ٢٤).

٢– بێستوون حەسەن ئەحمەد(٢٠١٢: ٣٤).

٣- وريا عومەر ئەمين (٢٠٠٤: ١٦١).

ب- جاءت هذه (نیشانه) البنت (ناو) الذكية .(ئاوەڵناو) (ئەو كچە زیرەكە هات.)

ڕێككەوتن

(٣٩) أ- رأيتُ البنتين. (دوو كچەكەم بینی.)

ب- رأيتُ هاتين البنتين الذكيتين الجميلتين. (ئەو دوو كچە جوانە زیرەكەم بینی.)

ڕێككەوتن

لە نموونەی(٣٨-أ)دا ناوی (البنتُ) لە ڕووی توخمەوە (مێ)یە، لە ڕووی ژمارەشەوە تاكە و كەوتووەتە دۆخەوە و نیشانەی دۆخەكەی زەممەیە و دۆخی بكەرییە، بۆیە لە نموونەی(٣٨- ب)دا كاتێك (البنت) وشەی نیشانە و ئاوەڵناوی لەگەڵدا بەكار هاتووە لە هەمان توخم و ژمارەی ناوەكەیە و ڕێككەوتووە لەگەڵیدا. لە نموونەی(٣٩)یشدا بەهەمان شێوە ڕێككەوتن بە دیدەكرێت لە (٣٩- أ)دا (البنتين) بەركارە، لە ڕووی ژمارەوە كۆیە، بۆیە لە نموونەی (٣٩- ب)دا ئەو وشەی نیشانە و ئاوەڵناوانەی لەگەڵی هاتووە لەگەڵ ناوەكەدا ڕێككەوتووە و سەر بەهەمان توخم و ژمارەن.

لە زمانی ئینگلیزیدا ڕێككەوتن لە نێوان ناو و وشەی نیشانەدا هەیە تەنها لەڕووی ژمارەوەیە، بڕوانە(٤٠) :

(٤٠) أ- This beautiful girl come. (ئەو كچە جوانە هات .)

ڕێككەوتن

ب- These beautiful girls come. (ئەوكچە جوانانە هاتن.)

ڕێككەوتن

لە نموونەی(٤٠)دا دەبینین ڕێكەوتنەكە تەنها لەڕووی ژمارەوەیە، لە نموونەی(٤٠-أ) دا ناوەكە تاكە و بەو پێیە وشەی نیشانەكەش تاكە، بەلأم لە نموونەی(٤٠-ب)دا ناوەكە كۆیە و وشەی نیشانەكەش بەهەمان شێوە كۆیە ئەمەش لە ئەنجامی بەدیهێنانی ڕێككەوتنە.

ئەگەر بێت و نموونەیەكیش لە زمانی توركی وەربگرین ((لەڕووی كەس وژمارەوە (بكەر و كار) ڕێكدەكەون))[1]، بڕوانە(٤١) :

١- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٦٣).

(٤١) Sen bizi gördü . (تۆ ئێمەت بینی.)

بکەر کار

ڕێککەوتن

لە زمانی فارسیشدا، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا تاڕادەیەك لەیەك نزیکن و سەر بە یەك خێزانە زمانن، لە ڕووی کەس و ژمارەوە ڕێککەوتن دەبینرێت، بڕوانە(٤٢):

(٤٢) أ- من با اوتومبیل رفتم. (من بە ئوتومبیل ڕۆشتم.)

ڕێککەوتن

ب- شما درس را خواندید. (ئێوە وانەتان خوێند.)

ڕێککەوتن

لە (٤٢)دا ڕێککەوتن لە نێوان بکەر وکاردا دەبینرێت، لە ڕووی کەس وژمارەوە، لە نموونەی(٤٢-أ)دا کەسی یەکەمی تاکە، لە نموونەی(٤٢-ب)دا کەسی دووەمی کۆیە. بەپێی کەس و ژمارە بکەر جێناوی لکاوی بەخشیوە بە کارەکە و لەگەڵیدا ڕێککەوتووە.

زمانی کوردی جیاواز لە زمانەکانی تر ڕێککەوتن لە نێوان (بکەر- بەرکار، بکەر – کار)دا بەدیدەکرێت. بەپێی زار و شێوەزارەکانیش جیاوازی ڕێککەوتن بەدیدەکرێت، لە زاری ناوەڕاستدا * ، ڕێککەوتن لە کەس و ژمارەدا دەبینرێت. بڕوانە(٤٣):

(٤٣) أ- من نوستم.

ڕێککەوتن

ب- ئێمە نانمان خوارد.

ڕێککەوتن

لە زاری کرمانجی ژوروو و شێوەزاری هەورامیدا سەرەڕای ڕێککەوتنی(بکەر-کار، بکەر- بەرکار) ڕێککەوتن لە نێوان (بەرکار- کار)یشدا بەدیدەکرێت، ئەم جۆرە ڕێککەوتنەش بە ئێرگەتیڤی دادەنرێت، کە لە ڕووی دیاردە ڕێزمانییەکانەوە ڕێکدەکەون، بڕوانە(٤٤)، (٤٥):

(٤٤) لە زاری کرمانجی ژووروودا: من هون دیتن. (من ئێوەم بینی.)

ڕێککەوتن

(٤٥) لە هەورامیدا: من ئادەم بەردەۋ. (من ئەوم برد.)

ڕێککەوتن

---

* ڕێککەوتنی(بەرکار- کار) لە ئێستای زاری ناوڕاستدا نەماوەو بەکارناهێنرێت، تەنیا لە چەند بەکارهێنانێکدا نەبێت. بڕوانە: فەرەیدوون عەبدول محەمەد (٢٠١٢: ٢٧-٣٤).

له نموونەی(٤٤)دا ڕێککەوتن له نێوان بەرکار و کاردا هەیە، له نموونـەی(٤٥)دا ڕێککـەوتن لـه نێـوان بکەر و بەرکار، و بەرکار و کار دا هەیە و بەرکار جێناوی لکاو و مۆرفێمی توخمی داوە بە کارەکە.

لـه ئـەنجامی ئـەو ڕونکردنەوانـەی، کـە باسمـان کـرد، بەشـێوەیەکی گشـتی دەتـوانین لـه زمانـه جیاجیاکانـدا ئـەمجۆرە ڕێککەوتنانـەی لای خـوارەوە جیـا بکەینـەوە لـه کەرەسـتە بنجینەییـەکانی ڕستەدا:

١- ڕێککەوتنی وشەی نیشانە و ناو، یان ناو و ئاوەڵناو (ڕێککەوتنی ناو دیارخەرەکانی )

٢- ڕێککەوتنی بکەر و کار

٣- ڕێککەوتنی بکەر و بەرکار

٤- ڕێککەوتنی بەرکار و کار

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، که زمـانی عـەرەبی ڕێککـەوتنی لـه جـۆری یەکـەم و دووەمـی تێـدا دەردەکەوێت، له زمانی ئینگلیزیـدا جـۆری یەکـەم بـە زۆری دەردەکـەوێت و هەنـدێکجاریش جـۆری دووەمی تێدا دەردەکەوێت. هەروەها له زمانی تورکیشدا ڕێککـەوتن لـه جـۆری دووەمـە، بـه هـەمان شێوە لەزمانی فارسیشدا ڕێککەوتن له جۆری دووەمە، له زمانی کوردیشدا بەپێی زارو شـێوەزارەکان شێوەی جیاوازی ڕێککەوتن هەیە، بۆنموونە له زاری ناوەڕاستدا ڕێککەوتن له جۆری یەکـەم ودووەم و سێیەمە، له زاری کرمانجی ژووروشدا ڕێککەوتن له جۆری یەکەم و دووەم و چوارەمە .

لـه شـێوەزاری هەورامیـدا جیـاواز لـه زار و شـێوەزارەکانی تـری زمـانی کـوردی زۆربـەی جـۆری ڕێککەوتنـەکانی تێـدا بەدیـدەکرێت، کـە بـەپێی کـاتی کارەکـە جـۆری ڕێککەوتنەکـە دەگۆڕێـت*، ئەمـەش تایبەنمەنـدی شـێوەزارەکەمان بـۆ دەردەخـات، ڕێککـەوتن لـەنێوان کەرتەکانـدا ڕێککـەوتنی (کـەس و ژمـارە و تـوخم و دۆخ) بەدیـدەکرێت، کـە لـە بەشـەکانی داهـاتوودا بـە وردی باسـی لێـوە دەکـەین، لێــرەدا چــەند نموونەیــەك دەهێنینــەوە لــە شــێوەزاری هەورامیــدا ســەبارەت بــەو ڕێککەوتنانەی باسکران:

١-ڕێککەوتن له جۆری یەکەم، بڕوانە(٤٦):

(٤٦) أ- ڕێککەوتنی وشەی نیشانە و ناو لەڕووی توخم و ژمارەوە

ئا کوڕە (ئەو کوڕە)

ڕێککەوتن

ب- وشەی نیشانە و ناو و ئاوەڵناو لەڕووی توخمەوە

ئا کناچە زیرەکێ (ئەو کچە زیرەکە)

ڕێککەوتن

*بڕوانە پاری دووەمی بەشی سێیەمی ئەم نامەیە.

پ-     ناو و ئاوەڵناو لەڕووی توخمەوە

کناچێ  ژیرە  (ناو و ئاوەڵناو)          (کچی ژیر)

ڕێککەوتن

٢- ڕێککەوتن لە جۆری دووەم، بڕوانە(٤٧):

(٤٧) أ-          من    وتا .          (من خەوتم.)

ڕێککەوتن

ب-          ئێمە    وتیمێ          (ئێمە خەوتین.)

٣- ڕێککەوتن لە جۆری سێیەم و چوارەم، بڕوانە(٤٨):

(٤٨) أ-          ئازاد    منــش    کیاستانیْ.          (ئازاد منی نارد.)

ڕێککەوتن جۆری سێیەم          ڕێککەوتن جۆری چوارەم

ب-          تۆ شیرینە ت کیاستەیش.          (تۆ شیرینت نارد.)

## ٦-١/٢) جۆرەکانی ڕێککەوتن:

بە گشتی لە زماندا سێ جۆر ڕێککەوتن هەیە:

### ١-٦-١/٢) ڕێککەوتنی ڕێزمانیی Grammatical Agreement:

بریتییە لە ڕێککەوتنی کەرەستە بنچینەییەکانی ناو ڕستە لەڕووی تایبەتییە ڕێزمانییەکانی وەك (کەس، توخم، ژمارە، دۆخ). (ڕێککەوتنی ڕێزمانیی لە سنووری فرێز و ڕستەدایە، دەرکەوتنی کەرەستەیەك بە فۆڕمێکی دیاریکراو بە دەرکەوتنی کەرەستەیەکی تر بە هەمان فۆڕمەوە بەند دەکات، کە پەیوەندییەکی ڕێزمانی پێکەوەیان گرێدەدات)[1]، واتە ڕێککەوتنی ڕێزمانیی دیار دەیەکی ڕێزمانییە لە چوارچێوەی ڕستەدا و لەسەر ئاستی دروستەی ڕووکەشە، کەواتە لە سیمای ڕێزمانی (کەس و ژمارە و توخم و دۆخ) دەکۆڵێتەوە، ((ئەم ڕێککەوتنەش چەمکێکە جۆری پەیوەندی نێوان دوو بەشی ڕستە لە پەسنکردنی کەرەستەیەك لە لایەن کەرەستەیەکی ترەوە دەستنیشان دەکات))[2]. ئەمەش پەیوەندی سینتاکسی وشە و فرێزەکان و پێکەوە گونجانیان دیاریدەکات.

لە سینتاکسدا دوو جۆر ڕێککەوتنی ڕێزمانی دەبینرێت :

---

١- Trask,R,L(١٩٩٣: ١٢).

٢- هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد (٢٠٠٢ : ١٦٣).

١- ڕێککەوتنی دیارخراو و دیارخەر لە فرێزی ناوی (بکەری - بەرکاری) لە ڕستەدا، بەشێوەیەك کەرەستە بە دەسەلاتەکە لە ڕووی توخم و ژمارە و دۆخەوە لەگەڵ کەرەستە بێدەسەلاتەکە ڕێکدەکەوێت، ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە نەبێت ڕستەکە لەڕووی ڕێزمانییەوە ناتەواو دەردەچێت، بڕوانە(٤٩):

(٤٩) أ- تاتە و بلندی ئاما .( باوکی بڵند هات. )

ب- من ئا کوڕا کیانوو .* (من ئەو کوڕانە دەنێرم.)

٢- ڕێککەوتنی نێوان ف. ن و ف.ك، واتە (بکەر- کار)، یان بەرکار و کار لە( ف.ك) دا لە ڕووی کەس و ژمارە، (بکەر- بەرکار) کەرەستەی بەدەسەلاتن و لەگەڵ کاردا ڕێکدەکەوێت و جێناوی لکاو و مۆرفێمی توخم دەبەخشێت بە کۆتایی کارەکە، بڕوانە(٥٠):

(٥٠) أ- ئاڎ لواڠ. ( ئەو ڕۆشت. )

ب- ئاڎ تۆ ش نویستی. ( ئەو تۆی نوسی.)

لە نموونەی(٥٠-أ)دا بکەر و کار لە کەس و ژمارەدا ڕێککەوتوون، لە نموونەی(٥٠-ب)دا بەرکار و کار لە ڕووی کەس و ژمارەوە ڕێککەوتوون، هەروەها بکەر و بەرکاریش بەهەمان شێوە ڕێککەوتوون.

## ٢-٦-١/٢) ڕێککەوتنی واتاییNotional Agreement :

بۆ دەربڕینی ڕستەیەکی دروست پێویستە ڕێککەوتنی واتاییش بوونی هەبێت، ڕێککەوتنی واتاییش بریتییە لە ڕێککەوتنی کەرەستەکانی ناو ڕستە، سازان و گونجانیان لەگەڵ یەکدا لە ڕووی واتاوە، واتە ((یەکگگرتن و ڕێککەوتنی سیما واتاییەکانی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە ڕێگەی پەیوەندییە واتاییەکانەوە، کە بەهۆیانەوە کەرەستەی بە دەسەلات هەندێك کۆتی واتایی تایبەت بەسەر کەرەستە بێدەسەلاتەکان دەسەپێنێت))[1]. ڕێککەوتنی واتایی لەڕووی لۆجیك و واتاوە کار لەگەڵ کەرەستەکانی تری ڕستەدا(بکەر- بەرکار) ڕێکدەکەوێت، بۆ ڕوونکردنەوەی سیماکانی کەرەستە ڕێککەوتووەکان، هەندێك لە سیماکانیان بەڕێگای یاسای گوێزانەوە بەدوای کارەوە دەلکێن لە پێناوی ڕێککەوتندا. ڕێککەوتنی واتایش بوونی پێویستە، چونکە ((پێکهاتەکانی کەرەستەی سەرەکی ڕستە(بکەر- بەرکار- کار) هەرچەندە لەڕووی ڕێزمان دروستی ڕستەوە تەواوبن، بەلام تا لەڕێی یاسای گشتی ڕێککەوتنی کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە لێکنەدرێنەوە و خەسڵەتی واتاییان دەستنیشان نەکرێت، واتای ڕاستی ڕستەکە دەرناکەوێت))[2]، واتە دەبێت سیما واتاییەکانی کەرەستە ڕێککەوتووەکان دژ بەیەکتر نەبن. بڕوانە(٥١):

---

*لە نموونەی(٤٩- ب)دا بەپێی جێکەوتەی فرێزی ناوی(ئاکوڕێ) دەبێت بە (ئاکوڕا)، ێ، کە نیشانەی کۆیە دەبێت بە (ا-) کە مۆرفێمی دۆخە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لابەرە ٦٧ی ئەم نامەیە.

١–ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠١ :١).

٢-هیدایەت عەبدوللا حەیران (٢٠٠٢: ١٦٩).

(٥١)  ئاڤ  یانەکا  ورەشۆ.  (ئەو خانووەکان دەفرۆشێت.)

+نێر  +گۆ  +کەسی سێیەمی تاك
+٣تاك  +بێلایەن  +تێپەر
+گیانلەبەر  - گیاندار  +ڕانەبردوو

ڕێککەوتن

زۆرجار کار لەگەڵ بکەردا ڕێکدەکەوێت بێ گوێدانە ئەوەی بکەر تاکە، یان کۆیە ئەمەش بەڕوونی لە ناوی کۆمەڵدا دەردەکەوێت، کە لەڕووی فۆڕمەوە تاکن، بەلاّم لەڕووی واتاوە کۆ دەگەیەنن[1]. بڕوانە(٥٢):

(٥٢)  أ- لیژنەکە بڕیارشدا.  (لیژنەکە بڕیاریدا.)

ب- لیژنەکە بڕیارشادا.  (لیژنەکە بڕیاریاندا.)

پ- * لیژنەکا بڕیارشدا  (* لیژنەکان بڕیاریدا)

لە نموونەی(٥٢-أ)دا (لیژنەکە) وەك تاك مامەڵەی لەگەڵ کراوە و جێناوی لکاوی(ش)ی کەسی سێیەمی تاك دراوە بە کارەکە، ڕێککەوتنی بکەر و کار لەڕووی واتاوە تەواوە و بەکاریش دێت، بەلاّم لەڕووی ڕێزمانییەوە دەبێت بکەر لەگەڵ کارەکەدا ڕێکبکەوێت و جێناوێکی لکاوی کۆ بدات بە کارەکە، چونکە بکەر هەرچەندە لە ڕووی فۆڕمەوە تاکە، بەلاّم هەڵگری چەمکی کۆیە، بۆیە ڕاستر وایە، وەك لە نموونەی (٥٢-ب)دا دیارە بەو شێوە بەکاربێت، کە بکەر جێناوێکی لکاوی (شا)ی بەخشیوە بە کارەکە کە هەڵگری نیشانەی کەسی سێیەمی کۆیە و دەگەڕێتەوە بۆ بکەر( لیژنەکە)، لەبەرئەوەی لیژنە لە یەك کەس زیاترە. لە(٥٢- پ)دا واتا نادروست و ڕێزمان نادروستیشە.

لە ڕستەدا پێویستە هەر دوو جۆرەکەی ڕێککەوتن بوونی هەبێت، ((کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەش بەپێی پێویستی و سروشتی زمانەکە، بەهۆی پەیوەندییەکی ڕێزمانی، یان واتایی سازانێکی گونجاو لە نێوانیاندا دروست دەبێت، کە ئامانج لێی گەیاندنی زانیارییە بە گوێگر))[2]. بەم شێوە ڕێککەوتن دەبێتە هۆی زیاتر ڕوونکردنەوەی فۆڕم و سیماکانی کەرەستە ڕێککەوتووەکان و ئەو ڕۆڵەی، کە لە ڕستەکەدا دەیگێڕن، بەمەش لای گوێگر واتای فرێز و ڕستە زیاتر ڕووندەبێتەوە[3].

## ٣-٦-١/٢) ڕێککەوتنی هاوسێیەتی Agreement of Proximity:

ڕێککەوتنی هاوسێیەتی بەشێوەیەکە ڕێککەوتنەکە لە نێوان کاری ڕستەکە و نزیکترین کەرەستەدایە، (کاری ڕستەکە پێویستە لەگەڵ ناو، یان جێناوێکدا ڕێکبکەوێت، کە پێش کارەکە

---

١-(Saza Ahmed Fakhry (٢٠١٤: ٥١

٢- بڕوا ڕەسوڵ ئەحمەد (٢٠١١: ٢١).

٣- ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠١ : ٢٧).

کـەوتبێت، واتـە کـاری ڕسـتەکە لەگـەڵ نـزیکترین نـاو، یـان جێنـاودا ڕێکدەکـەوێت).[1] ئـەمجۆرە ڕێککەوتنە لە ڕستەی لێکدراودا بەدیـدەکرێت، چونکە لـە ڕسـتەی لێکـدراودا زۆرجـار کـار دووبـارە نابێتەوە، بۆیە ئەوکارەی کە دێت لەگەڵ نزیکترین کەرەستەی هاوسێیدا ڕێکدەکەوێت، بڕوانە(٥٣):

(٥٣) أ- نە <u>من</u> <u>ئامانێ</u> نە تۆ ئامای. (نە من هاتم نە تۆ هاتی.)

ڕێککەوتن

ب- نە ئادێ <u>ئامێ</u> نە شمە<u>ێ</u> ئامایدێ. (نە ئەوان هاتن نە ئێوە هاتن.)

ڕێکنەکەوتن

لە نموونەی (٥٣-أ)دا کارەکە لەگەڵ نزیکترین کەرەستەدا ڕێککەوتووە، کە (من)ە و جێناوێکی لکاوی بـەپێی کـەس و ژمـارەی بکـەر وەرگرتـووە، وە ئەگـەر سـەیری نموونـەی(٥٣-ب) بکـەین دەبیـنین ڕێککەوتنی نییە لەگەڵ کەرەستەکەی دوای خۆیدا، چونکە لەم جۆرە ڕستەدا ڕێککەوتنەکـە لەگـەڵ نزیکترین کەرەستەدا دەبێت، واتە کاری ڕستەکە لـە کامەیانـەوە نزیـك بـوو لەگەڵیـدا ڕێکدەکـەوێت لەڕووی کەس و ژمارە و توخمەوە.

## ٢/٢) ئێرگەتیڤ

### ٢/٢-١) زاراوەی ئێرگەتیڤ :

ئێرگەتیڤ زاراوەیەکە لە زمانەوانیدا بە تایبەت لە زانستی پۆلێنکردنی زمانـدا ( Language Typology)دا بەکاردێت. ((زاراوەکەش لـە وشـەی یۆنـانی (ergates)ەوە هـاتووە، کـە بـە واتـای (کارکــەر) یــان ئەنجامــدەری کــار دێــت))[2]. لــە زمــانی فارسیشــدا ((زاراوەی(کنــایی) بــۆ بەکارهێنراوە)).[3] ئێرگەتیڤ لەو زمانەدا بەدیدەکرێت، کە گۆڕانی سینتاکسی بەسـەردا نـەهاتووە، لە هەندێك زار و شێوەزاری زمانی کوردیشدا هەیـە، بەتایبـەت زاری کرمـانجی ژووروو و شـێوەزاری هەورامی.

### ٢/٢-٢) چەمك و پێناسەی ئێرگەتیڤ :

ئێرگـەتیڤ دۆخێکـی ڕێزمانییـە، کـە پەیوەنـدداره بـە بکـەری کـاری ڕابـردووی تێپـەڕ، لـەم پێکهاتەیـەدا کـارا (بکـەری لـۆجیکی) * لـە دۆخێکـی ناکارادایـە و بـەرکار لـە دۆخێکـی کـارادا دەردەکەوێت، لە جۆری

---

١- ( ٢٠١٤:٢٢) Saza Ahmed Fakhry

٢- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد(٢٠٠٦ : ٥).

٣- یادگار کریمی (١٣٩٠: ٩٦).

*بکەری لۆجیکی: ئەو بکەرەیە، کە پەیوەندی بە لۆجیکەوە هەیە، لەڕووی لۆجیکەوە دەزانرێت، کە کارەکە ئـەو ئـەنجامی دەدات. بۆ نموونە : تۆ نەوزادت بینی. لەم ڕستەدا(نەوزاد) بکەری لۆجیکیە، هەتا (نەوزاد) بونی نەبێت (تۆ) نایبینیت.

تەواویش کار لەڕووی ژمارە، تاك و كۆ لەگەڵ بەرکار، کە لە ڕاستیدا بکەری ڕێزمانییە ڕێکدەکەوێت[١]. واتە ((بەرکار و کار لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەون بکەر نیشانەیەك وەردەگرێت، ئەمەش بە ئێرگەتیف ناودەبرێت))[٢]، دەشتوانین پێی بڵێین ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤی. ئەگەر بە شێوەیەکی تر پێناسەی ئێرگەتیف بکەین دەڵێین: ئێرگەتیف شێوازێکی ڕێزمانییە، کە بکەری کاری تێنەپەڕ(S)، بەرکاری کاری تێپەڕ(O) هاوشێوەن و هەمان مامەڵەکردنیان هەیە، بەشێوەیەك هەردووکیان لە بکەری کاری تێپەڕ(A) جیاوازن[٣]. واتە بکەر لە باری ڕستەی کار تێنەپەڕدا و بەرکاریش لە باری ڕستەی کار تێپەڕدا لە شێوەیەکی وەکیەکدا دەبن، کە پێی دەوترێت باری Absolutiv* واتە ئێرگەتیڤی تەواو[٤]. بە دۆخی (ئێرگەتیف – ئەبسۆلۆتیف)یش ناودەبرێت، کەواتە چەمکی ئێرگەتیف بە ئاشکرایی پەیوەندی بەوەرگرتنی نیشانەی دۆخەوە هەیە، لەم دیاردەیەشدا فرێزی ناوی ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لە وەرگرتنی دۆخدا، بەشێوەیەك بکەری تێنەپەڕ و بەرکاری تێپەڕ وەك یەکن و نیشانەی دۆخیان پێوەیە، کە جیاوازن لە بکەری تێپەڕ، ((بە هەمان شێوە بکەری کاری تێنەپەڕ و بەرکاری کاری تێپەڕ لەگەڵ کاردا ڕێکدەکەون، جیاوازن لە بکەری تێپەڕ کەلەگەڵ کاردا ڕێکناکەوێت لە ئێرگەتیڤدا))[٥]. لەو زمانانەدا، کە ئێرگەتیف بەو شێوەیە بەزۆری نیشانە/مارکە لێدراوە، واتە ئێرگەتیف ئەنجامدەری کار و بەجێهێنەرەکەی دیاریدەکات، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتریش بڕوانە ئەم وێنەیەی خوارەوە :




(ئێرگەتیف – ئەبسۆلۆتیف)

بەڵام، ئەگەر لەو شێوەی سەرەوەدا نەبوو، ئەوا لە دۆخی (بکەری Nominative– بەرکاری Accusative)دا، بکەری کاری تێپەڕ و بکەری کاری تێنەپەڕ (A,S) وەکیەکن و هەمان

---

١- ایران کلباسی (١٣٦٨: ٧٠).

٢- وریا عومەر ئەمین (٢٠١٥ : ١٨).ڕۆژنامەی بەدرخان.

٣- R.M.W.Dixon(١٩٩٤:١)

*Absolutiv بارێکی ڕێزمانییە لەو زمانانەدا دەبینرێت، کە ئێرگەتیڤیان تێدایە، لە ڕستەی ڕابردووی تێپەڕدا بەرکار هیچ نیشانەیەك وەرناگرێت، بەڵام بکەر نیشانەی دۆخ Absolutiv وەردەگرێت.

٤- شاسوار هەرشەمی (٢٠١٥: ١٨٧).

٥- یادگار کریمی (١٣٩٠: ٩٦).

مارکەیان هەیە، یان هەمان مامەڵەکردنیان هەیە و جیاوازن لە بەرکاری کاری تێپەڕ(O)، نیشانەی دۆخ لەسەر بکەری بە(Nominative) ناودەبرێت و نیشانەی دۆخ لەسەر بەرکاری بە (Accusative)ناودەبرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەمەش، بڕوانە ئەم وێنەیەی خوارەوە :




(نۆمینەتیڤی – ئەکۆزەتیڤی)

### ٣-٢/٢) ئێرگەتیڤ لە زمانەکاندا :

ئێرگەتیڤ بارێکی گراماتیکییە و لەو زمانانەدا دەردەکەوێت، کە زمانی ئێرگەتیڤین. واتە بکەری کاری تێنەپەڕ و بەرکاری کاری تێپەڕ لە هەمان کاتدا وەك یەك و جیاوازن لە بکەر کاری تێپەڕ. ئێرگەتیڤ لە زۆر زماندا بەدیدەکرێت، نزیکەی لەسەدا بیستی زمانەکانی جیهان ئێرگەتیڤن، وەك خێزانە زمانیەکانی قەوقازی و تبتی و بۆرمایی و هەروەها ئوستوراڵی، کە تایبەتمەندی ئێرگەتیڤیان تێدایە، هەروەها زمانەکانی جۆرجی و باسك و ئەسکیمۆ،.....هتد ، و بەشێکی زۆری زمانە هیندۆ ئێرانییەکان وەك : هیندی و نیپاڵی و پنگالی و تالشی و تاتی و ....هتد ، لە زمانە ئێرانیەکانیش وەك : پشتۆیی و زمانی کوردی (بەتایبەت شێوەزاری هەورامی و زاری کرمانجی ژوروو) دیاردەی ئێرگەتیڤیان تێدایە[(١)]. بوونی دیاردەی ئێرگەتیڤ زیاتر لە زمانە کۆنەکاندا زۆرتر بەدیدەکرێت و قسەو باسی لەسەرە، کە(( زۆربەی ئەو زمانانەی تایبەتیەکانی ئێرگەتیڤیان تێدا هەبووە، ئێستا نەماون و مردوون، لەوانەش زمانی (سۆمەری، خوری، زەردەشتی، ئورارتیان، هاتیك، ئالامیت،...)، کە پاشماوەی ئێرگەتیڤیان تیا نەماوە))[(٢)].

لە زمانە هیندۆ ئێرانییەکاندا، تایبەتییە ڕێزمانییەکان گونجاون لەگەڵ دۆخ و ڕێککەوتن لەگەڵ کار، ئەگەر تایبەتییە ڕێزمانییەکان دۆخ لەخۆ بگرێت ئەوا بکەری کاری تێنەپەڕ(S) و بەرکاری کاری تێپەڕ(O) پەسندەکرێن بە ئەبسۆلۆتیڤ( Absolutive)، یان دۆخی ڕاستەوخۆ( Direct case ) لەکاتێکدا بکەری کاری تێپەڕ(A) بە دۆخی ناڕاستەوخۆ(Oblique)دەردەکەوێت، ((بەم هاوسەنگییە

١- Muhammad Salih Abdullah(٢٠٠٤ : ٧١)

٢- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد(٢٠٠٦ : ٢٩).

زۆربەی هاوبەشەکانی پێکهاتەی بـەرکاری لـە کاتێکدایـە تایبەتییـە ڕێزمانییـەکانی (S) دەگونجێت لەگەڵ (A) و جیاوازن لە (O) ئەگەر تایبەتە ڕێزمانییەکان خـۆی لـەم دۆخـەدا بنوێنێت (S,A) سـیماکانی بکـەری دەبێـت. بـۆ جیـاوازیکردن لەگـەڵ ئێرگـەتیڤی تـەواو، کـە هـەردوو نیشـانەی (ڕێککەوتنی کار و مۆرفێمی دۆخ) لـەخۆ بگرێـت ئـەوە نـاو دەبرێـت بـە پێکهاتەیـەکی نادیـاری، کـە بـەرکار لەگـەڵ کـارێکی تێپـەڕی ڕابـردوو دێـت، هـەروەها کـار ناگونجێت لەگـەڵ ئـەوەی بکـەر، یـان بکەری لۆجیکی (A)یە))[1] . کاتێـك کـار دەگونجێـت لەگـەڵ بـەرکار لـەڕووی تـوخم و ژمـارە لەگـەڵ زمانە نوێیە ئێرانییەکاندا وا دەردەکەون، کە لە کاتی ڕابـردوو پێکهاتەیـەکی ئێرگـەتیڤییان هەیـە، لەوانـەش زمانـەکانی پشـتۆ و لـە زمـانی کوردیشـدا زاری ژوروو و شـێوەزاری هـەورامی، کـە نیمچـە ئێرگەتیڤن لە چوارچێوەی هـەردوو جـۆری ڕێککـەوتنی بـەرکار - کـار لەگـەڵ کـار و نیشـانەی دۆخ خۆیان دەنوێنن، بەڵام ((هەندێك لە زمانەکانی وەك (تاتی)، کە ئێرگەتیڤیەکەی نیشانەی دۆخـە و ئێرگەتیڤی نیشانەی ڕێککەوتنی کاری تێدا نییە، لەکاتێکدا زمانی فارسی ناوەڕاسـت بەشـێکی زۆری ئێرگـــەتیڤی و نیشـــانەی دۆخیـــان لەدەســـتداوە، بـــەڵام تایبەتییـــەکانی ڕێککـــەوتنی کاریـــان پاراستووە))[2].

ئێرگەتیف لە زمانەکاندا جیاوازی هەیە، زمانـە ئێرگەتیڤییـەکان ئـەو زمانانـەن، کـە بکـەری تێنەپـەڕ (S)و بـەرکاری تێپـەڕ(O)یـان وەك یـەکن، بـەڵام فـۆرم و پێکهاتـەی بکـەری تێپـەڕ(A) جیایـە، زۆربـەی زمانـەکان تێکەڵاوییـەکیان هەیـە لـەڕووی سیسـتەمەکانی (بکـەری و بـەرکاری) و (ئێرگەتیف – ئەبسۆلۆتیف) لـەناو بەنـدە نیشـانەکراوەکاندا. کەواتـە زمانـە ئێرگەتیڤییـەکان ئـەو زمانانەن، کە بکەر لە باری ڕستەی کار تێنەپەڕ هیچ بەرکارێکی نییـە، بۆیـە بکـەر لـە ڕسـتەی وادا وەك خـۆی و بـێ گـۆڕان بـەکاردێت و ڕۆڵـی چالاکانەی دەردەکـەوێت، لـەو جـۆرە زمانانـەدا ئەگـەر ((بکەر کار لە بەرکاری ڕاستەوخۆ بکات، ئەوا بکەرەکە نیشانەیەکی تایبەتی دەچێتەسەر بۆ ئەوەی بزانرێت ئەوە بکەرەکەیە کاری لە بەرکاری ڕستەکە کردووە، بـەڵام بـەرکار لـە ڕسـتەدا وەکـو خـۆی دەمێنێتەوە، هـەروەها بکـەری ڕسـتەی کـار تێنەپـەڕ و بـەرکاری ڕسـتەی کـار تێپـەڕ لـە شـێوەیەکی وەکیەکـدا دەبـن و پێیـدەوترێت ئەبسـۆلۆتیف، واتـە هـیچ نیشـانەیەکیان ناخرێتەسـەر و بـاری ئێرگـەتیڤی ڕسـتە تـەنها لـەو کاتانـەدا دەردەکـەوێت، کـە بکـەر لـە ڕسـتەی کـار تێپەڕدایـە))[3]. بـۆ ڕوونکردنەوەش نموونەیەك لە زمانی (باسك) دەهێنینەوە، بڕوانە(٥٤) :

(٥٤) (( أ- پیاوەکە گەیشت.

Gizon-**a** etorrida.

ب- پیاوەکە کوڕەکەی بینی.

[4] ((Gizon-**ak** mutil-**a** ikusidu.

---

١- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد(٢٠٠٦ : ٢٩).

٢- هەمان سەرچاوە: ٣٠.

٣- شاسوار هەرشەمی (٢٠١٥ :١٨٦- ١٨٧).

٤- محەمەدی مەحوی (٢٠١٤: ٤٦).

لە نموونەی(٥٤-أ)دا بکەری کارە تێنەپەڕەکە(Gizon ) نیشانەی ئەبسۆلۆتیڤی وەرگرتووە، کە (-a)یە، لە باری ئەبسۆلۆتیڤدایە، بەڵام لە نموونەی(٥٤-ب)دا بکەری کارە تێپەڕەکە(Gizon )نیشانەی ئەرگەتیڤی وەرگرتووە، کە(-ak)یە، بەرکاری کارە تێپەڕەکە(O) نیشانەی(-a)ی ئەبسۆلۆتیڤی وەرگرتووە و هەمان نیشانەی بکەری ڕستەی یەکەمی هەیە، واتە هەمان نیشانەیان وەرگرتووە(ئێرگەتیڤ – ئەبسۆلۆتیڤ)ە. ئەمەش بە ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی دادەنرێت.

**لە زمانە جیاجیاکاندا بەپێی پلەی دەرکەوتنی ئێرگەتیڤی، زمانەکان دەکرێن بە سێ بەشەوە[1] :-**

١- ئەو زمانانەی لە سەدا سەد ئێرگەتیڤین، واتە ئێرگەتیڤ –ئەبسۆلۆتیڤ، وەك زمانی (دیربالْ ).

٢- ئەو زمانانەی، کە هەر دوو جۆری سیستەمەکەیان تیابەدیدەکرێت، واتە هەندێك ڕۆڵ بە سیستەمی (ئێرگەتیڤ –ئەبسۆلۆتیڤ) و هەندێکی تر بە (نۆمینەتیڤی – کۆزەتیڤی) دەدرێت، وەك زمانی هندی و کوردی.

٣- ئەو زمانانەی، کە لە سەدا سەد بەرکارییین، واتە دۆخی سیستەمی (ئێرگەتیڤ – ئەبسۆلۆتیڤ)یان نییە، وەك : زمانی ئینگلیزی و تورکی.

## ٢/٢-٤) جۆرەکانی ئێرگەتیڤ :

زمانەوانەکان بەپێی دەرکەوتن و جیاوازی سیماکان لە زمانە جیاوازەکاندا چەند جۆرێك ئێرگەتیڤ دەستنیشان دەکەن :

### ٢/٢-٤-١) ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجیMorphological Ergativity:

بریتییە لەو جۆرەی ، کە فرێزی ناوی NP پەیوەندییەکی سینتاکسی لە ڕۆنانەکەدا هەیە، واتە(بکەر، بەرکار) نیشانەکراو دەبن بە مۆرفیمی (دۆخ، جێناوی لکاو، ....) بە ڕەچاوکردنی ئەمانەش بکەری کاری تێنەپەڕ(S) وەك بەرکاری کاری تێپەڕ(O) نیشانەدار/مارکەدار دەبێت، بەڵام جیاوازن لەگەڵ بکەری کاری تێپەڕ(A)دا[2]. بکەری کاری تێپەڕ (A) نیشانەی دۆخی ئێرگەتیڤی لێدەدرێت بکەری کاری تێنەپەڕ و بەرکاری کاری تێپەڕ وەك یەکن و نیشانەی ئەبسۆلۆتیڤیان لێدەدرێت[3]، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرەی ئێرگەتیڤ نموونە لە زمانی (باسك)دا دەهێنینەوە، کە سیستەمی ئێرگەتیڤی تەواوی هەیە، بڕوانە نموونەی (٥٤)لا٥٠:

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی پەسنی ئەو ڕێگایانەیە، کە ئەرکە سینتاکسییەکان وەکو بەڵگەیەکی ڕستەی تێپەڕ و تێنەپەڕی سادە نیشانە دەکرێن، لەبەرئەوە ئەگەر (S) نیشانەبکرێت بە هەمان شێوەی(O) و جیاوازبن لە (A) ئەوا ئێرگەتیڤییەکە مۆرفۆلۆجییە.

---

١- ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩ : ١١٧).

٢- -R.M.W.Dixon(١٩٨٧:٣)

٣- -محەمەدی مەحوی (٢٠١٤ : ٤٥- ٤٦).

کەواتە ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی پەیوەستە بە نیشانەکردنی ئەو پەیوەندییە سینتاکسیانەی لە ڕۆنانەکەدا هەیە، نیشانەی دۆخەکەش لەسەر فرێزی ناوی دەردەکەوێت، کە بەڵگەی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجییە، (لەم ڕوانگەشەوە سێ خاڵ دەستنیشاندەکرێت بۆ دیاریکردنی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی بەهۆی فرێزی ناوییەوە)[1]:

١- شوێنی فرێزی ناوی

٢- وەرگرتنی نیشانەی دۆخ

٣- ڕێککەوتنی لەگەڵ کاردا

## ٢/٢-٤-٢) ئێرگەتیڤی سینتاکسی Syntactic Ergativity:

دەکرێت ئێرگەتیڤ لە ڕێی قاڵبێکی سینتاکسییەوە بەرجەستە ببێت. ئەو زمانانەش، کە ئێرگەتیڤی سینتاکسییان تێدابێت، کەمترین ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجیانەیان دەبێت، چونکە کەرەستەی لێ لادەبرێت. (لە زۆربەی زمانەکاندا هەندێك ڕۆڵی سینتاکسی هەیە بۆ تێکەڵکردن و لێکدان و لابردنی کەرەستە، کە گرنگن بۆ چالاك بوونی سینتاکس، بۆ نموونە لابردنی فرێزی ناویNP لەژێر هەندێك مەرجی تایبەتی سینتاکسدا، بە مەرجێك فرێزی ناوی یەکەم جێگەی فرێزە ناوییە لابراوەکە بگرێتەوە. بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی و کوردی، ئێرگەتیڤی سینتاکسییان زۆر تێدایە، کە لابردنی فرێزی ناوی بەڕوونی تێدا دەردەکەوێت)[2]. بڕوانە(٥٥):

(٥٥) ئەژین جلەکانی شۆرد و دانیشت . (ئەژینە جلەکێش شتێ و نیشتەرە.)

لێرەدا فرێزی ناوی ڕستەی یەکەم دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ڕستەی دووەمدا هەیە، بۆیە کاتێك لە ڕستەی دووەمدا فرێزە ناوییەکە لادەبرێت هیچ کار لە ڕستەکە ناکات و لەڕووی ڕێزمان و واتاشەوە تەواو دەبێت. لێرەوە دەڵێین سیستەمی ئێرگەتیڤی زمانەکان دوو جۆرە (S/A و S/O)هەندێك زمان لەسەر یەك جۆریان کاردەکات و هەندێك زمانیش هەردوو جۆرەکەی تێدایە، زمانی کوردیش لەسەر S/A کاردەکات*. (هەندێك زمانیش هەیە، وەك زمانی (دێربالْ)، کە لەسەر S/O کاردەکات، و (ئێرگەتیڤ-ئەبسۆلۆتیڤ)ن، زمانەکەیان ئێرگەتیڤی سینتاکسییە و بەهاتنی بکەرێکی کار تێپەڕ دەتوانرێت بەرکارێك لابرێت)[3].

---

١- RobynC.Friend(١٩٨٥:١)

٢- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد(٢٠٠٦ : ٣٧).

* S/A وەك یەکن، واتە لەسەر بنەمای (بکەر – بەرکار)ن.

٣- R.M.W.Dixon(١٩٩٤:١٥٤)

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانیین بڵێین ،کە ئێرگەتیڤی سینتاکسی، لابردنی کەرەستەی زیادە دەگرێتەوە لە ڕستەدا بەتایبەت ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز، واتە لابردنی فرێزە ناوییەکە، کە دۆخی وەرگرتووە، جا لە جێی بکەر بێت، یان بەرکار لە ڕستەکەدا، لادەبرێت بەبێ ئەوەی واتاکەی تێکبچێت. لە زمانی کوردیشدا لابردن لە ڕستەی ناسادەدا بەڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێت، بۆیە ئێرگەتیڤی سینتاکسیش لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە.

## ٣-٤-٢/٢) ئێرگەتیڤی شەقبوو Split Ergativity:

بریتییە لە دۆخ پێدانی کار بە کەرەستەکانی، کە لە هەمان کاتدا دەکرێت دوو ئارگۆمێنتی جیاواز بە دوو کەرەستەی جیاواز بدات، واتە لەیەك کاتدا هەردوو دۆخی(بکەریNominative- بەرکاریAccusative)و دۆخی(ئێرگەتیڤ- ئەبسۆلۆتیڤ) دەدات، ئەمەش بەهۆی جۆری کار و ئەسپێکتەکانیەوە دەبێت[١]، واتە ئێرگەتیڤی شەقبوو دیاردەیەکی مۆرفۆسینتاکسییە و لە زمانە ئێرگەتیڤیەکاندا هەیە[٢]. نموونەی زمانی ئێرگەتیڤیی شەقبووش وەك: جۆرجی و هندی، کە لە دوو سیستەم پێکهاتوون هەندێکجار سیستەمی(بکەری – بەرکاری) و هەندێکجار(ئێرگەتیڤ – ئەبسۆلۆتیڤ) بەکاردێن.((ئەو زمانانەش، کە ئێرگەتیڤی شەقبوو نیشاندەدەن بەکەمیی هەڵسوکەوتی ئێرگەتیڤییان هەیە، بەڵام لە هەندێك دەقدا ئێرگەتیڤی سینتاکسی، یان مۆرفۆلۆجی بەکاردەهێنن، لە باری ئاساییدا( Accusative)یە))[٣]. ئێرگەتیڤی شەقبوو پابەندی چەند مەرجێکە لەوانەش:

(١- هەبوونی بەشداری دەقیی لە ڕستەی ناوەڕۆکەکەدا،وەك: کەسی یەکەم، یان کەسی دووەم.

٢- بەکارهێنانی هەندێك تاف و ڕووکار(کەتیگۆریی کار) لە کارەکەدا، زمانە هیندۆئێرانییەکان شەقبوونێك لە نێوان ڕووکاری تەواو و ڕووکاری ناتەواودا نیشاندەدەن، ئەگەر کارەکە ڕووکاری تەواو بوو ئەوە مارکەی ئێرگەتیڤی لێدەدرێت، بەڵام ئەگەر بە ڕووکاری ناتەواو بەکارهێنرا ئەوا مارکەی ( Accusative)ی لێدەدرێت.

٣- جۆری نیشانەکردنەکە/مارکەکردنەکە لە زمانێکدا: هەندێك زمان نیشانەی(ئێرگەتیڤ- ئەبسۆلۆتیڤ) پەیوەستە بە نیشانەی دۆخەوە، بەڵام نیشانەی( بکەری – بەرکاریی)ەکەیان پەیوەستە بە ڕێکەوتنەکانیانەوە.

٤- ئێرگەتیڤی بکەری تێنەپەڕ: لە هەندێك زماندا ئارگۆمێنتەکانی کارە چالاکەکان وەك کارای

---

١- Muhammad Salih Abdullah(٢٠٠٤ : ٨٨)

٢— ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩ : ١١٨).

٣- محەمەدی مەحوی (٢٠١٤: ٤٧-٤٨).

بکەردیار نیشانەیان لێدراوە، بەڵام ئارگۆمێنتە ناچالاکەکانی بەشێوەی زمانە ئێرگەتیڤیەکان وەك بەرکاری کاری تێپەڕیش نیشانەیان لێدراوە).[١]

٥- کاتی کار لە زماندا: هەندێك زمان لە هەموو کاتەکاندا هەست بە بوونی ئێرگەتیڤییان تێدا دەکرێت، وەك زمانی(دێربالْ)، لەکاتی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، بەڵام لە هەندێك زماندا تەنها لە کاتی ڕابردووی تێپەڕدا ئێرگەتیڤییان تێدا دەردەکەوێت. وەك: زمانی کوردی(زاری کرمانجی ژوروو، شێوەزاری هەورامی).

## ٥-٢/٢) ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا

زمانی کوردی یەکێکە لە خێزانی زمانی ئێرانی، کە سەر بە زمانی هیندۆئێرانییە. ئێرگەتیڤیش هەر لە کۆنەوە لە زمانە کۆنەکاندا هەبووە وەك لە زمانە هیندۆئەوروپی و هیندۆئێرانییەکاندا. بۆیە لە زمانی کوردیشدا کەم تا زۆر ئەم دۆخە بەدیدەکەین، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانەی بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە لە هەندێك زار و شێوەزاریدا دۆخی ئێرگەتیڤی تیا نەماوە، پاشماوەکەی ماوەتەوە* ، بەڵام لە چەند زار و شێوەزارێکدا ئێرگەتیڤ زۆر بە ئاشکرا دیارە، چونکە زۆر کەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پارێزراوە، بە تایبەتیش (زاری کرمانجی ژوروو ، شێوەزاری هەورامی )، کە تا ئێستا شێوەی خۆیان پاراستوە و ئێرگەتیڤی تێدا ماوەتەوە. ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا بەپێی زار و شێوەزارەکانی جیاوازی تیا بەدیدەکرێت. ((ئێرگەتیڤ لە زمانەکاندا دەکرێت بە دوو کۆمەڵەوە))[٢]:

### ١- کۆمەڵەی ئێرگەتیڤی تەواو :

ئێرگەتیڤی تەواو لە هەموو کات و دۆخێکدا تایبەتیەکانی ئێرگەتیڤی تیا بەدیدەکرێت، ئێرگەتیڤییەکەیان زیاتر لە جۆری ئێرگەتیڤی سینتاکسییە، وەك زمانی دێربالْ و قەوقازی و باسك.

### ٢- کۆمەڵەی ئێرگەتیڤی ناتەواو:

ئێرگەتیڤی ناتەواو لە هەندێك کاتدا و لە هەندێك دۆخدا تایبەتییەکانی ئێرگەتیڤی تیایە، ئێرگەتیڤییەکەیان زیاتر لە جۆری ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجییە، وەك زمانی هندی و کوردی .

ئەم دوو کۆمەڵەی ئێرگەتیڤە ، کە لە زمانەکاندا بەدیدەکرێت، ئەگەر هاتوو کۆمەڵەیەکیان زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵەکەی تردا لە زمانێکدا، ئەوا زمانەکە بەو کۆمەڵە ئێرگەتیڤییە دادەنرێت، هەندێك

---

١- محەمەدی مەحوی (٢٠١٤: ٤٧-٤٨).

* بۆ زانیاری لەبارەی ئێرگەتیڤ و پاشماوەی ئێرگەتیڤ لە کرمانجی ناوەڕاست(شێوەزاری سلێمانی)دا بڕوانە: فەرەیدوون عەبدول محەمەد(٢٠١٢) و محەمەدی مەحوی (٢٠١٤: ٥٢- ٦٨). و (١٩٨٥)RobynC.Friend و یادگار کریمی(١٣٩٠: ٩٥- ١١٣).

٢- -ایران کلباسی (١٣٦٨ :٧٣-٧٥).

زمانیش بە ئێرگەتیڤی نیمچەیی دادەنرێت، کە تەنها لەکاری ڕابردوودا ئێرگەتیڤییەکەی دەردەکەوێت. بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ئێرگەتیڤیش لە زمانی کوردی (زار و شێوەزارەکانی) بە پێویستی دەزانین هەریەك لە زاری کرمانجی ژوروو و شێوەزاری هەورامی ڕوون بکەینەوە، ڕێژەی ئێرگەتیڤییەکەیان بخەینە ڕوو:

## ٢/٢-٥-١) ئێرگەتیڤ لە زاری کرمانجیی ژوروو :

لە زاری کرمانجیی ژووروودا دوو کۆمەڵە جێناوی سەربەخۆ و یەك کۆمەڵە جیناوی لکاو هەیە*، کە جێناوە لکاوەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە ئێرگەتیڤ و ڕێککەوتنی بەرکار و کار لە ڕستەدا .

یەکێك لە تایبەتییەکانی کرمانجی ژوروو ئەوەیە، کە لەگەڵ کاری تێپەڕدا لە کاتی ڕابردوودا، کار لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەوێت، واتە بەرکار لە چ کەس و ژمارەیەك بێت کاریش جێناوێکی لکاو سەر بە هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت، ئەم دیاردەیەش لە زانستی زماندا بە ئێرگەتیڤی دادەنرێت[1]. هەروەها ((بەپێی یاسا و ڕێساکانی بوونی دیاردەی ئێرگەتیڤ لە زمانەکاندا، ڕێککەوتنی کاری تێنەپەڕ لەگەڵ بکەر، یان کارادا و کاری تێپەڕیش لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆدا بە نیشانەی ئێرگەتیڤی دادەنرێت، چونکە نیشانە ئێرگەتیڤیەکە بەوە دەناسرێتەوە، کە کار لەڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ بەرکار لە کاری تێپەڕ و بکەر لە کاری تێنەپەڕ ڕێککەوتنی هەبێت))[2] بڕوانە(٥٦):

(٥٦) أ- ئازادی نەوزاد دیت ∅ . (ئازاد نەوزادی بینی.)

ب - ئازاد هات ∅. (ئازاد هات.)

لە نموونەی (٥٦-أ)دا بەرکار بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاوی بەخشیوە بە کۆتایی کارەکە، کە مۆرفێمی سفرە بۆ کەسی سێیەمی تاك، بەڵام لە نموونەی(٥٦-ب)دا بکەر جێناوی لکاوی بەخشیوە بە کۆتایی کارەکە. ئەگەر سەیری نموونەکانی(٥٦-أ- ب)بکەین بۆ دیاردەی ئێرگەتیڤییەکە، بکەری نموونەی(٥٦-أ)لەڕووی فۆڕمەوە جیاوازە لە بکەری نموونەی(٥٦-ب)، بەڵام بکەری نموونەی(٥٦-ب) و

---

*کۆمەڵەی یەکەمی جیناوەسەربەخۆکان بریتییە لە (من – مە ، تە – وە ، وی/وێ – وان) ، و کۆمەڵەی دووەمیش بریتییە لە (ئەز – ئەم ، تو – هون ، ئەو – ئەو)، جێناوە لکاوەکانیش بریتییە لە(م – ین ، ی – ن ، ∅/ـەت/ت/ێت – ن). (فەرەیدوون عەبدول محەمەد،٢٠١٤ ، وانەی دیالێکتۆلۆجی، کۆرسی دووەمی ماستەر، زانکۆی گەرمیان).

١- وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٤ : ٣٤).

٢- فەرەیدوون عەبدول محەمەد (٢٠١٢: ٢٧).

بەرکاری نموونەی(٥٦-أ) وەك یەكن، ئەبسۆلۆتیڤن و نیشانەیان لەسەر نییە، بەڵام بکەری نموونەی (٥٦-أ) نیشانە کراوە. ئەمەش بوونی ئێرگەتیڤ لەو زارەدا دەسەلمێنێت.

زاری کرمانجی ژوروو ئێرگەتیڤیی(ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی)یەکەی بەهۆی نیشانەکردنی دۆخەوە* دیاریدەکرێت، بەڵام ئەگەر نیشانەی نەبوو، ئەوا دەچێتە خانەی ئێرگەتیڤی قلێشاوەوە، (ئەمەش پەیوەندیی بە فۆڕمی بکەرەوە هەیە، واتە ئەگەر هاتوو بکەر لە کاتی ئێستادا نیشانەکراو، لەکاتی داهاتوودا نیشانە نەکرا ئەوە دەبێتە ئێرگەتیڤی قلێشاو، کاتێك بکەری تێپەڕA جیایە لە بکەری تێنەپەڕS و بەرکاری تێپەڕ Oلەکاتی ڕابردوودا، بەڵام ئەگەر کەوتە ناو کاتی ڕانەبردوو بەرکار فۆڕمی دەگۆڕێت و مۆرفێمی دۆخ وەردەگرێت و بکەری کارە ڕانەبردووەکە جیاوازە لە بکەری تێپەڕ و تێنەپەڕی ڕابردوو)[1]. بڕوانە(٥٧):

(٥٧) أ- ڕابردوو: *شیرینێ شیر ڕێت.* (شیرین شیرەکەی ڕشت.)

ب- ڕانەبردوو: نەسرین ئازادێ دبە. (نەسرین ئازاد دەبات.)

لە نموونەی(٥٧-أ)دا کار لەکاتی ڕابردوودایە، بۆیە بکەرەکانی نیشانەی دۆخی(ێ) بۆ مێ وەرگرتووە، بەڵام لە نموونەی(٥٧-ب)دا کارەکە لەکاتی ڕانەبردوودایە، بەرکارەکەی نیشانەی دۆخی(ی)بۆ نێر وەرگرتووە و بکەر نیشانەی وەرنەگرتووە. کەواتە بکەری کاری ڕابردووی تێپەڕ نیشانە وەردەگرێت، بەڵام لە کاتی ڕانەبردووی تێپەڕدا بەرکار نیشانە وەردەگرێت، بکەر هیچ نیشانەیەکی لەسەر نییە، واتە بکەری ڕابردووی تێپەڕ لەگەڵ بەرکاری ڕانەبردووی تێپەڕ وەکیەکن و هەردوکیشیان جیاوازن لە بکەری کاری ڕانەبردووی تێپەڕ.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زاری کرمانجیی ژوروو زارێکی نیمچە ئێرگەتیڤە، ئێرگەتیڤیەکەشی زیاتر لە جۆری مۆرفۆلۆجییانەیە، چونکە لە هەموو کات و حاڵەتێکدا ئێرگەتیڤی تیا بەدیناکرێت.

## ٢-٥-٢/٢) ئێرگەتیڤ لە شێوەزاری هەورامیدا :

لە شێوەزاری هەورامیدا دیاریکردنی ئێرگەتیڤ بەڕوونی دیارە، چونکە((ئێرگەتیڤ لە نیشانەکردنی دۆخ و ڕێککەوتنی کاردا دەردەکەوێت))[2]. شێوەزاری هەورامی مۆرکی دۆخی بە شێوەیەکی باش پاراستووە، چونکە گۆڕانی کەمی بەسەردا هاتووە. بەشێوەی جیاواز و تایبەت

---

* نیشانەکانی دۆخ لە زاری کرمانجیی ژووروو بریتییە لە : (ی) بۆ نێر، (ێ) بۆ مێ، (ان/ا) بۆ کۆی هەردووکیان. (فەرەیدوون عەبدول محەمەد،٢٠١٤ ، وانەی دیالێکتۆلۆجی، کۆرسی دووەمی ماستەر، زانکۆی گەرمیان).

١- مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد(٢٠٠٦: ٧٨).

٢- RobynC.Friend(١٩٨٥:٤)

ئێرگـەتیڤ لـەم شـێوەزارەدا دەردەکـەوێت. لـەم شـێوەزارەدا جیـاواز لـە زار و شـێوەزارەکانی تـر لەڕستەی کار ڕابـردووی تێپـەڕدا (بکەر و بـەرکار، بـەرکار و کار) ڕێکدەکەون بەشێوەیەك بکەر جێناوێکی لکاو ئەبەخشێت بە بەرکارەکە، بەرکاریش جێناوێکی لکاو ئەبەخشێت بـە کارەکە. هەر لەم شێوەزارەدا پێنج کۆمەڵە جێناوی لکاو و یەك کۆمەڵـە جێنـاوی سـەربەخۆ هەیـە، کـە لـە ڕووی ژمـارە و کەسـەوە جێناوەلکاوەکـان بە(بـەرکار/ کار)ەکـە دەدرێـت و دەوری ڕێککـەوتن دەبینـێتن و دەوریـان هەیــە لــە دیـاردەی ڕێککــەوتن و ئێرگەتیڤیــدا، جێنــاوە لکاوەکــە هــەڵگری نیشــانەی ئەرگەتیڤییە. بۆ دیاریکردنی جێناوە کەسییە سەربەخۆ و لکاوەکان لـە شـێوەزاری هەورامیـدا لـە خشتەی ژمارە(٢)دا ڕوونیدەکەینەوە[١].

| کەس | ژمارە | جێناوی سەربەخۆ | جێناوی لکاو A | جێناوی لکاو B | جێناوی لکاو C | جێناوی لکاو D | جێناوی لکاو E |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| یەکەم | تاك - کۆ | من - ئێمە | م — ما | ا/انیْ—یمیْ | ا — میْ | نیْ — نمیْ | وو —میْ/یمیْ |
| دووەم | تاك - کۆ | تۆ - شمە | ت — تا | ی - یدیْ | ی- دیْ | نی - ندیْ | ی —دیْ/یدیْ |
| سێیەم | تاك - کۆ | ئاۋ / ئاۋە - ئاۋیْ | ش - شا | Ø - یْ | Ø - یْ | Ø - نیْ | وْ- ا |

**خشتەی ژمارە(٢)**

وەك لە خشتەکەدا خراوەتە ڕوو، پێنج کۆمەڵە جێناوی لکاو هەیە و بەپێی جۆری کارەکە یـەکێك لەو کۆمەڵە جێناوە لەگەڵیدا دێت و دەوری ڕێککەوتن دەبینێت لە سینتاکسدا.

ئێرگـەتیڤیش لـە شـێوەزاری هەورامیـدا پەیوەسـتە بـە کـاتی ڕابـردووی تێپـەڕەوە، کـە تیایـدا دیاردەی ئێرگەتیڤییەکە بەڕوونی بەرچاو دەکـەوێت و بـەرکار لەگـەڵ کـاردا ڕێکدەکـەوێت. بـەپێی ژمـارە و کەسی بەرکار جێناوێکی لکاو دەدرێـت بـە کۆتـایی کـار. نیشانەکانی ئێرگـەتیڤیش یـان بـە مۆرفیمە، یان بەهۆی جێکەوتەوەیە لە ڕستەدا.

لەشــێوەزاری هەورامیــدا نیشــانەی دۆخ دەچــێتە ســەر(بەرکار) بــەپێی جــۆری کارەکــە، ئێرگــەتیڤی مۆرفۆلــۆجی لــەم شــێوەزارەدا بــەهۆی نیشــانەکردن/مارکەلێدان دیاریــدەکرێت، بەشـێوەیەك بکـەری کـاری تێنەپـەڕ(S) و بـەرکاری کـاری تێپـەڕ (O) وەك یـەکن، واتـە هـەمان دۆخیان هەیە، بەڵام

---

١- فەرەیدوون عەبدول محەمەد،٢٠١٤ ، وانەی دیالێکتۆلۆجی، کۆرسی دووەمی ماستەر، زانکۆی گەرمیان.

بەرکاری کاری تێپەڕ(O )و بکەری کاری تێپەڕ(A)، لە هەندێك باردا نیشانەیان لەسەرە، بکەری کاری تێپەڕ(A)نیشانەیەکی جیاوازی لەسەرە، کە ئێرگەتیڤیە، بەلاَم لە ئێستادا دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی سەرپشکییە [١]، ئەگەر هاتوو کارەکە تێنەپەڕبێت بکەر دوو ڕێککەوتنی هەیە لەگەڵ کاردا یەکێکیان ڕێککەوتنی مۆرفێمی توخمە و ئەوی تریش ڕێککەوتنی جێناوی لکاوی بکەرییە، بەلاَم ئەگەر هاتوو کارەکە تێپەڕبێت ئەوکاتە بەرکار دوو ڕێککەوتنی دەبێت لەگەڵ کاردا، بەهەمان شێوە یەکێکیان ڕێککەوتنی مۆرفێمی توخمە و ئەوی تریش ڕێککەوتنی جێناوی لکاوی بەرکارییە[٢]، بڕوانە(٥٨):

(٥٨) أ- کاری تێنەپەڕ ئاڎ/ئاڎە وت⊘⊘/وتە⊘. (ئەو خەوت.)

ب- کاری تێپەڕ ئازاد ئاڎش/ئاڎەش نویست⊘⊘/نویستە⊘. (ئازاد ئەوی نوسی.)

لە (٥٨) جگە لە بوون و نیشانەی جیاواز، لە نموونەی(٥٨-أ)بکەر لەگەڵ کارە تێنەپەڕەکە و لە نموونەی(٥٨-ب)دا بەرکار لەگەڵ کارە تێپەڕەکە ڕێککەوتووە، جێناوە لکاوەکەی سەر بەرکارەکە هەڵگری نیشانەی ئێرگەتیڤیە. هەروەها بکەری ڕانەبردووی تێپەڕ هیچ نیشانەیەك وەرناگرێت، بەرکار نیشانەی دۆخی لەسەر دەردەکەوێت، بەلاَم ئێرگەتیڤی نییە، بەڵکو کۆزەتیڤییە. بڕوانە(٥٩)، بەلاَم ڕابردووی تێپەڕ جگە لە هەواڵی بەردەوام ڕێککەوتن لەنێوان بەرکار وکاردا دەبێت، کە ئێرگەتیڤییە، بڕوانە(٦٠). واتە لەکاتی ڕابردوودا ئێرگەتیڤە، بەلاَم لەکاتی ڕانەبردوودا دۆخی (نۆمینەتیڤی – ئەکۆزەتیڤی)یە، وەك لە (٥٩) و (٦٠) و (٦١)دا ڕوونکراوەتەوە:

(٥٩) ئازاد نامەکەی بەرۆ. (ئازاد نامەکە دەبات.) ڕانەبردووی تێپەڕ

(٦٠) نەسرینە نان/نانەکەش وارد⊘⊘. (نەسرین نانی خوارد.) ڕابردووی هەوالی سادە

(٦١) ئاڎ شیرینێ بەرێ⊘. (ئەو شیرینی دەبرد.) ڕابردووی تێپەری هەواڵی بەردەوام.

لە نموونەکانی (٥٩،٦١)دا بەرکاری ڕانەبردووی تێپەڕ و ڕابردووی بەردەوام نیشانەیان وەرگرتووە، بەلاَم نموونەی (٥٩) ئێرگەتیڤی نییە، هەروەها نموونەی(٦١)یش ئێرگەتیڤی نییە. هەرچەندە ڕابردووی تێپەرە، بەرکار لەگەڵ کاردا ڕێکنەکەوتووە، چونکە ئێرگەتیڤی لەم شێوەزارەدا پەیوەستە بە کاری ڕابردووی تێپەڕ جگە لە ڕابردووی هەواڵی بەردەوام، لەبەرئەوەی لە ڕەگەوە وەردەگیرێت، بەرکار لەگەڵ کاردا ڕێکناکەوێت.

لە نموونەی(٦٠)دا نموونەیەکی ئێرگەتیڤییە و بەرکار لەگەڵ کارەکەدا ڕێککەوتووە، بەلاَم بەرکارەکە نیشانەی دۆخی وەرنەگرتووە، چونکە لە ڕستەیەکدا دۆخ دەتوانرێت تەنها بەیەك کەرەستە بدرێت،

---

١- مەهاباد کامیل عەبدوللاّ (٢٠١٠: ١٣١).

٢- فەرەیدوون عەبدول محەمەد،٢٠١٤ ، وانەی دیالێکتۆلۆجی، کۆرسی دووەمی ماستەر، زانکۆی گەرمیان.

دۆخ بە بکەر دراوە ، بەڵام نیشانەی دۆخ دەرناکەوێت و جێناوە لکاوەکەی سەر بەرکارەکە هەڵگری نیشانەی ئێرگەتیڤییەکەیە. لە ڕستەی(٥٩، ٦١)دا بکەر لەگەڵ کاردا ڕێککەوتووە. بەرکار نیشانەی دۆخی کۆزەتیڤی وەرگرتووە.

وەك باسمان کرد ئێرگەتیف لە شێوەزاری هەورامیدا دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ڕابردووی تێپەڕ جگە لە هەواڵی بەردەوام، کە جیاواز لە زۆربەی زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی (لە دوو شێوەدا ئێرگەتیڤییەکە بەدیدەکرێت هەندێکجار ئێرگەتیڤی نیشانەکراوە و هەندێك جار ئێرگەتیڤی نیشانەنەکراوە).[1]

لە ئێرگەتیڤی نیشانە نەکراودا بکەر لە ڕستەی کار تێنەپەڕدا لەگەڵ کاردا ڕێکدەکەوێت، بکەر هیچ نیشانەیەکی ئێرگەتیڤی و دۆخی نییە، ئەگەر کاری ڕستەکەش ڕابردووی تێپەڕبوو بەرکار لەگەڵ کاردا ڕێکدەکەوێت و بکەریش لەگەڵ بەرکاردا ڕێکدەکەوێت، بەرکار هیچ نیشانەیەکی دۆخی لەسەر دەرناکەوێت، جگە لە مۆرفێمی توخم تەنها جێناوێکی لکاوی بکەری لەسەرە بۆ ڕێککەوتنی بکەر لەگەڵ بەرکاردا، هەروەها بکەری کاری تێنەپەڕ و بەرکاری کاری تێپەڕ هەمان فۆڕم و مامەڵەکردنیان هەیە و جیاوازن لە بکەری کاری تێپەڕ، ئەمەش کرۆکی ئێرگەتیڤییە. بڕوانە (٦٢)، (٦٣):

(٦٢) أ- تۆ پەلە پەل ئامای. ( تۆ پەلەپەل هاتی)

ب- ئێمە هێزی لوایمێ پەی مەکتەبی. (ئێمە دوێنێ ڕۆشتین بۆ مەکتەب.)

لە نموونەکانی سەرەوەدا بکەر لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کاردا ڕێککەوتووە.

(٦٣) أ- ئازاد نانەکەش واردـ⊘⊘. ( ئازاد نانەکەی خوارد.)

ب- ئاڎ چاشتەکێش واردێ. (ئەو چێشتەکانی خوارد.)

لە نموونەکانی(٦٣-أ، ب)ی سەرەوەدا بەرکار نیشانەی دۆخی لەسەر نییە، لەم حاڵەتانەدا ناتوانرێت دۆخی پێبدرێت، چونکە بکەر جێناوێکی لکاوی بەپێی کەس و ژمارە داوەبە بەرکار، لە(٦٣-أ)دا بەرکارەکە لە کەسی سێیەمی تاکە و مۆرفێمی(⊘) بەخشیوە بە کارەکە بەپێی کەس و ژمارەی خۆی، بەڵام لە نموونەی(٦٣-ب)دا بەرکارەکە شێوەی کۆیە و نیشانەی کۆی(ێ) وەرگرتووە و جێناوێکی لکاوی بکەریشی وەرگرتووە، بەرکارەکە بەپێی کەس و ژمارەی خۆی نیشانەی کۆی بەخشیوە بە کۆتایی کارەکە و جێناوێکی لکاویشی لە کەسی سێیەمی کۆ لە کۆمەڵەی(B) بەخشیوە بە کارەکە و لەگەڵیدا

---

١- محمد راسخ مهند، زانیار نقشبندی (١٣٩٢: ٤).

ڕێککەوتووە. بەڵام لەبەرئەوەی دوو (ێ) بەدوای یەکدا نایەت یەکێکیان تیاچووە، ئەگەر هاتوو کارەکە ڕانەبردوو بێت بەرکار نیشانەی دۆخ وەردەگرێت، بەڵام لەگەڵ کاردا ڕێکناکەوێت، بەڵکو تەنها بکەر لەگەڵ کارەکەدا ڕێکدەکەوێت. بڕوانە(٦٤):

(٦٤) ئازاد چاشتەکەی موەرۆ. (ئازاد چێشتەکە دەخوات.)

ئێرگەتیف لە سینتاکسی ئەم شێوەزارەدا بەستراوەتەوە بەوەی، کە تا چ ڕادەیەك بکەری تێنەپەڕ ($S$)و بەرکاری تێپەڕ($O$) لە بکەری تێپەڕ($A$) جیادەکاتەوە[1]، هەروەها ئەو کەرەستانەی بەهۆی هاوپێڕستی لەگەڵ کەرەستەیەکی تردا لادەبرێن پێویستە بەشێوەیەکی گونجاو کەرەستە سەرەکییەکە شوێنی کەرەستە لابراوەکە بگرێتەوە و کۆنترۆڵی بکات، بۆ دیاریکردنی ئەم جۆرە ئێرگەتیڤییە لەم شێوەزارەدا پێویستە باس لە کرتاندن و لابردنی فرێزی ناوی بکەین لە ڕستەی ناسادەدا (لێکدراو و ئاڵۆز):

**لە ڕستەی لێکدراودا :**

لە ڕستەی لێکدراودا فرێزی ناوی(بکەریی، بەرکاریی) بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، لە یەکێك لە ڕستەکانی ڕستەی لێکدراودا، وە بەزۆریش لە ڕستەی دووەمدا لادەبرێت، بەهۆی هاوپێڕستی لەگەڵ کەرەستەی تردا لە ڕستەکەدا بەمەرجێك ئەم دوو فرێزە هەمان واتایان هەبێت و لە هەردوو ڕستەکەدا هەمان ڕۆڵ ببینن، ئەوا وەك زمانێکی ئێرگەتیڤی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، واتە کاتێك دوو کەرەستە لە هەندێك سیمادا وەك یەك بن و هاوپێڕستبن، کەرەستەی یەکەم هاوپێڕستەکەی کۆنترۆڵ دەکات و لە ئەنجامدا کەرەستەی دووەم لادەبرێت و لە دروستەی ڕووکەشدا دەرناکەوێت، بەڵام لە دروستەی قوڵدا هەیە. بڕوانە(٦٥):

(٦٥) زاوڵەکە شۆتەکەش وارد و ئاما. (منداڵەکە شیرەکەی خوارد و هات.)

هەروەها لە زمانێکیشدا، ئەگەر بکەر و بەرکار لابرێت، بەڵام بکەری تێپەڕ لانەبرێت، بکەری کار تێپەڕ($A$ )لابرێت و بکەر($S$ )و بەرکار($O$ )لانەبرێت بەهەمان شێوە بە زمانێکی ئێرگەتیڤی دەناسرێت[2]. بڕوانە(٦٦):

(٦٦) أ- کوڕەکە ساوەکێش وارد و لوا. (کوڕەکە سێوەکەی خوارد و ڕۆشت.)

ب- کناچەکێ چایەکەش نیانە سەر و کەردشەرە. (کچەکە چاکەی لێنا و تێیکرد.)

---

١- مەهاباد کامیل عەبدوڵلا (٢٠١٠: ١٣١).

٢- هەمان سەرچاوە : ١٣٢.

لە نموونەی (٦٦-أ)دا بکەر لە ڕستەی دووەمدا لابراوە، لە نموونەی (٦٦-ب)دا بکەر و بەرکاریش لە ڕستەی دووەمدا لابراوە بەبێ ئەوەی واتاو ئەرکی ڕستەکە بگۆڕێت.
دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین، کە لە هەندێك ڕستەدا ناتوانرێت بەرکار لابرێت، چونکە واتای ڕستەکە تەواو نابێت، ئەگەر بێت و لاش ببرێت زۆرجار بەهۆی جێناوێکی لکاوەوە بەرکارەکە دەردەکەوێت، لەبەر ئەوە هەر دەڵێین بەرکار بوونی هەیە و لانەبراوە، بڕوانە(٦٧):
(٦٧) ئەلەند ئاما و ژیر مدۆش ونە. (ئەلەند هات و ژیر لێیدا.)
لەو نموونەدا بەرکار لە ڕستەی دووەمدا، کە (ئەلەند)ە لابراوە و بەهۆی جێناوێکی لکاوەوە(ش) لە هەمان کەس و ژمارە دەربڕاوە، واتە بەرکار بوونی هەیە.

**لە ڕستەی ئاڵۆزدا :**
لە ڕستەی ئاڵۆزدا دەتوانرێت بکەر، یان بەرکار، یان هەردووکیان لابرێن، هەروەها دەتوانرێت ئامڕازی گەیەنەریش لابرێت، لەژێر هەندێك مەرجی تایبەتی سیناکسیدا و دەبێت لابردنەکە گونجاو بێت بەشێوەیەك ئەو فرێزە ناوییەی لادەبرێت لەگەڵ فرێزی ناوی دووەمدا شوێنی یەکتری بگرنەوە، بڕوانە (٦٨):
(٦٨) أ- ئا زاڕۆڵەمە وینا، توتەکە گازیش گێریۆنە. ( ئەو منداڵەم بینی، سەگەکە گازی لێدەگرت.)
ب- نەسرینە پاسەش کەرد بە شیرینێ، کە ئاوەکێ بوەرۆوە.
(نەسرین وای لە شیرین کرد کە ئاوەکە بخواتەوە.)
لە نموونەی (٦٨-أ)دا ئامڕازی گەیەنەری (کە) لە ڕستەکەدا لابراوە، هەروەها بکەریش لە ڕستە شوێنکەوتووەکەدا لابراوە، بەڵام لە نموونەی (٦٨-ب)دا بەرکاری ڕستەی سەرەکی، کە لە ڕستە شوێنکەوتووەکەدا بووەتە بکەر لابراوە .
وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئەو زمانانەی ئێرگەتیڤی سینتاکسی تێدابێت کەمترین بەشیان ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجییە، بە پێچەوانەشەوە، بەو شێوەیەی، کە ڕوونکرایەوە دەتوانین بڵێین، کە شێوەزاری هەورامیش بەشێوەیەکی بەرچاو ئێرگەتیڤ و جۆرەکانی تیادا بەدیدەکرێت، بەڵام هێشتا بە ئێرگەتیڤی تەواو و لە سەدا سەد ئێرگەتیڤی وەك زمانی باسك دانانرێت، چونکە لە هەموو دەم و کاتەکاندا ئێرگەتیڤی تیادا نابینرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین شێوەزاری هەورامی شێوەزارێکی نیمچە ئێرگەتیڤە و جۆری ئێرگەتیڤییەکەشی زیاتر مۆرفۆلۆجییانەیە.

### ٦-٢/٢) جیاوازیی ڕێککەوتن و ئێرگەتیڤ:

پاش ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی هەردوو دیاردەی ڕێزمانیی ڕێککەوتن و ئێرگەتیڤ، بینیمان زۆر لەیەکتر نزیکن و تێکەڵ بەیەکتر دەبن، لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانین بە چەند خاڵێك جیاوازیی لە نێوانیاندا بخەینەڕوو:

١- ڕێککەوتن گشتییە و فراوانە لە سەرجەم زمانەکاندا هەیە بەشێوەی جیاواز، بەڵام ئێرگەتیڤ دیاردەیەکی تایبەتییە مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا بەدیبکرێت.

٢- ئێرگەتیڤ لە زماندا سنورداره، یان پەیوەستە بە جۆرە کارێکی تایبەتەوە بەپێی زمانە جیاوازەکان، بەڵام ڕێککەوتن گشتگیره لە هەموو جۆرە ڕستەیەکدا بەدیدەکرێت کارەکەی لە هەرجۆرێك بێت ڕێککەوتن بوونی هەیە.

٣- ڕێککەوتن لە سنوری فرێز و ڕستەدایە، واتە ڕێککەوتن لە تەنها فرێزێکی (ناوی، ئاوەڵناوی)یشدا بەدیدەکرێت، بەڵام ئێرگەتیڤ لە سنوری ڕستەدایە بەگشتی لە چوارچێوەی فرێزی کاریدا(بەرکار- کار).

٤- لە ئێرگەتیڤدا بکەری کاری تێنەپەڕ(S) و بەرکاری کاری تێپەڕ(O) هەمان دۆخ و مامەڵەکردنیان هەیە و وەك یەکن، بەڵام ڕێککەوتن ئەمەی تیادا نابینرێت.

٥- ئێرگەتیڤ ڕێککەوتنی بەرکار و کارە لە ڕستەی کاری ڕابردووی تێپەڕدا، بەڵام ڕێککەوتن لەنێوان(سەر — تەواوکەر)، یان(بکەر- بەرکار، بکەر- کار،...)یە، ڕێککەوتن لەناو فرێزی ناویشدا جۆری زۆره، وەك(ناو- ناو/ ناو- ئاوەڵناو، ناو- ژمارە، ناو- وشەی نیشانە، ........). واتە ڕێککەوتن لە ناو فرێزیشدا لە نێوان (دیارخراو- دیارخەر)دا هەیە.

٦- ئێرگەتیڤ لەناو خودی ڕێککەوتندایە، واتە ئێرگەتیڤ ڕێککەوتنی بەرکار و کارە لە کاتی ڕابردووی تێپەڕدا. ڕێککەوتن ئێرگەتیڤیش لەخۆ دەگرێت.

٧- ڕێککەوتن پەیوەستە بە (کەس و ژمارە و توخم و دۆخ)ەوە، بەڵام ئێرگەتیڤ دۆخێکی تایبەتە، دەکرێت نیشانەی دۆخەکە دەرکەوێت، یان دەرنەکەوێت.

٨- لە ئێرگەتیڤدا (کارا) ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام لە ڕێککەوتندا( بکەر) ڕۆڵ دەبینێت بە ڕێککەوتنی لەگەڵ کاردا.*

---

*[کارا + زیندووە] و شیکردنەوە بۆ گۆکردنە واتاییەکانی پێکهاتەی ڕستە دەکات، بەڵام بکەر [+ - زیندووە] و شیکردنەوە بۆ گۆکردنە ڕێزمانییەکانی پێکهاتەی ڕستە دەکات.

# بەشی سێیەم

## ڕێککەوتن لەدروستە سینتاکسییەکان

## (فرێز و ڕستە)دا

## بەشی سێیەم

### ١/٣) ڕێککەوتن لە سنووری فرێزدا( لەنێوان کەرتەکانی فرێز)

ڕێککەوتن لە نێوان دروستە سینتاکسییەکاندا لە دوو ئاستی سەرەکیدا دەبینرێت، ڕێککەوتن لە ئاستی فرێزدا و ڕێککەوتن لە ئاستی ڕستەدا. بەگشتی هەریەکە لە ڕێککەوتن لەناو خودی فرێزی ناویدا(سەرە و دیارخەرەکانی) و ڕێککەوتن لە فرێزی کاریدا(ڕەگ و مۆرفێمەکانی کات و کەس و توخم ، یان بەرکار وکار)، هەروەها ڕێککەوتن لە نێوان فرێزی ناوی و فرێزی کاریدا. لەم پارەدا باس لە ڕێککەوتن لە ئاستی فرێزدا دەکەین، بۆیە پێویستە سەرەتا چەمکی فرێز ڕوون بکەینەوە:

### ١-١/٣) چەمکی فرێز بە پێی تێڕوانینی کۆن و نوێ :

ئاشکرایە، کە لێکۆڵینەوە لە هەر بابەتێك بکرێت لە سەرەتادا بەشێوەیەکە و پاشان بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا دێت، جا لە ڕووی چەمکەوە بێت، یان لەڕووی زاراوەوە بێت، فرێزیش وەك بابەتێکی گرنگی سینتاکس لە سەرەتای لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان و سینتاکسییەکانەوە، لە لایەن زمانەوانەکانەوە زاراوە و چەمکی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە، لە لای زمانەوانە کوردەکانەوە چەند زاراوەیەکی بۆ بەکار هاتووە، وەك (دەستەواژە، گرێ، کورتیلە ڕستە، فرێز، پێرێزە، ....)، هەروەها لەڕووی چەمکیشەوە چەند چەمکێکی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە، لێرەدا ڕای هەندێك لە زمانەوانە کۆنەکان و زمانەوانە نوێیەکان دەخەینەڕوو دەربارەی چەمکی فرێز :

١- **تۆفیق وەهبی، دەڵێت:** (( گرێ کۆمەڵە وشەیەکی پەیوەندیدارە، کاری لەگەڵدا نییە)).[١]

٢- **نوری عەلی ئەمین، دەڵێت:** ((دەستەواژە بریتیە لە کۆمەڵە واژەیەکی لەیەکتر دانەبڕاو، کە نە مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ، و نە فەرمانێکی لەتەکدا ئەبێ، و پێکەوە لە ڕستەدا ئەرکی پارچەیەك لە پارچەکانی ئاخاوتن ئەبینێ)).[٢]

٣- **نەسرین فەخری، دەڵێت:** ((گرێ کۆمەڵە، یان زنجیرە وشەیەکی لێکدراوە، نە فەرمانی تێدایە و نە مانایەکی تەواو ئەبەخشێ )).[٣]

٤- **ئەوڕەحمانی حاجی مارف، دەڵێت:** (( دەستەواژە، یان فرێز بەو دانە سادە سینتاکسییە دەوترێ، کە لە دوو، یاخود چەند وشەیەکی سەربەخۆ پێکهاتبێ و ڕێزمان بەیەکەوەی بەستبن، و دوو جۆر فرێز هەیە، فرێزی ناوی و فرێزی کاری )).[٤]

٥- **محەمەد مەعروف فەتاح، دەڵێت:** ((فرێز بریتیە لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ، یان زیاتر بەمەرجێك پەیوەندیەکی سینتاکسی بەهێز لە نێوانیاندا هەبێت، وەك پێکهێنەرێکی گەیەنەر دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستەوە واتە لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ڕستە بچوکترە و لە وشەش گەورەترە))[٥].

---

١- تۆفیق وەهبی (١٩٢٩ : ٦٢).

٢- نوری عەلی ئەمین (٢٠١٤ : ٤٠).

٣- نەسرین فەخری ( ٢٠٠٢ : ٢٠).

٤- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤ : ٢٠٦).

٥- Fatah ,M,M(١٩٩٧:٣٨).

٦- **وریا عومەر ئەمین، دەڵێت:** ((بە وشەیەك، یان زیاتر فرێز پێكدێت، سادەترین ڕستەش لە فرێزێكی ناوی و فرێزێكی كاری پێكدێت))[١].

بە سەرنجدان لەو پێناسانەی، كە لە ڕێزمانی كۆن و نوێدا بۆ فرێز كراون لە ڕووی زاراوەوە لە ڕێزمانی كۆندا (دەستەواژە و گرێ)[*] یان بەرامبەر بە فرێز بەكارهێناوە، لە ڕووی چەمكیشەوە ڕایان جیاوازە، (تۆفیق وەهبی، نوری عەلی ئەمین، نەسرین فەخری)، ڕایان وایە، كە فرێز كۆمەڵە وشەیەكە و كاری تێدا نییە، بەڵام ئێمە لە زمانی كوردیدا فرێزمان هەیە، كە خۆی كارێكە و پێی دەوترێت فرێزی كاری، ئەمەش بۆچوونی ڕێزمانی كۆن هەڵدەوەشێنێتەوە، دەربارەی ئەوەی، كە دەڵێن فرێز كۆمەڵە وشەیەكە، ئێمە دەڵێین مەرج نییە كۆمەڵە وشەیەك بێت، دەگونجێت وشەیەك، یان زیاتر لە وشەیەك بێت، چونكە لە زمانی كوردیدا فرێز هەیە تەنها وشەیەكە ئیتر ئەو وشەیە (ناو، جێناو، كار، ...) بێت. بڕوانە(٦٩):

(٦٩) أ- ئازاد ئاما . (ئازاد هات.)

ب- تۆ وتی. (تۆ خەوتیت).

لەو نموونەی(٦٩-أ، ب)دا (ئازاد، تۆ) فرێزێكی ناوین و لە تەنها وشەیەك پێكهاتوون. (ئاما، وتی)یش كارن، فرێزی كارین.

لە قۆناغی دواتردا، یان لە ڕێزمانی نوێدا چەمكی فرێز گۆڕا، لای (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) جیاواز لە زمانەوانەكانی پێشتر، كە باسمانكردن دەڵێت: دەكرێت فرێز كاری تێدابێت بەڵگەش بۆئەوە، فرێز دابەش دەكات بەسەر دوو جۆری سەرەكیدا ئەوانیش (فرێزی ناوی، فرێزی كاری)ن. بەهەمان شێوە لای (محەمەد مەعروف و وریا عومەر) لە ڕێزمانی نوێدا، دەشێت فرێز لە وشەیەك، یان زیاتر پێكبێت (( یەكێك لە خاسیەتەكانی فرێز ئەوەیە، كە كورت دەكرێتەوە بۆ تاكە وشەیەك، یان فراوان دەكرێت بەهۆی كەرەستەی ترەوە))[٢]. بۆیە دەكرێت فرێز لە وشەیەك، یان چەند وشەیەكیش پێكبێت و كاریشی تێدابێت، واتە: لە ڕێزمانی نوێدا یەك وشەش هەر وەك فرێز وەسف دەكرێت. لەبەرئەوە (لە ڕێزمانی نوێدا سنور بۆ فرێز دیارینەكراوە و سنورێكی كراوەی هەیە و لە ڕێگەی كردەی لێكدان و خستنەپاڵەوە فراوان دەكرێت، لەم كردەیەشدا سەرە بنەڕەتە و هەموو خستنە سەرێك بۆ سەرە دەگەڕێتەوە).[٣] لەبەرئەوە دەتوانرێت فرێز بێ كۆتا فراوان بكرێت، بڕوانە(٧٠) :

(٧٠) أ- كوڕەكە ئاما. (كوڕەكە هات.)

ف ن ف ك

ب- ئا كوڕە زیرەكە ژیرە بە هێمنی و بەپێ پێ لاو شمە ئاما.

ف ن ف ك

(ئەو كوڕە زیرەكە ژیرە بەهێمنی و بەپێ بۆلای ئێوە هات.)

---

١- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ :١٩٨-١٩٩).

*تێبینی: لە هەندێك لە لێكۆڵینەوە نوێیەكاندا هەر زاراوەی (گرێ) بەكاردەهێنرێت، بەڵام بە چەمكی ڕێزمانی نوێ نەك چەمكە كۆنەكەی.

٢- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤ : ٢٠٨).

٣- دیار عەلی كەمال (٢٠٠٢: ٤٣).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، چەمکی فرێز بەپێی تێڕوانینی کۆن و نوێ جیاوازە، وەك باسمان کرد، لە کۆندا فرێز کۆمەڵێك وشەیە و نابێت کاری تێدابێت، بەڵام لە نوێدا فرێز دەگونجێت وشەیەك بێت و کاری تێدابێت، چونکە یەکێك لە جۆرەکانی فرێز فرێزی کارییە، کە بە بێ بوونی ئەم فرێزە ڕستە پێك نایەت. لەبەرئەوە تێڕوانینی نوێ گونجاوتر و زانستی ترە، بۆ چەمکی فرێز، بۆیە بەپێی تێڕوانینی نوێ بۆ فرێز، پێناسەیەکی گونجاو بۆ فرێز وەردەگرین :

**فرێز:** وشەیەکە، یان چەند وشەیەکە، کە وەك دانەیەکی سینتاکسی، دەربڕینێکی سینتاکسی هەبێت لە جێکەوتەی تری ڕستەدا وەك ئەو دانە سینتاکسییە بەکاربهێنرێتەوە[1]. بەشێوەیەکی گشتی فرێز لە دیارخراو و دیارخەرێك، یان چەند دیارخەرێك پێکدێت، کە جێگەی تاکە وشەیەك لە ڕستەدا دەگرێتەوە[2]. یەکێك لەو وشانە بەسەر وشەکانی تردا زاڵ دەبێت و دەبێتە سەرە، لەڕووی دروستەشەوە فرێز لە وشە گەورەترە و لە ڕستەش بچوکترە.

## ٢-١/٣) ڕێککەوتن لە جۆرەکانی فرێزدا:

پێشتر ئاماژە بەوەدا، کە فرێز بەهۆی (سەرە)وە جۆرەکەی دیاریدەکرێت و ناو دەنرێت، هەموو فرێزێکیش سەرەیەکی هەیە سەر بەهەمان جۆری کاتیگۆرییە،و تایبەتییەکانی(سەرە)ش خرایە ڕوو*، لە هەر فرێزێکیشدا جگە لەسەرە کەرەستەیەك، یان زیاتر هەبوو، ئەوا ئەو کەرەستانە لەگەڵ سەرەی فرێزەکەدا پەیوەندیی سینتاکسی لەنێوانیاندا دەبێت ((مەبەست لەپەیوەندیی سینتاکسی پەیوەندیی نێوان کەرتەکانی فرێزێکە، ئەو فرێزەی کە لەکەرتێك زیاتر پێکدێت، بەر لەهەموو شتێك دەبێت کەرتەکان بەهۆی یاسایەکی سینتاکسی ڕێگەپێدراوی زمانەکە، یان شێوەزارەکەوە لێکدرابن، واتە مەرج نییە، بوونی کۆمەڵە وشەیەك لەپاڵ یەکتری فرێزێکیان پێکهێنابێت، ئەگەر ڕەچاوی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە، یان شێوەزارەکە نەکرابێت))[3]لەناو فرێزیشدا، ئەگەر لە کەرتێك زیاتر بوو بەهاو نرخی کەرتەکان جیاوازە، یەکیان دەبێت بەسەرە و ئەوی تر ئەبێت بە شوێنکەوتەی سەرە و لەژێر حوکم و دەسەڵاتی سەرەدا دەبێت. هەر بۆیە لێرەدا باس لە جۆرەکانی فرێز و پەیوەندی و ڕێککەوتنی سەرە و پارامێتەر/تەواوکەرەکانی (کەرتەکانی فرێز)دەکەین.

### ١-٢-١/٣) فرێزی ناوی(NP):

سەرەی فرێزی ناوی ناوێکە**. سادەترین فرێزی ناوی بریتییە لە ناوێك، یان جێناوێك، کە ئەو

---

١- Burton-Roberts,N(١٩٩٧: ١٤).

٢- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠ : ٩٥).

* بڕوانە(بەشی یەکەم: ٢٣-٢٤).

٣- حاتەم ولیا محەمەد(٢٠٠٠: ٣٠).

** ناو ئەو وشەیەیە، کە ناوی گیاندارێك، یان بێگیانێك، یان بیرێك، یان کارێك دیاریدەکات، ناویش لە زۆر ڕووەوە پۆلێنکراوە، لەڕووی ناوەڕۆکەوە (تایبەتی، گشتی، کۆمەڵ) و ناو لەڕووی ژمارەوە(تاك ، کۆ) ، لەڕووی ژمێراویەوە( ژمێراو، نەژمێراو)، لەڕووی توخمە(نێر، مێ، دوولایەن)،.... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ١٩٧٩).

ناوە، یان جێناوە دەبێتە سەرەی فرێزەکە، ئەگەر فرێزی ناوی لە تەنیا سەرەیەك پێکهاتبوو، ئەوا بە فرێزی ناوی سادە ناودەبرێت و ئەو ناوانەی دەبنە فرێزی ناوی سادە بە شێوەیەکی چالاك ناوی تایبەتین.[1] دەگونجێت ناوی گشتیش ئەم ڕۆڵە ببینێت و ببێتە سەرەی فرێزەکە، چونکە هەردووکیان لە هەمان جێکەوتەدان((لەم کاتەدا ناوەکە قورسایی دەکەویتەسەر))[2]. بڕوانە(٧١):

(٧١) أ- ئازاد ئەسپی مسانۆ . (ئازاد ئەسپ دەکڕێت.)

ب- من لوانێ. (من ڕۆشتم.)

پ- ماساوی بە ئاوی مژیۆ. (ماسی بە ئاو دەژی.)

لە(٧١)دا (NP)یەکانی هێڵیان بەژێردا هاتووە، لەناوێك پێکهاتوون. لە(٧١-أ)دا ناوێکی تایبەتییە، لە (٧١-ب)دا جێناوێکی سەربەخۆیە، مامەڵەکردن و جێکەوتەی ناوی هەیە، لە(٧١- پ)دا ناوێکی گشتییە.

زۆربەی جار فرێزی ناوی جگە لە سەرە یەکەیەکی ڕێزمانیی تری لەگەڵدایە، واتە فرێزی ناوی (لە سەرەیەك و دیارخەرێك، یان چەند دیارخەرێك پێکدێت و دیارخەرەکانیش لە پێش سەرە، یان لە دوای سەرەوە دێن، دەشێت دیارخەرەکان بە یارمەتی مۆرفێمی خستنەسەر، یان بەبێ مۆرفێمی خستنەسەر بە سەرەی فرێزە ناویەکەوە بلکێن)[3]. دیارخەرەکانیش لەگەڵ سەرەدا ڕێکدەکەون، هەموو کەرەستەکانی تر لەژێر دەسەلاتی سەرەدا دەبن. بۆ ئەوەی ڕێککەوتن لەم جۆرە فرێزەدا بە وردی دەستنیشان بکەین، دەبێت باس لە دیارخەرەکانی ناوەوە و دەرەوەی فرێزی ناوی و چۆنیەتی ڕێککەوتنیان لەگەڵ سەرەدا بکەین.

**١- دیارخەرەکانی ناوەوەی فرێزی ناوی:**

بەپێی گریمانەی( NP ) دیارخەرەکانی ناوەوەی فرێزی ناوی بریتین لە مۆرفێمەکانی (ناسراوی و نەناسراوی، کۆ،....)ن، کە ئەرکی دیاریکار دەبینن، لەگەڵ سەرەدا ڕێکدەکەون، لە پێکهاتەی ناوەوەی فرێزی ناویدا، مۆرفێمەکانی ناسراوی(کە/ەکە)بۆ نێر، (کێ/ەکێ)بۆ مێ و کۆی نێر و مێ، و مۆرفێمەکانی نەناسراوی(ێۆ)بۆ نێر، (ێوە) بۆ مێ، و مۆرفێمی کۆی نەناسراوی (ێ)* بۆ کۆی نێر و مێ، بەشداری لە فرێزە ناوییەکەدا دەکات، تایبەتن بەناوەوە و ئەرکی دیاریکار(Determiner) دەبینن، بەکۆتایی فرێزەکەوە دەلکێن و لەگەڵ ناو(سەرە)کەدا لەڕووی(توخم و ژمارە)وە ڕێکدەکەون، ئەو ناوەی دەبێتە سەرە پێویستە +گشتی، +ژمێراو بێت، ئەوکاتە دەتوانێت مۆرفێمەکانی ناسراوی و نەناسراوی و کۆ وەربگرێت و لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون، بڕوانە نموونەکانی (٧٢، ٧٣، ٧٤، ٧٥):

١- محەمەد عومەر عەول(٢٠٠٨: ٦- ٧).

٢- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠ : ٤٢).

٣- ئاسۆ عەبدولڕەحمان کەریم (٢٠١٤ : ٢٦).

*جگە لە نیشانەی سەرەکی کۆ(ێ) لە هەورامیدا چەند مۆرفێمێکی تر هەیە، کە کۆ دەگەیەنن، وەك(-ەها، گەل، -ان، -ات)، زیاتریش لە کۆندا بەکارهاتووە، بە تایبەت لە بەرهەمی شاعیراندا. بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٢: ٢٨٣)، جمال حبیب الله (٢٠٠٧: ٢٩- ٣٠).

(٧٢)	أ- كوڕەکە	(کوڕەکە)
ب- کوڕ یۆ	(کوڕێك)
(٧٣)	أ- ژەنەکێ	(ژنەکە)
ب- ژەنیۆە	(ژنێك)
(٧٤)	أ- کوڕێ	(کوڕان)
ب- ژەنێ	(ژەنی+ ێ)	(ژنان)
(٧٥)	أ- کوڕەکێ	(کوڕەکان)
ب- ژەنەکێ	(ژنەکان)

لە نموونەکانی سەرەوەدا ناوەکان بەپێی توخم و ژمارە مۆرفیمەکانی ناسراوی و نەناسراوی وەرگرتووە، لە نموونەی (٧٢أ، ب)دا ناوەکە ناوێکی نێرە، لەبەرئەوە لە (٧٢-أ)دا مۆرفیمی(ەکە)ی وەرگرتووە، بەهۆی مۆرفیمی(ەکە)وە ناوەکە هەڵگری نیشانەی +تاك، + ناسراو یە، لە نموونەی(٧٢-ب)دا ناوەکە مۆرفیمی تاکی نەناسراوی (یۆ) ی وەرگرتووە، بۆئەوەی ببێتە هەڵگری نیشانەکانی +تاك ، +نەناسراو. نموونەی(٧٣)یش بەهەمان شێوەی نموونەی (٧٢)ە، بەڵام لەبەرئەوەی لە (٧٣)دا ناوەکە ناوێکی مێیە مۆرفیمەکان جیاوازە لەنموونەی(٧٣-أ)دا، (ەکێ)ی وەرگرتووە، لە (٧٣-ب)شدا (یۆ ە)ی وەرگرتووە، ئەمەش جیاواز لە زاری ناوەڕاست، کە لەڕووی مۆرفیمی نێرو مێ جیاوازی ناکەن لەنێوان توخمەکاندا.

لە(٧٤)دا دەبینین جیاوازی نێوان نێر و مێ نامێنێت، چونکە ناوەکە +کۆی نەناسراوییە. بۆیە سەرە بۆ هەردوو توخمی نێر و مێ مۆرفیمی(ێ) وەردەگرێت. لە(٧٥)دا (ەکێ)وەك مۆرفیمی کۆی ناسراوی بۆ هەردوو توخمی نێر و مێ بەکاردێت و بەهەمان شێوە جیاوازی توخم نامێنێت، بەڵام کاتێك لەناو ڕستەدا بەکارهات (( ئەو ناوەی وەك بەرکاری ڕانەبردووی تێپەڕ و فەرمان، یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ، یان دەرخەر بەکارهات، یان پریپۆزشنی لە پێشەوە بێت و لەباری کۆدابێت، مۆرفیمی(ێ)ی نیشانەی کۆ دەبێت بە(ا) ))[1]، چونکە دەکەوێتە دۆخەوە، بڕوانە(٧٦):

(٧٦)	أ- من کوڕەکا/ ژەنەکا کیانوو.	(من کوڕەکان/ ژنەکان دەنێرم.)
ب- ئا داریە دە بە کوڕەکا/ ژەنەکا.	(ئەودارە بدەبە کوڕەکان/ ژنەکان.)

لە نموونەکانەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ڕێککەوتنەکە لەنێوان سەری واتایی و سەری ڕێزمانیدایە. بۆیە دەوترێت دەبێت ناوەکە +گشتی، +ژمێراو بێت لەبەرئەوەی ڕێککەوتنی واتایش بێتە ئاراوە، ((چونکە مۆرفیمی ناسراوی و نەناسراوی لە خودی خۆیاندا هەڵگری نیشانەی +تاك ، یان +کۆ ن، بۆیە ئەگەر ناوەکە - ژمێراو ، - گشتی بێت ڕێککەوتنی واتایی ڕوونادات)).[2]

١- فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٩٨: ٩٣).

٢- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠ : ١٨).

نموونەکانی(٧٢، ٧٣، ٧٤، ٧٥) بەپێی گریمانەی(DP) دەبن بە فریزی دیارخەریی، مۆرفیمەکانی(ناسراوی و نەناسراوی و کۆ)ش دەبن بە دیارخەر، دەبن بە سەری ڕێزمانی فریزەکە

و فرێــزی دیارخــەری بەرهەمــدێنن و تەواوکــەرێك بــۆ خۆیــان هەڵدەبــژێرن، کــاتێکیش لــەرێی مۆرفێمە رێزمانییەکانەوە فۆرمی نوێ بە وشە دەدرێت، دەتوانێت ئـەرکی نـوێ وەربگرێت، بۆیـە دەبێت بزانین ((سـەری رێزمـانی جیاوازییـەکی بنـەرەتی هەیـە لەگـەڵ سـەری فەرهـەنگی، چونکە سـەرەی رێزمـانی ژمارەیـەکی دیـاریکراوە و کۆمەڵەیـەکی داخـراون، زۆری و کـەمی ژمـارەی ئـەو کەتیگۆرییە رێزمانیانـەش لەرووی مۆرفۆلۆجییـەوە بـەپێی زمانەکە دەگۆرێـت))[1] بـەپێی ئـەوەی ئـەو کەتیگۆرییـە رێزمانیانـە شـوێنی (Spec)یـان پێنادرێـت، خۆیـان دەبنـە سـەرەی رێزمـانی فرێزەکـە، واتـە (DP) دەبێتـە جێکەوتـەی رێزمـانیی، (D) دەبێتـە سـەرەی رێزمـانی لـە فرێـزی دیارخەریدا(DP).[2]

دەتـوانین نموونـەکانی(٧٢، ٧٣، ٧٤، ٧٥) بـە پێـی گریمانـەی فرێـزی دیارخـەریی(DP) لـە هێڵکـاریی ژمارە(١٠)دا بخەینەروو:




| D | Comp |
|---|---|
| ەکە/ یۆ | کور |
| ەکێ | ژەن |
| یۆە | ژەن |
| ێ | کور |
| ێ | ژەن |
| ەکێ | کور |
| ەکێ | ژەن |

هێڵکاریی ژمارە(١٠)

**٢- رێککەوتنی سـەرە لەگـەڵ دیارخـەرەکانی پێشـەوە و دواوە(دیارخـەرەکانی دەرەوە) لـە فرێـزی ناویدا:**

کاتێك فرێزێکی ناوی جگە لە سەرە کەرەستەی تری لەگەڵدا بـوو، کەرەسـتەکانی تـر دەبـن بـە دیارخـەر و فرێزەکـە فـراوان دەکات(بـەهۆی دیارخـەرەکانی پێشـەوە Specifie و دیارخـەرەکانی دواوە Modifier سـەرە فـراوان دەکرێـت، واتـە سـەرەی فرێـزە ناویەکـە لـەلای راسـت و چـەپەوە فراواندەکرێت، جا ئەگەر ناوەکە ناوێکی گشتی رووت بێـت، یـان مۆرفێمـە رێزمانییـەکانی چوبێتـە سەر).[3] کاتێکیش،

---

١- سەباح رەشید قادر(٢٠٠٩: ٥١).

٢- هەمان سەرچاوە:٥١

٣- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٤٠).

کە سەرەی فرێزەکە فراوان دەکرێت، پێویستە دیارخەر/دیارخەرەکان، کە لەگەڵ سەرەکەدا دێن پێکەوە ڕێکبکەون، چ لە ڕووی ژمارە، کەس، یان توخم، یان دۆخەوە بێت.

سەرەتا باس لە دیارخەرەکانی پێش سەرە و ڕێککەوتنیان لەگەڵ سەرەدا دەکەین، پاشان باس لە دیارخەرەکانی دوای سەرە دەکەین، کە چۆن ڕێکدەکەون لەگەڵ سەرەی فرێزەکەدا.

**أ- دیارخەرەکانی پێشەوە:**

کۆمەڵێك وشە، یان فرێزی ناویمان هەن، کە دەبنە دیارخەر بۆ سەرەی فرێزی ناویی و پێش سەرەدێن و بەبێ مۆرفێمی خستنەپاڵ لەگەڵ ناوەکەدا لێکدەدرێن و ئەرکی دیارخەر دەبینن، شوێنی Specifie لە فرێزە ناوییەکەدا پڕدەکەنەوە. دیارخەرەکانی پێشەوەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**١- وشەکانی(هەر، تەنیا):** لە ناوەڕۆکدا هەڵگری +تاك ن و واتای دەستنیشانکردن دەگەیەنن، بڕوانە(٧٧):

(٧٧) أ- هەر نەسرینە (هەر نەسرین)

ب- تەنیا زاڕۆڵەکە (تەنیا منداڵەکە)

پ- هەر کوڕەکێ (هەر کوڕەکان)

لە نموونەی(٧٧-أ، ب)دا لەبەرئەوەی دیارخەرەکان +تاك ن بۆیە سەرەی فرێزەکەش هەڵگری نیشانەی +تاك ە و لەڕووی ژمارەوە لەگەڵیدا ڕێککەوتووە. بەڵام لە نموونەی(٧٧-پ)دا سەرە مۆرفێمی کۆی وەرگرتووە، لە ڕووی واتاوە هەڵگری +تاك ە، چونکە لەناو کۆمەڵێکدا هەر کوڕەکان دەستنیشان کراون. بۆ دیاریکردنی شوێنی ئەو دیارخەرانەش لە هێڵکاریی درەختیدا بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(١١):







زاڕۆڵە/کوڕ کە/ ەکێ

هێڵکاریی(١١- أ) هێڵکاریی(١١- ب، پ)

**٢- ژمارە:** ژمارە بە هەر سێ جۆرەکەیەوە(بنجی، پلەیی، کەرتی) دەبنە دیارخەری سەرەی فرێزی ناوی. لە شێوەزاری هەورامیدا ژمارە نیشانەی توخم وەردەگرێت*، لە ژمارە (یەك) بەرەو سەر، بە کۆ دادەنرێت، سەرەش لەگەڵ دیارخەردا ڕێکدەکەوێت لە ڕووی ژمارەوە و ئەگەر کۆ بوو، مۆرفێمی کۆ(ێ) وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر ژمارەکە تاك بوو، مۆرفێمی( ە) وەردەگرێت ، بڕوانە(٧٨) :

---

*ژمارە (یەك) لە ڕووی توخمەوە هەم نێرە و هەم مێیشە، ئەگەر ژمێراو لە توخمی نێر بوو، ژمارە یەك بە نێر دادەنرێت ، بەڵام ئەگەر ژمێراو مێ بوو، ژمارە یەك بە مێ دادەنرێت، وەك: چنێ هەناریت کەندێنی؟ یۆ (نێر) (چەند هەنارت کەند؟ یەك)
چنێ بزێت سانێ؟ یۆە (مێ) (چەند بزنت کڕی؟ یەك)

ژمارە (دوو ، سێ) لە ڕووی توخمەوە مێن، بەڵام ژمارەکانی تر جگە لە کەرتەکان هەموویان لە ڕووی توخمەوە نێرن. بڕوانە: جەمال حبیب الله (٢٠١٢ :١٥٧-١٥٨) .

(٧٨)	أ- یەك كوڕ ∅	(یەك كوڕ)
ب- دۆێ ئەسپێ	(دوو ئەسپ)
پ- هەشت کەرگێ *	(هەشت مریشك)
ت- ★ یەرێ کوڕ

لە نموونەکاندا دیارە، ڕێککەوتن لە ڕووی ژمارەوە دەبینرێت، لە نموونەی (٧٨-أ)دا ژمارەکە تاکە و مۆرفێمی (∅) بەخشیووە بە ناوەکە، بەلاّم لە نموونەکانی (٧٨- ب، پ)دا ژمارەکان کۆن مۆرفێمی کۆ (ێ) ی بەخشیوە بە سەرە، لەبەرئەوەی ژمارەکە لە (یەك) زیاترە، بەلاّم لە نموونەی(٧٨-ت)دا ڕێککەوتن نییە لە نێوان ناو و ژمارەدا، چونکە ژمارەکە کۆیە و مۆرفێمی کۆی نەداوە بە ناوەکە.

بەهەمان شێوە ڕێککەوتن لە نێوان ژمارەی( پلەیی، کەرتی) و سەرەدا هەیە، بڕوانە(٧٩):

(٧٩)	أ- دۆەم/دۆەمین کناچێ	(دووەم/دووەمین کچ)
ب- کناچە و دۆەمێ	(کچی دووەم)
پ- دوێ سەرو یەرێ و ماساوەکێ	(دوو لەسەر سێی ماسیەکان)

لە نموونەی(٧٩-أ)دا دیارخەر ژمارەیەکی پلەییە و لەگەڵ سەرەدا ڕێککەوتووە، ژمارەی پلەیی دەشێت لە دوای سەرە شەوە بێت، بەلاّم لەم کاتەدا بەهۆی مۆرفێمی خستنەپاڵی(و/ی) بە یەکەوە دەبەسترێنەوە و ژمارە پلەییەکە مۆرفێمی دۆخ بەپێی توخمی سەرە وەردەگرێت. وەك لە(٧٩- ب) دا دیارە، هەروەها لە (٧٩-پ)دا ژمارەی کەرتیی بووە بە دیارخەر هەرچەندە لە پێشی سەرەشەوە هاتووە، بەلاّم بەهۆی مۆرفێمی(و) بەستراونەتەوە بەیەکەوە و فرێزەکە کەوتوەتە دۆخەوە، چونکە فرێزەکە فرێزێکی دیارخەر و دیارخراوییە، بەو شێوەیە کەرتەکانی لەگەڵ یەکدا ڕێککەوتوون.

**٣- وشەی نیشانە:** وشەی نیشانە وەك دیارخەرێکی پێشەوەی ناو لە فرێزی ناویدا ڕۆڵ دەبینێت،و شوێنی (Spec)پڕدەکەنەوە، ناویش بەپێی ڕێککەوتنی لەگەڵ وشەکانی نیشانەدادێت. فۆڕمەکانی وشەی نیشانەش لە شێوەزاری هەورامیدا لە خشتەی ژمارە(٣)دا دەخەینە ڕوو[١]:

| | تاك | | کۆ |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | |
| نزیك | ئی ....ە (ئەم...ە) | ئی ....ێ (ئەم ...ە) | ئی..... ێ (ئەم ...انە) |
| دوور | ئا.....ە (ئەو ...ە) | ئا .... ێ (ئەو ...ە) | ئا...... ێ (ئەو ...انە) |
| دوورتر | ئوو....ە(ئەو ...ە) | ئوو.... ێ (ئەو ...ە) | ئوو.... ێ (ئەو ...انە) |

خشتەی ژمارە(٣)

*لەو نموونەدا نیشانەی توخم دەرنەکەوتووە، چونکە دوو بزوێن بە دوای یەکدا نایەت، (کەرگە) مێیە و مۆرفێمی کۆ(ێ)ی چوەتەسەر لەبەرئەوە، دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەت و یەکیان تیادەچێت.

١- شنە جەبار فەتاح (٢٠٠٦ : ٧٤).

لەفرێزی ناویدا بەپێی نزیکی و دووری و ژمارە، توخمی ناوەکە، وشەی نیشانەکە لەگەڵ ناوەکەدا ڕێکدەکەوێت، واتە سەرە بەپێی کەس و توخم و ژمارە، وشەی نیشانە هەڵدەبژێرێت و وشەی نیشانە لە کەس و ژمارە و توخمدا لەگەڵ سەرەی فرێزە ناویەکە ڕێکدەکەوێت، بڕوانە(٨٠):

(٨٠) أ- ئی/ئا/ئوو کوڕە (ئەم/ئەو کوڕە)

ب- ئی/ئا/ئوو کناچێ (ئەم/ئەو کچە)

پ- ئی/ئا/ئوو ملکێ (ئەم/ئەو باخانە)

لە (٨٠-أ)دا ناوەکە تاکی نێرە (ئی/ئا/ئوو .....ە) بەکاردێت (ـە) نیشانەی توخمی نێرە، بەلأم ئەگەر ناوەکە تاکی مێ، یان کۆی نێر و مێ بێت، وەك لە (٨٠- ب، پ)دا دیارە ئەوا (ئی/ئا/ئوو .....ێ) بەکاردێت، کە (ێ) نیشانەی توخمی مێ و کۆی نێر و مێ یە لەگەڵ ناوەکەدا لە فرێزە ناوییەکەدا ڕێکدەکەوێت. ناوەکانیش هەڵگری نیشانەی +گشتی} +ژمێراو ن، ((لەبەرئەوە وشەکانی نیشانە هەڵگری نیشانەی +دەستنیشانکردن ، + جیاکردنەوە ن، ئەو ناوەی، کە بەکاردێت لەگەڵیاندا دەیکەن]بە +ناسراو ))[1].

**٤- ڕادە:**

وشەکانی ڕادە وەك دیارخەرێکی پێش سەرە لە فرێزی ناویدا ئەرك دەبینن، ڕێککەوتنی ناو لەگەڵ ڕادەدا پەیوەندیی بە تاك و کۆیی سەرە(ناو)ەوە هەیە، (ئەگەر ڕادە لەگەڵ ناوی ژمێرراودا بەکارهات، ئەوا ئەو ناوە دەبێت مامەڵەی کۆی لەگەڵدا بکرێت، بەلأم بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕادە لەگەڵ ناوی نەژمێراودا بەکارهات، ئەوا ئەو ناوە دەبێت، مامەڵەی تاکی لەگەڵدا بکرێت).[2] وشەکانی ڕادەش وەك ( گرڎ ، کەمێۆ، توزێۆ، فرە، .....)، بڕوانە(٨١):

(٨١) أ- گرڎ زاوڵەکێ (هەموو منداڵەکان)

ب- توزێۆ ئاویۊ (تۆزێك ئاو)

پ- گرڎ شۆتەکەۊ (هەموو شیرەکە)

لە (٨١-أ)دا لەبەرئەوەی ناوەکە +ژمێراو ە، وەکو کۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و مۆرفیمی کۆ(ێ) وەردەگرێت و لەگەڵ ڕادەکەدا ڕێکدەکەوێت، بەلأم لە (٨١-ب، پ)دا لەبەرئەوەی ناوەکان +نەژمێراو ن، وەك تاك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و نیشانەی تاکیش مۆرفیمی(ۊ) دەدەن بە ناوەکە، کەواتە لەڕووی ڕێزمانییەوە ڕادەکە هیچ مۆرفیمێك وەرناگرێت و پەیوەندییەکی واتایی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، بەلأم ئەگەر هاتوو ڕادە بووبە دیارخەری دوای ناو لە فرێزی ناویدا ئەوکاتە مۆرفیمی ڕێزمانی وەردەگرێت، کە دواتر لە باسکردنی دیارخەرەکانی دوای سەرە ڕوونیدەکەینەوە.

---

١- طه ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٥: ٣٢).

٢- بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢: ٣٩).

٥- وشەی پرس: وەك وشەكانی (چنڎ ، كام/ كامە، ....)

وشەی پرس لە پێش سەرەوە دێت و دەبێتە دیارخەر، وشەی(چنڎ) تـوخمی تێدا دەرناكـەوێ تـەنها ناوەكـەی دوای خـۆی مـۆرفیمی كـۆ وەردەگرێـت و دەبێـت[ناوەكـە] +گشـتی بێـت بـۆ ئـەوەی لەگەڵیدا ڕێكبكەوێت. بڕوانە(٨٢):

(٨٢) أ- چنڎ كوڕێ ئامێ؟ (چەند كوڕ هاتن؟)

ب- چنڎ كناچێ ئامێ؟ (چەند كچ هاتن؟)

وشەی(كام) توخمی تێدا دەردەكەوێت، بـەپێی تـوخمی سـەرەی فرێزەكـە، دیارخـەرەكـە مـۆرفیمی توخم وەردەگرێت، (كام) بۆ توخمی نێر و (كامە) بۆ توخمی مێ و بۆ هەڵبژاردن لە ناو كۆمەڵێكدا بەكاردێن.[1] بڕوانە(٨٣):

(٨٣) أ- كام كوڕ (كام كوڕ)

ب- كامە كناچە (كام كچ)

٦- وشەی نەرێكردن: وەك (هیچ)

كاتێك وشـەی نـەرێكردن دەبێتـە دیارخـەری پێشـەوەی سـەرەی فرێـزی نـاوی پێویسـتە ناوەكـە + گشـتی +نەناسـراوی ، +تـاك بێـت، بەمـەش ناوەكـە مـۆرفیمی تـاكی نەناسـراو وەردەگرێـت، بـەڵام وشـەی نەرێكردنەكـە هـیچ مۆرفیمێـك وەرناگرێـت، واتـە ڕێكەوتنەكـەیان لـە ڕووی واتاوەیـە، بڕوانە(٨٤):

(٨٤) أ- هیچ مرۆڤێۆ/ كوڕێۆ (هیچ مرۆڤێك/ كوڕێك )

ب- هیچ كناچێۆە (هیچ كچێك)

٧- ناوی ئاوەڵكار:

وشەكانی (سەرو، چێرو ، پاڵو، وەراوەرو،.....) لە پێش سـەرە دێـن و هـیچ مۆرفیمێكیـان لەسـەر دەرناكەوێت، بەڵكو تەنها لەپێناو ڕێككەوتن و پێكەوە گونجانیان لەگەڵ سەرەدا دەكەونە پێشـەوەی سـەرە لـە فرێـزە ناوییەكـەدا بۆئـەوەی فرێزەكـە لـەڕووی واتـاوە گونجاوبێـت و دەبێـت سـەرە +ناسراوبێت ، بڕوانە(٨٥):

(٨٥) أ- سەرو مێزەكە (سەر مێزەكە)

ب- چێرو یانەكەی ( ژێر ماڵەكە)

پ- وەراوەرو یانەكەی ( بەرامبەر ماڵەكە )

ت- پاڵو دوكانەكەی (تەنیشت دوكانەكە)

لـە(٨٥) دا بـەپێی تیـۆریی X-bar نـاوی ئاوەڵكارەكـە شـوێنی Spec دەگرێتـەوە لـە هێڵكـاریی درەختیدا، بڕوانە هێڵكاریی ژمارە(١٢):

---

١- جمال حبيب الله (٢٠٠٧: ٩٩).




هێڵکاریی ژمارە(١٢)

**٨- فرێزی خستەپاڵی ئاوەڵناوی:** بڕوانە(٨٦):

(٨٦) ئاوی سەردە و هانەی (ئاوی ساردی کانی)

لە(٨٦) دا فرێزە ناویەکە دۆخی خستنەپاڵ و سەرەش مۆرفێمی تاکی نێر(ی)ی دۆخی وەرگرتووە.

**٩- فرێزی ناوی:**

دەتوانرێت فرێزی ناوی، کە لە ژمارە و ناوێك، یان ناوێکی پێوانە پێکهاتبێت، کە چەمکی ڕادە دەگەیەنێت، ببێتە دیارخەری پێشەوەی فرێزە ناویەکە[1]، بڕوانە(٨٧):

(٨٧) أ- دووێ تەنەکێ گەنمێ (دوو تەنەکە گەنم)

ب- چوار قاپێ برنج (چوار قاپ برنج)

وەك ئاماژەمان پێدا و لە نموونەکانیشدا دیارە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دیارخەرەکانی پێش سەرە بەگشتی دەچنە سەر ئەو [ناوانەی]+گشتی ن، و فرێزی ناوی پێکدەهێنن و ناوەکان دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرن بەپێی ئەرك و شوێنیان کاتێك لە ڕستەدا بەکاربهێنرێن.

**ب- دیارخەرەکانی دواوە:**

هەر وەك چۆن سەرە کۆمەڵێك دیارخەری پێشەوەی هەبوو، و لەگەڵیدا ڕێکدەکەوت بەهەمان شێوەش کۆمەڵێك کەرەستەی ڕێزمانیمان هەیە (وشە، فرێز)، کە لە دوای سەرەی فرێزی ناوییەوە دێن و بەیاریدەی ئامرازی خستەپاڵ پێکەوە دەبەسترێنەوە و دەبنە دیارخەری دواوەی فرێزی ناویەکە و لەگەڵیدا ڕێکدەکەون. ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییەی لەنێوان سەرەی فرێزەکە و دیارخەری دوای سەرە دروست دەبێت پەیوەندییەکی شوێنکەوتوویە،(چونکە پاش سەرەکان دیارخەرن بۆ سەر، کە دیارخراوە، بەرهەمی ئەم فرێزەش بلاّوترین جۆری فرێزە لە زمانی کوردیدا و ئەو فرێزانەشی لەم دروستەیەوە بەرهەم دێت، فرێزی ناوی خستنە پاڵن)[2]، ئەو کەرەستە ڕێزمانییانەشی دەبن بە

١- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٢: ٢٥).

٢- محەمەد عومەر عەول(٢٠٠٨: ١١).

دیارخەری دواوەی سەرەی فرێزی ناوی و لەگەڵیدا ڕێکدەکەون بریتین لەمانەی خوارەوە:

## ١- فرێزی ناوی(ناو/جێناو) * :

کاتێـک، کـە ناوێـك دەبێتـە دیارخـەری نـاوێکی تـر لـە ڕووی تـوخم و ژمـارەوە لەگـەڵ یـەکتردا ڕێکدەکەون. فرێزەکە دەکەوێتە دۆخەوە، (هەموو ئەو( ناو/جێناو)انەی ئـەرکی دیارخـەری دواوەی سەرەی فرێزی ناوی دەبینن، بەهۆی ئامرازێکی خستەسـەر، کـە بـەهۆی تـوخم و ژمـارەی ناوەکـەوە دیاریدەکرێت لەگـەڵ سـەرەدا لێکـدەدرێن)[١] دیارخەرەکـەش مـۆرفێمی دۆخ وەردەگرێـت، مـۆرفێمی خستنەسەریش ** لە هەورامیدا (و) بـۆ نێـر، (ۆ) بـۆ مـێ، (ێ) بـۆ کـۆی هەردووکیانـە. *** لـەڕووی واتاشـەوە پەیوەنـدی خاوەنداریـەتی لـە نێـوان سـەرە و دیارخـەردا دەنـوێنن و دۆخـی ڕێزمـانی خستەپاڵیش لـە لای چـەپەوە بـۆ لای ڕاسـت بـە فرێزێکـی نـاوی دەبەخشرێت[٢]، چـونکە مـۆرفێمی خسـتنە پـاڵ لــە چــەپەوە بــۆ ڕاســت حــوکم دەکــات( مــۆرفێمی خســتەپاڵەکەش لەگــەڵ نــاوی یەکەمدایە(سـەرە) نـەك لەگـەڵ نـاوی دوووەمـدا، چـونکە نـاوی یەکـەم مۆرفێمـە خسـتنەپاڵەکە داوادەکـات و لەگـەڵ خۆیـدا دەیهێنێـت)[٣] بۆیـە لـەڕووی تـوخم و ژمـارەوە مـۆرفێمی خسـتەپاڵەکە لەگـەڵ سـەرەدا ڕێکدەکـەوێت، دیارخەرەکـەش بـەپێی تـوخم و ژمـارەی خـۆی مـۆرفێمی دۆخ وەردەگرێت، مۆرفێمی(ی) بۆ نێر، (ێ) بۆ مێ، (ا) بۆ کۆی نێر و مێ، بڕوانە(٨٨) :

(٨٨) أ- یانە و ئازادی (ماڵی ئازاد)

ب- دەسو شرینێ (دەستی شیرین)

پ- کوڕێ نەسرینێ (کوڕانی نەسرین)

ت- زاوڵێ ژەنەکا/پیاکا (منالآنی ژنەکان/پیاوەکان)

لە هێڵکاریی ژمارە(١٣)دا دروستەکانی (٨٨) دەخەینەڕوو:

---

* بۆ جۆرەکانی فرێزی ناوی بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ٤٥- ٥٧).

١- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٥٧).

** مۆرفێمی خستەپاڵ لە هەورامیدا لە فرێزی ناویدا جیاوازە وەك لە فرێزی ئاوەڵناویدا، لە فرێزی ناویدا (و)بۆ نێر، (ۆ) بۆ مێ، بەڵام لە فرێزی ئاوەڵناویدا (ی) بۆ نێر، (ێ) بۆ مێ وەك مۆرفێمی خستنە پاڵ بەشداری لە فرێزەکەدا دەکات.

*** ئەگەر کۆتایی دیارخەر بە بزوێنی (ا ، ۆ ، ۆ)، یان (ە)ی توخمی نێر، (ی) نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، ئەوا مۆرفێمی خستنەپاڵ وەك خۆی دەردەکەوێت، وەك : وەڵاتو من(وڵاتی من) ، خەتاو تۆ(خەتای تۆ)، گاوۆ هیتێ (گای جووت)، بـەڵام ئـەگـەر دیارخراو بـە دەنگی بزوێنی کورت (ە)ی توخمی مێ، (وو ، ێ) ، (ی)ی بزوێن کۆتایی هاتبێت، مـۆرفێمی خستنەپاڵەکە تیادەچێت، وەك: بـەلوو شەمێرانی(بەڕووی شەمێران) ، ژەرەژۆ هۆرامانی(کەوی هەورامان)، قەڵاتۆ شاهۆ(قەڵای شاهۆ).

٢- محەمەدی مەحوی(٢٠٠١: ٥٣).

٣- طه ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٥: ٣٦- ٣٧).




هێڵكاریی ژماره(١٣)

**٢- ئاوەڵناو/ فرێزی ئاوەڵناوی:**

ئاوەڵنــاو یەکێکــە لــە دیارخــەرە چــالاکەکانی دواوەی فرێــزی نــاوی، کــە بــە هــۆی مــۆرفێمی خستنەپاڵەوە دەدرێتە پاڵ ناو، پێویستە لە ڕووی هەریەکە لـە نیشانەکانی وەك تـوخم و ژمـارەوە، لەگـەڵ ناوەکـەدا ڕێکبکـەون. ئاوەڵناوەکـە دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەریی ناو(سـەرە) لـەڕووی ژمـارە و توخمــەوە لەگەڵێــدا ڕێکدەکــەوێت و هــەموو ســیما و خەســڵەتەکانی نــاو وەردەگرێــت. مۆرفێمــە خستەپاڵەکەش بەپێی توخمی (ناو) هەڵدەبژێرێت.(ی) بۆ نێر، (یْ) بۆ مێ.* بڕوانه(٨٩):

(٨٩) أ- هەناری تشØ (هەناری ترش)

ب- هەنگوریْ تشه (ترێی ترش)

پ- یانەو کوڕی زیرەکی (ماڵی کوڕی زیرەك)

**٣- ژمارەی پلەیی:**

سـەره و ژمـارەی پلـەیی بـەهۆی مـۆرفێمی(ی) بەیەکـەوە دەبەسـترێنەوە و ژمارەکـە مـۆرفێمی توخم وەردەگرێت، بەپێی توخمی سەره. بڕوانه(٩٠)، (٩١):

(٩٠) أ- کوڕی یەرەمØ/ یەرەمینØ ( کوڕی سێیەم / سێیەمین)

ب- بزەی یەرەمە/ یەرەمینە (بزنی سێیەم/ سێیەمین)

(٩١) أ- کناچیْ دۆەمە (کچی دووەم)

ب- کوڕی دۆەمØ (کوڕی دووەم)

*لە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا بە وردی لەم ڕێککەوتنە دەدوێین، بڕوانە (٢/١-٢-٣).

**٤- ڕادە:**

ڕادە، ئەگەر لە دوای سەرەی فرێزی ناوییەوە هات ئەوا لەگەڵ سەرەدا ڕێکدەکەوێت نیشانەی (ناسراوی، توخم، کۆ) وەردەگرێت، واتە لەڕووی توخم و ژمارەوە ڕێکدەکەوێت، بڕوانە(٩٢):

(٩٢) أ- ۆەرۆە فرەکێ (بەفرە زۆرەکە) مێی ناسراو

ب- زاڕۆڵێ فرێ (منالّی زۆر)

پ- ئاوی فرێ (ئاوی زۆر)

ت- چاشتی فرێ (چێشتی زۆر)

لە (٩٢-أ)دا ڕادە لەگەڵ سەرەدا ڕێککەوتووە و نیشانەی ناسراوی وەرگرتووە، و سەرە ناوێکی مێیە و (ەکێ)ی ناسراوی لەسەر ڕادەکە دەرکەوتووە، لە (٩٩-ب)دا سەرە کۆیە و نیشانەی کۆش دراوە بە دیارخەرەکە(ڕادە)، لە (٩٢-پ)دا سەرە ناوێکی مێیە و مۆرفێمی مێی بەخشیوە بە دیارخەرەکە، لە (٩٢-ت)دا سەرە کۆیە و مۆرفێمی(ێ) ی بەخشیوە بە دیارخەر.

**٢-٢-١/٣) فرێزی دیارخەریDP:**

بەپێی گریمانەی DP فرێزی دیارخەریی ((ئەو فرێزەیە، کە لە بەشداریکردنی ناوێك، لەگەڵ مۆرفێمی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ) پێکدێت، بەشێوەیەك کەتیگۆرییەکانی سەری حوکمکەری فرێزەکەن، چونکە زمانی کوردی زمانێکی سەرکۆتایە))[1]. ئەم فرێزەش لەو شوێنانەدا بەکاردێت، کە(مۆرفێمەکانی خستنەسەر، ناسراوی، نەناسراوی، ژمارە، خاوەنداریێتی، چەندییەتی، وشەی نیشانە، ڕادە)یان تێدا بەکاردێت.[2] لە فرێزەکەدا (D)سەرەیە و ناوێك وەك تەواوکەر بۆخۆی هەڵدەبژێرێت.

لە شێوەزاری هەورامیدا، سەرەی فرێزەکە و تەواوکەرەکە ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەیە، ڕێککەوتنی مۆرفێمەکانی ناسراوی و نەناسراویش* دەبن بە سەرەی ڕێزمانی فرێزی دیارخەریی، ناوەکەش دەبێت +گشتی بێت، چونکە ناوی گشتی بەتەنها گۆکردنی ڕێزمانی وەك فرێزیان نییە، بەڵکو بەهۆی دیارخەرەکانەوە دەبن بە فرێزی دیارخەریی و ناوەکەش وەك تەواوکەرێك لە فرێزەکەدا مامەڵە دەکات و لەگەڵ سەرەدا ڕێکدەکەوێت و فرێزی دیارخەری پێکدەهێنن، بڕوانە(٩٣)و هێڵکاریی ژمارە(١٤):

(٩٣) أ- کوڕەکە (کوڕەکە)

ب- کوڕ یۆ (کوڕێك)

پ- کوڕەکێ (کوڕەکان)

---

١- دیار عەلی کەمال (٢٠٠٢ : ١٧).

٢- سەلاح حەویز ڕەسوڵ(٢٠١٤: ٤٨).

* بۆ ڕێککەوتی مۆرفیمەکانی ناسراوی و نەناسراوی و کۆ لەگەڵ سەرە، بڕوانە: لاپەرە( ٦٦- ٦٨) ی ئەم نامەیە.




هێڵکاریی ژمارە(١٤)

لە فرێزی دیارخەریدا (( مۆرفێمی خستنەپاڵ دەبێت بە سەری دیارخەریی(DP) و مۆرفێمە خستەپاڵەکە(D) یە و تەواوکەرێك هەڵدەبژێرێت))[1]، بەڵام ئەو فرێزەی بەم جۆرە دروست دەبێت، لەناو فرێزێکی تردا دەشکێتەوە، واتە بەکارهێنانی سەربەخۆی لە سینتاکسدا نییە* لە هێڵکاریی درەختیدا مۆرفیمی خستەپاڵەکە بە (det)دەنوسین بۆئەوەی جیابکرێتەوە لە مۆرفێمی ناسراوی و نەناسراوی کە بە (Det) دەینوسین.

بەپێی گریمانەی (DP) کلیتیکی خاوەنێتیش، کە کۆمەڵەی(A)دەگرێتەوە، دەبن بە سەری دیارخەریی لە (DP)دا و تەواوکەرێك لە چەشنی(NP/DP) بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، مۆرفێمە کلیتیکیەکەش جێگەی مۆرفێمە خستنەپاڵەکە دەگرێتەوە، لەم کاتەدا هیچ کەرەستەیەکی تر لە دوای کلیتیکە خاوەنێتیەکەوە نابێت بە دیارخەری فرێزەکە[2]، بەڵام لەڕووی واتاوە فرێزێکی ناوی خستنەپاڵە، بڕوانە(٩٤) و هێڵکاریی ژمارە(١٥):

(٩٤) أ- دەسش (دەستی)

ب- کناچەکێما (کچەکەمان)

لە (٩٤- أ)دا تەواوکەرەکەی لە جۆری (NP) یە و لە (٩٤-ب)دا تەواوکەرەکەی لە جۆری (DP)یە.




هێڵکاریی ژمارە(١٥)

فرێزی دیارخەری تەنها دیارخەرەکانی پێشەوە وەردەگرێت، چونکە کۆتایی فرێزی دیارخەریی

---

١- سەباح ڕەشید قادر(٢٠٠٩: ٥٤).

*بڕوانە: هێڵکاریی ژمارە(١٣) لاپەڕە(٧٥).

٢- تەها ڕەحیم ڕەشید(٢٠١٥: ٤٦).

داخراوە و ناتوانرێت لە دواوە کەرەستەی بۆ زیاد بکرێت. دیارخەرەکانی فرێزی دیارخەریش شوێنی(Spec) لە فرێزەکەدا پڕدەکەنەوە. بریتین لە (وشەکانی(هەر، تەنیا)، ژمارە، ڕادە، ناوی ئاوەڵکار). بڕوانە(٩٥) و هێڵکاریی ژمارە(١٦):

(٩٥) أ- تەنیا/ هەر کوڕەکێ (تەنیا/هەر کوڕەکان)

ب- یەرێ کناچەکێ ( سێ کچەکە)

پ- گرد ژەنەکا (هەموو ژنەکان)

ت- چێرو مێزەکێ (ژێر مێزەکە)




هێڵکاریی ژمارە(١٦)

دەشێت فرێزێکی دیارخەریی ببێتە دیارخەری فرێزێکی دیارخەریی ئەو کاتە لەناو یەکتریدا دەشکێنەوە، بەهۆی مۆرفێمی خستەپاڵ بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و ئەو فرێزە دیارخەرییەی، کە دەبێتە دیارخەرەکە دەکەوێتە دۆخەوە و مۆرفێمی دۆخ بەپێی توخم و ژمارە وەردەگرێت، بڕوانە(٩٦) و هێڵکاریی ژمارە(١٧):

(٩٦) أ- کناچێۆۋ یانەکەی (کچێکی ماڵەکە)

ب- زاوڵەکێ و ژەنەکێ (مناڵەکانی ژنەکە)




هێڵکاریی ژمارە(١٧)

### ٣-٢-١/٣) فرێزی ئاوەڵناوی(AP)*:

سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی بریتییە لە ئاوەڵناوێك، کە دەبێتە سەری ڕێزمانیی فرێزەکە، ئاوەڵناوەکە بناغەی فرێزەکەیە وەك چۆن لە فرێزی ناویدا ناو بناغەی فرێزەکە بوو[1]. لەبەرئەوەی ئاوەڵناو بە تەنها گۆکردنی سینتاکسی نییە ناوێك وەك تەواوکەر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، ناوەکە +گشتی یە و پەیوەندیی ڕێزمانی لە نێوانیاندا دروستدەبێت، ((فرێزی ئاوەڵناویش، کە بەیارمەتی مۆرفیمێکی خستنەپاڵ دروستدەبێت، کە لە دوو کەرت، یان زیاتر پێکدێت، لەسەر یاسای ڕیزبوونێکی سیمانتیکی فرێزەکە دروستدەکەن))[2]. فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی پێکدێنێت. زۆربەی سەرچاوەکان ڕایان وایە مۆرفیمی خستنەپاڵیش لەڕووی دروستەوە سەر بە کەرتی دووەمی فرێزەکەیە(دیارخەر)، بەلام لەڕووی واتاوە سەر بە کەرتی یەکەمی فرێز(دیارخراو)ەکەیە، بەلام ئێمە ڕامان وایە، کە مۆرفیمی خستنەپاڵەکە لەڕووی دروستەشەوە هەر سەر بەکەرتی یەکەمی فرێزەکەیە، لەبەرئەوەی مۆرفیمی خستنەپاڵەکە بەپێی توخمی دیارخراو هەڵدەبژێرێت. بۆیە پێویستە لە کاتی هێلکاریی درەختیدا بۆ نموونەکان مۆرفیمی خستنەپاڵەکە لەگەڵ دیارخراوەکەدا دابنرێت** (فرێزی ئاوەڵناویش بەپێی تیۆری حوکمکردن، پەیوەندییەکی ڕێزمانی لەنێوان حوکمکەر و حوکمکراودا، ئاوەڵناو وەك سەرەی ڕێزمانیی و کەتیگۆرییەکی حوکمکەر لەڕێی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات).[3]لەڕووی توخم و ژمارەوە ڕێکدەکەون، مۆرفیمی خستنەپاڵیش لە هەورامیدا پەیوەستە بە توخم و ژمارەوە، بەپێی توخمی کەرتی یەکەمی فرێزەکە جیاوازە، ئەگەر نێر بوو مۆرفیمی(ی)ی خستنەپاڵ، ئەگەر مێ و کۆی نێر و مێ بوو مۆرفیمی (ێ)ی خستنەپاڵ وەردەگرێت، هەروەها بەپێی توخمی ناوەکە مۆرفیمێکی توخم دەدرێت بە کۆتایی فرێزەکە و دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکە.

---

*بەپێی تیۆری Xباڕ و ئەو دابەشکردنەی بۆ فرێزی کردووە، فرێزی ئاوەڵناوی یەکێکە لە فرێزە لێکسیکییەکان، کە تیایدا ئاوەڵناو دەبێتە سەرەی فرێزەکە.

١- Burton, R, N(١٩٩٧:٦٤)

٢- هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد (٢٠٠٢ : ٧٥).

** بۆ ئەو سەرچاوانەی، کە مۆرفیمی خستنەپاڵیان لەگەڵ دیارخەردا داناوە، بڕوانە: محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ٦٢- ٨٠)، عەبدولجبار مستەفا مەعروف( ٢٠١٠: ٢٤-٧٥)، شنە جەبار فەتاح (٢٠٠٦ : ٦٩- ٧٢- ٨٤)، ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٧: ٦٦- ٦٧)، هیدایەت عەبدوڵلا حەیران (٢٠٠٣: ٧٦)، سەباح ڕەشید قادر(٢٠٠٩: ٤٧- ٩٣)، .....)، جگە لە : فەرەیدوون عەبدول محەمەد(٢٠١٤-٢٠١٥)، وانەی دیالێکتۆلۆجی، خوێندنی بالا، و طه ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٥: ٤٨- ٥١)، کە مۆرفیمی خستنە پاڵیان لەگەڵ دیارخراودا داناوە ئێمەش هاوڕاین لەگەڵیاندا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییەش لە شێوەزاری هەورامی و کرمانجیی ژووروودا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە مۆرفیمی خستنەپاڵ سەر بە دیارخراوە نەك دیارخەر، چونکە بەپێی توخم و ژمارەی دیارخراو مۆرفیمی خستنەپاڵەکە وەردەگرێت. بۆ نموونە لە کرمانجی ژووروودا مۆرفیمی خستنەپاڵی (-ا) بۆ تاکی مێ و (-ێ) بۆ تاکی نێر و (-ێن) بۆ کۆی نێر و مێ، وەك:

أ- بابێ دارای

ب- دەیکا دارای

پ- هەڤالێن دارای

سەبارەت بە شێوەزاری هەورامیش بڕوانە نموونەکانی(٩٧، ٩٨).

٣-Cook and Newson(١٩٩٧: ٥٥)

بڕوانە (٩٧) و هێڵکاریی ژمارە(١٨):

(٩٧) أ- ماری سیاوۆ (ماری ڕەش)

[+تاك +نێر] [+تاك +نێر]

ڕێککەوتن

ب- کەرگێ سیاوە (مریشکی ڕەش)

[+تاك +مێ] [+تاك +مێ]

ڕێککەوتن




هێڵکاریی ژمارە(١٨)

لە (٩٧)دا هەردوو کەرتی فرێزەکە بە یاریدەی مۆرفێمی(ێ/ی)ی خستنەپاڵ بەدوای ناودا دێن دەبەسترێنەوە، کەرتی یەکەمی فرێزەکە لە چ کەس و ژمارە و توخمێك بێت، دەبێت ئاوەڵناوەکەش لە هەمان توخم و ژمارە بێت، لە نموونەی(٩٧-أ)دا ناوەکە نێرە بۆیە ئاوەڵناوەکەش لە هەمان توخمە و مۆرفێمی (ۆ)ی وەرگرتووە، بەڵام لە نموونەی (٩٧-ب)دا لەبەرئەوەی ناوەکە لە توخمی مێیە، دەبێت ئاوەڵناوەکانیش لە هەمان توخمبن و مۆرفێمی (ـە)ی بۆ مێ وەرگرتووە. ئەگەر بێت و ئەو مۆرفێمە نەبێت ئەوا ڕێکنەکەوتن ڕوودەدات، لە نموونەی (٩٧-ب) دا ناتوانین بڵێین (کەرگێ سیاو )، چونکە (کەرگە)مێ یە. واتە دیارخەرەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی دیارخراوەکان لەڕووی ژمارە و توخمەوە لەگەڵیاندا ڕێکدەکەون.

لە شێوەزاری هەورامیدا هەموو ئاوەڵناوێك بەپێی توخمی ئەو ناوەی لەگەڵیدا دێت لە دروستەی فرێزدا، نیشانەی توخمی (نێر، مێ) وەردەگرێت. هەموو ئاوەڵناوەکان لە فەرهەنگدا وەك تاکی نێر نیشان دەدەن، بەڵام کاتێك دێنە ناو پێکهاتەی سینتاکسەوە لە دروستەی فرێزدا نیشانەی توخم وەردەگرن لە پێناو ڕێککەوتندا، نیشانەی توخمیش بۆ تاکی نێر مۆرفێمی(ۆ)یە، وەرگرتنی نیشانەی توخمی مێیش لەخۆوە نییە بەڵکو بەگوێرەی چەند یاسایەکە.[1] لەوانەش:

١- ئاوەڵناو بۆ تاکی مێ نیشانەی(-ە) وەردەگرێت ، ئەگەر بە نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، بڕوانە نموونەی(٨٩- أ ، ب)لایەرە ٧٥.

٢- ئاوەڵناو بۆ تاکی مێ نیشانەی(ێ) وەردەگرێت، ئەگەر ئاوەڵناوەکە بە (ە) کۆتایی هاتبوو، (ە) تیادەچێت و (ێ) دەمێنێتەوە، بەلاّم ئەگەر بە(- ا) کۆتای هاتبوو، لەگەڵ مۆرفێمی (ێ) یەکدەگرن و دەبن بە (ێ)، بروانە(٩٨):

(٩٨) أ- کوڕی گۆڕە∅ (کوری گەورە)

ب- ژەنێ گۆرێ (گۆرە +ێ) (ژنی گەورە)

ی- برای ئازا∅ (برای ئازا)

ت- واڵێ ئازێ (ئازا + ێ) (خوشکی ئازا)

لەم شێوەزارەدا ئاوەڵناو شوێنی دیارخراو دەکەوێت، ئەگەر هاتوو دیارخراو ناوێکی( کۆ) بێت ئەوا ئاوەڵناویش دەبێت کۆ بێت و نیشانەی کۆ (ێ) بۆ نێر و مێ وەردەگرێت[2]. لەم کاتەدا جیاوازی توخم نامێنێت، مۆرفێمی خستەپاڵی نێوان ناو و ئاوەڵناو دەرناکەوێت، لەبەرئەوەی ناوەکە بە مۆرفێمی (ێ) ی کۆ کۆتایی هاتووە، بەلاّم مۆرفێمی خستنەپاڵەکە لە دروستەی قولّداDS هەیە، تەنها لە دروستەی ڕوکەشدا (SS) دەرناکەوێت، بڕوانە(٩٩):

(٩٩) أ- کوڕێ زیرەکێ (کوڕی زیرەك)




ب- کناچێ زیرەکێ (کچی زیرەك)




فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی کۆتاییەکی کراوەیان هەیە و زۆرجار زیاتر لە ئاوەڵناوێك لە فرێزەکەدا بوونی هەیە، بەلاّم فرێزەکە تەنها یەك سەری واتایی هەیە، کە ناوە، بەلاّم ئاوەڵناوەکە بەپێی تیۆری X-bar سەرەی ڕێزمانییە، لەبەرئەوە ناوەکە و ئاوەڵناوی یەکەم بە مۆرفێمی(ی/ێ/ە) دەبەسترێن بەیەکەوە، مۆرفێمی بەستنەوەی ئاوەڵناوەکانیش پەیوەستە بە توخمی ناوەکەوە (ی) بۆ نێر، (ێ) بۆ مێ، یان بەهۆی (ە ، و) پێکەوە دەبەسترێنەوە. هەمووشیان دەبن بە دیارخەری ناوەکە، نیشانەی توخمیش دەتوانرێت لەسەر دوا ئاوەڵناو دەربکەوێت، یان لەسەر هەموو ئاوەڵناوەکان*، بڕوانە(١٠٠) و (١٠١):

---

١- فەرەیدوون عەبدول محەمەد(١٩٩٨: ٣٩) و شنە جەبار فەتاح (٢٠٠٦ : ٦٢).

٢- فەرەیدوون عەبدول محەمەد(١٩٩٨: ٤٠) .

* بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە هەمان سەرچاوە: ٣٥- ٣٦.

(١٠٠)   أ- ملەی چەرمەی گۆرەی خرپنێ        (مشکی سپی گەورەی خرپن)
ب- کاردێ گۆرێ تیژەی عالە              (چەقۆی گەورە و تیژ و چاك)
(١٠١)   أ- ملەی چەرمەێو گۆرەێ و خرپنێ  (مشکی سپی و گەورە و خرپن)
ب- کاردێ چەرمێ و گۆرێ و ئاسنینە       (چەقۆی سپی وگەورە و ئاسنین)

لەو نموونانەی سەرەوەدا ناوەکە +گشتیە ، لەڕووی توخمەوە ئاوەڵناوەکان لەگەڵ ناوەکەدا ڕێککەوتوون، لەنموونەی(١٠٠)دا نیشانەی توخم لەسەر دوا ئاوەڵناو دەرکەوتووە مۆرفێمی(ێ)بۆ نێر و(ێ) بۆ مێ، بەلاَم لە نموونەی(١٠١)دا نیشانەی توخم لەسەر سەرجەم ئاوەڵناوەکان دەرکەوتووە.

ئەگەر لە فرێزی ئاوەڵناویدا ناوەکە +ناسراوی و +نەناسراوی و +کۆ بوو ، ئەوا ئاوەڵناوەکان لەڕووی ژمارە و توخمەوە لەگەڵ ناوەکەدا ڕێکدەکەون، بەم شێوەی خوارەوە:

**أ- ئەگەر ناوەکە نەناسراوبێت:**

نیشانەی نەناسراوی بەپێی توخمی ناوەکە دەچێتە سەر دیارخراو. ناوەکە، و ئاوەڵناوی یەکەم بەهۆی مۆرفێمی (ی)خستنەپاڵ پێکەوە دەبەسترێنەوە، ئاوەڵناوەکانیش بەهۆی مۆرفێمی (و)ەوە[1]، بڕوانە(١٠٢):

(١٠٢)   أ- کوڕێوی چەمسیاوێو زەریف ێ و خرپنێ      (کوڕێکی چاوڕەش و جوان و خرپن)
ب- کناچێوێ(ە+ێ)چەمسیاوە و زەریفە و خرپنە    (کچێکی چاوڕەش و جوان و خرپن)

لە(١٠٢-أ ، ب)دا نیشانەی توخم لەسەر ئاوەڵناوەکان دەرکەوتووە و لە ڕووی نەناسراوی و ژمارەوە ڕێککەوتوون.

**ب- ئەگەر ناوەکە ناسراو بێت:**

ناو و ئاوەڵناوەکان بەهۆی (ە) بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و نیشانەی ناسراویەکەش دەکەوێتە سەر کۆتا ئاوەڵناو، بڕوانە(١٠٣):

(١٠٣)   أ- کوڕە زەریف و زیرەك و ئازاکە        (کوڕە جوان و زیرەك و ئازاکە)
ب- کناچە زەریف و چالاك و زیرەکەکێ     (کچە جوان و چالاك و زیرەکەکە)

لە (١٠٣- أ ، ب)دا ئاوەڵناوی یەکەم و دووەم لە ڕووی ژمارەوە لەگەڵ ناوەکەدا ڕێککەوتوون، بەلاَم ئاوەڵناوی کۆتایی لە ڕووی ناسراوی و ژمارەوە لەگەڵ ناوەکەدا ڕێککەوتووە.

**پ- ئەگەر ناوەکە کۆبێت :**

نیشانەی کۆ دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ دیارخراودا ڕێکبکەون، بڕوانە(١٠٤):

(١٠٤)   أ- کوڕێ چەمسیاوێ زەریفێ خرپنێ       ( کوڕانی چاوڕەشی جوان و خرپن)
ب- کناچێ چەمسیاوێ زەریفێ خرپنێ      (کچانی چاوڕەشی جوان و خرپن)

لەنموونەی (١٠٤-أ)دا (ێ)ی سەر ئاوەڵناوەکان نیشانەی کۆیە، لە نموونەی (١٠٤-ب)دا (ێ) نیشانەی کۆیە و لەسەر ئاوەڵناوەکان دەرکەوتووە و دیارخراویش مێیە، بەلاَم مۆرفێمی خستنەپاڵ

---

١- فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٩٨: ٣٤).

دەرنەکەوتــووە، دەشــێت ئــەو کەرەســتانەی وەك دیارخــەری پــێش و دواوە لــە فرێــزی ناویــدا بەکارهاتن لە دروستەی فرێزی ئاوەڵناویشدا بـوونی هـەبێت، چونکە وەك وتمـان ئاوەڵنـاو بەتـەنها گۆکردنی سینتاکسی نییـە، بۆئـەوەی فرێـزی ئاوەڵنـاویش بەرهـەم بێـت ئاوەڵناوەکـە (نـاو/ فرێـزی ناوی) وەك تەواوکەر هەڵدەبژێرێت. بڕوانە(١٠٥) و هێڵکاریی ژمارە(١٩):

(١٠٥)    یەرێ تەلەبێ زیرەکێ  (سێ خوێندکاری زیرەك)




هێڵکاریی ژمارە(١٩)

ڕادە لـە فرێـزی ئاوەڵناویـدا لـە هەنـدێك بـاردا دەوری ڕێککـەوتن دەبینێـت لەگـەڵ کەرتـەکانی فرێزەکەدا ڕێکدەکەوێت بەپێی توخمی ناوەکە مۆرفیمی توخم وەردەگرێت، لـەپێش ئاوەڵناوەکـەوە دێت، بڕوانە(١٠٦) و هێڵکاریی ژمارە(٢٠):

(١٠٦)    أ- ماری فرە سیاو ♁    (ماری زۆر ڕەش)

ب- کەرگەی فرە سیاوە    (مریشکی زۆر ڕەش)




هێڵکاریی ژمارە(٢٠)

دەشــێت زیــاتر لــە دیارخــەرێکیش لــە فرێــزی ئاوەڵناویەکــەدا هــەبێت، بڕوانــە(١٠٧) و هێڵکــاریی ژمارە(٢١):

(١٠٧)    کەمێو جە ئازادی زیرەکتەر    (کەمێك لە ئازاد زیرەکتر)




هێڵکاریی ژمارە(٢١)

**٤-٢-١/٣) فرێزی پێشناوی(PP):**

فرێزی پێشناوی لە ڕووی دروستەوە لە سەرەیەك و تەواوکەرێك پێکدێت، پێشناوەکە سەرەی ڕێزمانییە و حوکمی تەواوکەرەکەی دوای خۆی دەکات و دۆخی ڕێزمانی داتیڤی پێدەبەخشێت[1] پێشناو(P) کەرەستەی بە دەسەلاتەکەیە و توانای هەڵبژاردنی کەرەستەی تری هەیە تا لەگەڵیدا ڕێکبکەوێت.

حوکمکردن لەم فرێزەدا لەلایەن پێشناوەوە دەبێت، کە سەرەی ڕێزمانیی فرێزەکەیە، لە لای ڕاستەوە بۆلای چەپ حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات، شوێنی سەرەکی پێشناوەکانیش پێش تەواوکەرەکەیەتی ((بەپێی ئەوەی زمانی کوردی لە زمانەکانی SOV یە دەبێت هەردەم لە (PP)دا سەر کۆتا بێت و (Spec) سەرەتا بێت، بەلام ئەم ڕاستییە لە پرنسیپەکانی ئەم جۆرە زمانە دەردەچێت و دەچێتە چوارچێوەی پارامێتەرەکانی زمانی کوردی و سەرەی فرێزەکە سەر سەرەتا دەبێت و لە دوای خۆیەوە تەواوکەرێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێت))[2] لەم فرێزەدا سەر سەرەتایە، پەیوەندی نێوان سەر و تەواوکەر پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت پێشناو لابرێت و هاتنی بەخورتییە، چونکە خاوەنی ئەرکن، لەگەڵ تەواوکەرەکەدا ڕێکدەکەون و دۆخی پێدەدەن و واتاکەی تەواودەکەن ((بەبێ تەواوکەرەکە دروستەکە پێکنایەت، تەواوکەرەکەش پێویستە لەگەڵ پێشناوەکەدا ڕێکبکەوێت، بۆیە دەبێت لەڕووی واتاوە سەر و تەواوکەر ڕێکبکەون))[3] دروستەی فرێزی پێشناوییەکە لە فۆرمێکی سینتاکسیدایە و (P) کەتیگۆرییەکی سینتاکسی لە جۆری(NP)و (DP)و (AP) وەك تەواوکەر بۆخۆی هەڵدەبژێرێت[4]، بڕوانە(١٠٨):

(١٠٨) أ- کتێبەکەم پەی ئازادی ئەسا. (کتێبەکەم بۆ ئازاد کڕی.)

ب- زەڕەکەم جە کوڕەکەی هۆرگێرت. (پارەکەم لە کوڕەکە وەرگرت.)

پ- گجیەکەم پەی کناچە زەریفەکێ کیاست. (کراسەکەم بۆ کچە جوانەکە نارد.)

لە نموونەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت ئاڕاستەی حوکمکردنەکە وەك وتمان سەرە ڕێزمانییەکە حوکمی تەواوکەرەکە دەکات و ئاڕاستەی پێدانی دۆخەکەش لە ڕاستەوە بۆ چەپە، ئەمەش پێچەوانەی ئاڕاستەی سەرە ڕێزمانییەکانی ترەوەیە. سەرەی فرێزەکەش لە(١٠٨-أ)دا (NP)یە و لە (١٠٨-ب)دا(DP) یە و لە (١٠٨-پ)دا (AP)ی هەڵبژاردووە. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢٢-أ، ب، پ):

---

١-(Haegeman(١٩٩٩: ١٣

٢- سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ٦٩) .

٣- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ٦٨).

٤- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، کاروان عومەر قادر(٢٠١٢ : ٤١٦).



هێلکاریی ژمارە(٢٢- أ)



هێلکاریی ژمارە(٢٢- ب)



هێلکاریی ژمارە(٢٢- پ)

لە هێلکاریی ژمارە(٢٢-أ، ب، پ)ەوە بۆمان دەردەکەوێت پەیوەندی نێوان سەر و تەواوکەر پەیوەندییەکی حوکمکردنە، لەبەرئەوە پێشناوەکە بڕیاری هەڵبژاردن و دیاریکردنی جۆری تەواوکەرەکە دەدات، لە لایەکی تریشەوە هیچ کاتێك پێشناوەکە وەك سەرێك ناتوانێت جێگەی هەموو ڕۆنانەکە بگرێتەوە[1]. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کەرتەکانی فرێزی پێشناوی پەیوەندیەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، چونکە لە کاتێکدا تەواوکەری فرێزە پێشناوییەکەش دەرنەبڕێت بەهۆی پێشناوەکەوە هەست بە بوونی تەواوکەرێك دەکەین لە دروستەی قوڵدا بوونی هەیە[2]. بڕوانە(١٠٩):

(١٠٩) أ- گجیەکەم پەی شیرینێ وراست. (کراسەکەم بۆ شیرین دووری.)

ب- گجیەکەم پەی وراستەØ. (کراسەکەم بۆ دووری.)

---

١- Fatah ,M,M(١٩٩٧:١٩٠)

٢- تەها ڕەحیم ڕەشید ، ٢٠١٥ : ٦٢.

لە نموونەی (١٠٩-ب)دا تەواوکەری فرێزە پێشناویەکە دەرنەبڕاوە، بەڵام ڕێککەوتن لە نێوان تەواوکەری فرێزەکە و کارەکەدا هەیە مۆرفێمی توخم(ـە) و جێناوێکی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک(∅) بەخشراوە بە کۆتایی کارەکە، بەهۆی پێشناوەکە و مۆرفێمی ڕێککەوتنەوە(ـە، ∅) دەزانرێت لە دروستەی قوڵدا ناوێك هەیە، بەڵام ناتوانرێت پێشناوەکە دەرنەبڕێت، چونکە ڕۆنانەکە نا دروست و ڕێگە پێنەدراودەبێت، بەهۆی هەڵسوکەوتی جیاوازی پێشناوەکانەوەیە، بڕوانە(١١٠):

(١١٠) أ- زەڕەکەم جە ئازادی هۆرگێرت. (پارەکەم لە ئازاد وەرگرت.)

ب- * زەڕەکەم ئازاد هۆرگێرت (* پارەکەم ئازاد وەرگرت)

پێشناوەکان لە هەنێك باردا ناتوانن بە تەنها ڕۆڵ ببینن، بەڵکو بە یارمەتی پێشبەندەکانی (- ەنە ، -ەرە ، -ۆ)، کە لە کۆتایی فرێزەکەدا دەردەکەوێت، لەم کاتەشدا نیشانەی دۆخ دەرناکەوێت، واتە بە هاوکاری پۆست پۆزیشن فرێزەکە پێکدێت و ڕێککەوتن لە نێوان بەشەکانیدا دروست دەبێت. لەم جۆرە فرێزەدا زیاتر ڕێککەوتنی واتایی بەدیی دەکرێت. بڕوانە(١١١):

(١١١) أ- من جە سلێمانیۆ ئامانێ. (من لە سلێمانییەوە هاتم.)

ب- ئاسۆم جە بازاڕەنە وینا. (ئاسۆم لە بازاڕ بینی.)

لە دروستەی فرێزی پێشناویدا ئەو دیارخەرانەی لەپێش سەرەوە دێن، شوێنی (Spec) پڕدەکەنەوە، وەك (وشەکانی (هەر، تەنیا)، ڕادە، ئاوەڵکار، ...)، بڕوانە(١١٢) و هێڵکاریی ژمارە(٢٣):

(١١٢) أ- هەر/تەنیا پەی زانکۆی ملوو. (هەر/ تەنیا بۆ زانکۆ دەڕۆم.)

ب- کەمێو جە ئاوەکێم واردە. (کەمێك لە ئاوەکەم خوارد.)




هێڵکاریی ژمارە(٢٣)

لەبەرئەوەی ئاوەڵکار بەشێوەی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا نییە، تەنها (زوو، دێر) هەیە، ئاوەڵناوەکان بەشێوەی ئاوەڵناو ئاسا هەیە لە دروستەی ڕستەدا جێکەوتەی فرێزی پێشناوییان هەیە و هاتنیان سەرپشکییە، زانیاری لەسەر کاری ڕستەکە دەدەن و واتای کارەکە ڕوندەکانەوە، شوێنەکەشی لەناو فرێزی کاریدایە و هەڵگری نیشانەی {+کات، + چۆنیەتی، + شوێن، .... ن}* .

دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت، کە هەردوو فرێزی ئاوەڵکاری و فرێزی پێشناویی هەردووکیان زانیاری لەسەر کاری ڕستە دەدەن و دەچنە پێکهاتەی فرێزی کاریەوە لەدەرەوەی فرێزی کاریدا هیچ گۆکردنێکی نییە و لەڕووی سینتاکسییەوە پەیوەندی لەگەڵ کاردا هەیە و لەڕووی واتاشەوە ڕوودانی کارمان بۆ ڕوندەکاتەوە، لە ڕستەشدا وەك تەواوکەر، یان سەربار دەردەکەون.

---

* بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠١: ٦٢-٦٧).

### ٥-٢-١/٣) فرێزی كاری(VP):

فرێــزی كــاری كەتیگۆرییــەكی سینتاكســییە و ڕەگــی كــار وەك ســەری ڕێزمــانیی تێیــدا دەردەكەوێت، و گرنگترین جۆری فرێزە لە ڕستەدا و هاتنی بەخورتییــە (( ڕەگــەزێكی ســەرەكییە و بوونی لە ڕۆنانەكەدا ناچارییە و ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت))[1]. دەشێت فرێزی كاری لە تەنها كارێك (ڕەگ و مۆرفیمەكانی كات و ڕێككەوتن) پێكهاتبێت، یان لە كارێك و فرێزێك، یان چەند فرێزێكی تر پێكهاتبێت، كە فرێزەكانی وەك(AP,AdvP, PP,DP,NP,)، وەك تەواوكەر، یان سەربار خۆیان دەنوێنن بەپێی جۆری كارەكە. بەپێی ڕێككەوتنی نێوانیان و جۆری كار، كارەكە حوكم و دۆخیان پێ دەبەخشێت. بەشێوەیەكی گشتی فرێزی كاری لە هێڵكاریی ژمارە(٢٤) دەخەینە ڕوو:



هێڵكاریی ژمارە(٢٤)

لە هێڵكاریی(٢٤)دا ئەم چەند خاڵە (.....) جگە لە سەرە، هەموو كەرەستەكانی تر(فرێزەكانی تر) دەگرێتەوە، كە لە (VP) ەكەدا هەن، جا كەرەستە بە خورتیەكان بن، یان بە ئارەزوویییەكان.

فرێزی كاری لە شێوەزاری هەورامیدا خاوەنی پێكهاتەیەكی ئاڵۆزە و مۆرفێمەكانی (ڕەگ، كات، كەس، توخم)* لە دروستەی فرێزەكەدا بەشداری دەكەن و ئەركیان دەربڕینی ڕێككەوتنە و هاتنیان بەخورتییە، و پێنج كۆمەڵە لە كلیتیكیە كەسییەكان بەپێی جۆری كار ڕۆڵ لە داڕشتنی فرێزە كارییەكاندا دەبینن و ڕێككەوتن لەنێوانیاندا هەیە. بەم پێیە (VP) كاتیگۆرییەكی سینتاكسییە و ڕەگی كار تیایدا سەرەیە، تەواوكەر و سەربار تیایدا دەردەكەوێت. بۆ خستنەڕووی ڕێككەوتنیش لەم فرێزەدا پێویستە باسی هەریەكە لە ڕێككەوتنی كار و ئەومۆرفێمانەی بەشداری ڕێككەوتنی دەكەن، و ڕێككەوتنی بەركار وكار بكەین، لەگەڵ ڕێككەوتنی تەواوكەر و كار، لەو فرێزە كاریانەی لە كار و تەواوكەرێك، یان زیاتر پێكهاتوون.

---

١- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠ : ٦٦).

*جگە لەو مۆرفێمانەی ئاماژەمان پێدا چەند مۆرفێمێكی تر بەشداری پێكهاتەی فرێزی كاری دەكەن، كە هەندێكیان دەكەونە پێش ڕەگی كار، یان دوای ڕەگی كار، وەك مۆرفێمەكانی نەرێكردن و مۆرفێمی گۆڕینی توانای كات...هتد . بۆ زانیاریی لەسەر ئەم بابەتە، بڕوانە: مەهاباد كامیل عەبدوڵا(١٩٩٦: ٤٢- ٧٩)، شێركۆ حەمە ئەمین قادر(٢٠٠٢: ٧٦- ٩١)، عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ(٢٠١٤: ١١٧- ١٦٧)، ئەبوبەكر عومەر قادر(٢٠٠٣: ٦٠- ٨٢).

**١/٣-٢-٥-١) ڕێککەوتن لە (VP) دا لە تەنها کارێك پێکهاتووە (ڕەگ ومۆرفێمەکانی ڕێککەوتن):**

ڕەگی کار بە بنچینەی فرێزی کاری دادەنرێت و هاتنی بە خورتییە، تەنها کارێك دەتوانێت فرێزی کاری پێکبهێنێت، کە تێنەپەڕ بێت. ئەمەش بەیارمەتی مۆرفیمەکانی (کات، کەس، توخم)، کە سەرجەمیشیان لە دوای ڕەگی کارەوە دێن، ئەمەش دروستەی مۆرفۆسینتاکسی دەگرێتەوە.* ڕێککەوتنەکانیش بەپێی جۆر و کاتی کارەکە لەم شێوانەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

## أ- کاری ڕابردووی تێنەپەڕ :

ئەگەر فرێزە کارییەکە لە تەنها کارێکی ڕابردووی تێنەپەڕ پێکهاتبوو، مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن بەم شێوە لای خوارەوە بەشداری لە پێکهاتەی فرێزە کاریەکەدا دەکات:

**١- ڕابردووی هەواڵی سادەی تێنەپەڕ:**

لەم جۆرە کارەدا لەبەرئەوەی کارەکە تێنەپەڕە تەنها جێناوی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی( B) وەردەگرێت، کە دەوری ڕێککەوتن دەبینێت لە پێکهاتەی کارەکەدا بەشدارە، بەلام مۆرفیمی توخم (لە فرێزە کاریەکەدا تەنها بۆ کەسی سێیەمی تاکی مێ، مۆرفێمی(ـە) وەردەگرێت، ئەگەر قەدی کارەکەش بە دەنگی (ا) کۆتایی هاتبوو، ئەوا مۆرفێمی مێیینەکە (ـە)، کە بۆ بکەرەکە دەگەڕێتەوە دەرناکەوێت لەسەر کارەکە)[١]، بڕوانە(١١٣) و یاسای ژمارە(١):

(١١٣) أ- pro ** کۆتا/کۆتانێ(کەوتم) — pro کۆتیمێ(کەوتین)

pro کۆتی(کەوتیت) — pro کۆتیدێ(کەوتن)

pro کۆتØ/کۆتە (کەوت) -pro کۆتێ(کەوتن)

ب-pro گرەواØ (گریا)

Pro لواØ (ڕۆشت)

*** | ڕەگ + م. کات + م.توخم+ م. ڕێککەوتنی بکەریی(B) |

یاسای ژمارە(١)

**٢- ڕابردووی هەواڵی نزیکی تێنەپەڕ:**

لەم جۆرەکارەدا بۆ دەربڕینی ڕێککەوتن مۆرفێمی توخم(ـە) بۆنێر، (ێ)بۆ مێ و کۆی نێر و مێ، کە ئاماژەیە بۆ بکەر و مۆرفێمی نزیکی(ن) و جێناوی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(C)بەشداری دەکات، مۆرفێمی توخم بۆ کەسی سێیەمی تاکی مێ دووجار دەردەکەوێت، یەکەمیان(ێ)یە و پێش

---

*مۆرفۆسینتاکس بریتیە لە بە کلیتیککردنی کاتیگۆرییە بەخورتییە سینتاکسییەکان، کە فرێزی کاری دەینوێنێت.

١- فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٩٨ :٧٠- ٧١).

** (pro) کاتیگۆریی بەتاڵە، بونیادێکی تیۆریGB یە، ئاماژە بۆ ئەو پێکهاتانەی ڕستە دەکات لەڕووی فۆنەتیکەوە بەتاڵن، بەلام لەڕووی سینتاکسەوە چالاکن. بۆزانیاریی دەربارەی(pro) بڕوانە: حاتەم ولیا محەمەد(٢٠٠٩: ٢٣١- ٢٤٨) و ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩: ١٤٦- ١٥٥).

*** بۆ ئەم یاسایەو یاساکانی ژمارە(٢- ١٠) سوودم لە فەرەیدوون عەبدول محەمەد(١٩٩٨) و مەهاباد کامیل عبدالله(٢٠١٠) وەرگرتووە.

مـۆرفێمی نزیکییەکەیـە، دووەمیان(ـــە) و دوای مـۆرفێمی نزیکییەکەیـە. بڕوانـە(١١٤) و یاسـای ژمارە(٢):

(١١٤) pro کۆتەنا/کۆتێنا(کەوتووم) — pro کۆتێنمیٚ(کەوتووین)

pro کۆتەنی/کۆتێنی (کەوتوویت) — pro کۆتێندیٚ(کەوتوون)

pro کۆتەنڤ/کۆتێنەڤ (کەوتووە) - pro کۆتێنیٚ(کەوتوون)

| ڕەگ + م.کات + م. توخم+م.نزیکی +م. ڕێککەوتنی بکەریی(C) |
|---|

یاسای ژمارە(٢)

## ٣- ڕابردووی هەواڵی دووری تێنەپەڕ:

ئەم جۆرە کارە بۆ دەربڕینی ڕێککەوتن مۆرفێمی توخم(ــە) بـۆنێر، (یٚ)بـۆ مـیٚ و کـۆی نێـر و میٚ، کە ئاماژەیـە بـۆ بکـەر نیشـانەی دووری(بـیٚ) لـە پێکهاتـەی کارەکـەدا دەبێـت، جێنـاوی لکـاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(D) وەردەگرێت، بۆ دەربڕینی ڕێکەوتنەکە، بڕوانە(١١٥) و یاسای ژمارە(٣):

(١١٥) pro کۆتەبێنیٚ/کەوتێبێنیٚ(کەوتبووم) — pro کۆتێبێنمیٚ(کەوتبووین)

pro کۆتەبێنی /کەوتێبێنی(کەوتبوویت) — pro کۆتێبێندیٚ(کەوتبوون)

pro کۆتەبیٚڤ/کەوتێبیٚڤ(کەوتبوو) - pro کۆتێبێنیٚ (کەوتبوون)

| ڕەگ + م. کات + م. توخم + م.دووری + م. ڕێککەوتنی بکەریی.(D ) |
|---|

یاسای ژمارە(٣)

## ٤- ڕابردووی هەواڵی بەردەوامی تێنەپەڕ:

لەم جۆرەدا، لەبەرئەوەی کارەکە بەردەوامـە و لـە ڕەگـەوە وەردەگیرێـت مـۆرفێمی تـوخمی تیـا نییـە، نیشـانەی بـەردەوامی(یٚ) و جێنـاوی لکـاوی بکـەریی لـە کۆمەڵـەی (D) هەیـە و لەگەڵیـدا ڕێکدەکەوێت، بڕوانە(١١٦) و یاسای ژمارە(٤):

(١١٦) pro گنێنیٚ(دەکەوتم) — pro گنێنمیٚ(دەکەوتین)

pro گنێنی (دەکەوتیت) — pro گنێندیٚ(دەکەوتن)

pro گنیٚڤ(دەکەوت) - pro گنێنیٚ (دەکەوتن)

| ڕەگ + م. بەردەوامی + م. ڕێککەوتنی بکەریی(D) |
|---|

یاسای ژمارە(٤)

## ٥- ڕابردووی دانانی سادەی تێنەپەڕ:

مۆرفێمی توخم(ــە) بۆنێر، (یٚ)بۆ مـیٚ و کـۆی نێـر و مـیٚ، ئاماژەیـە بـۆ بکـەر، نیشـانەی جـۆری کار(بییٚ) لە پێکهاتەی کارەکەدا دەبێت، جێناوی لکاوی بکـەریی لـە کۆمەڵـەی(D) وەردەگرێـت، بـۆ دەربڕینی ڕێکەوتنەکە، بڕوانە(١١٧) و یاسای ژمارە(٥):

(١١٧) pro کۆتەبیێنیٚ/کۆتێبیێنیٚ(کەوتبام) — pro کۆتێبیێنمیٚ(کەوتباین)

کۆتەبیێنی/کۆتێبیێنی(کەوتبایت) pro — کۆتێبیێندێ(کەوتبان) pro

کۆتەبیێ/کۆتێبیێ (کەوتبا) pro — کۆتێبیێنێ(کەوتبان) pro

| ڕەگ+ م.کات + م. توخم+ م. جۆری کار + م. ڕێککەوتنی بکەریی(D) |
|---|

یاسای ژمارە(٥)

٦- ڕابردووی دانانی نزیکی تێنەپەڕ:

مۆرفێمی توخم(ـە) بۆنێر، (ێ)بۆ مێ و کۆی نێر و مێ، ئاماژەیە بۆ بکەر، نیشانەی جۆریکار(ب) لە پێکهاتەی کارەکەدا دەبێت، جێناوی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(E) وەردەگرێت، بۆ دەربڕینی ڕێکەوتنەکە، بڕوانە(١١٨) و یاسای ژمارە(٦):

(١١٨) pro کۆتەبوو/کۆتێبوو(کەوتبێتم) — pro کۆتێبیمێ(کەوتبێتین)

pro کۆتەبی/کۆتێبی (کەوتبێتیت) — pro کۆتێبیدێ(کەوتبێتن)

pro کۆتەبۆ/ کۆتێبۆ(کەوتبێت) - pro کۆتێبا(کەوتبێتن)

| ڕەگ + م.کات+ م. توخم + م.جۆری کار + م. ڕێککەوتنی بکەریی(E) |
|---|

یاسای ژمارە(٦)

٧- ڕابردووی دانانی دووری تێنەپەڕ:

لەم کارەدا دوو جار بکەر مۆرفێمی توخم دەدات بە کارەکە، مۆرفێمی(ـە) بۆ تاکی نێر، مۆرفێمی(ێ) بۆ تاکی مێ و کۆی نێر و مێ، جێناوێکی لکاوی بکەریش لە کۆمەڵەی(D) وەردەگرێت، ڕێککەوتن دێنێتە ئاراوە، بەهۆی مۆرفێمی توخمەکەوە دەزانین بکەر لە چ توخمێکە، هەروەها بەهۆی جێناوە لکاوەکەشەوە دەزانینن، کە بکەر لە کەسی چەندەمە و تاکە، یان کۆیە و ڕێککەوتنەکە دیاریدەکرێت. بڕوانە(١١٩) و یاسای ژمارە(٧):

(١١٩) pro کۆتەبیەبیێنێ/کۆتێبیێبیێنێ(کەوتبووبام) — pro کۆتێبیێبیێنمێ(کەوتبووباین)

pro کۆتەبیەبیێنی/کۆتێبیێبیێنی (کەوتبووبایت) — pro کۆتێبیێبیێندێ(کەوتبووبان)

pro کۆتەبیەبیێ/کۆتێبیێبیێ (کەوتبووبا) — pro کۆتێبیێبیێنێ(کەوتبووبان)

| ڕەگ + م.کات+ م. توخم + م.(بیـ) + م. توخم +م.( بیێ) + م. ڕێککەوتنی بکەریی(D) * |
|---|

یاسای ژمارە(٧)

٨- ڕابردووی دانانی بەردەوامی تێنەپەڕ:

ڕێککەوتن لەم جۆرە دا دەگەڕێتەوە بۆ مۆرفێمی توخم(ـە) بۆ تاکی نێر، (ێ) بۆ تاکی مێ و کۆی نێر ومێ، و مۆرفێمی جۆری کار(بیێ) و جێناوی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(D)، ئەمەش هەمان

* لە یاسای(٧)دا مۆرفێمی جۆری کارەکە بەهۆی مۆرفێمی توخمەوە لەت بووە(بیـ – بیێ)، چونکە مۆرفێمی توخمی بکەر دووجار دەردەکەوێت، وەك لە یاساکەدا خراوەتەڕوو.

یاسا و دروستەی ڕابردووی دانانی سادەی تێنەپەڕی هەیە. بڕوانە نموونەی(١١٧) یاسای ژمارە(٥).*

## ب- ڕانەبردووی تێنەپەڕ:

کاری ڕانەبردوو بە هەموو جۆرێکیەوە لە ڕەگەوە وەردەگیرێت، جێناوی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(E) دەوری ڕێککەوتن دەبینێت لە کارەکەدا، و بەپێی جۆری کارەکەش بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

### ١- ڕانەبردووی هەواڵی تێنەپەڕ بۆ داهاتوو:

لەم کارەدا تەنها جێناوێکی لکاوی بکەری لە کۆمەڵەی(E) بەپێی کەس و ژمارە دەدرێت بە کۆتایی کارەکە. بڕوانە(١٢٠) و یاسای ژمارە(٨):

(١٢٠) pro ملوو(دەڕۆم) — pro ملمێ(دەڕۆین)

pro ملی (دەڕۆیت) — pro ملدێ(دەڕۆن)

pro ملۆ(دەڕوات) - pro ملا(دەڕۆن)

| م + ڕەگ + م. ڕێککەوتنی بکەریی(E) |
|---|

یاسای ژمارە(٨)

### ٢- ڕانەبردووی هەواڵی تێنەپەڕ بۆ ئێستا:

بەهەمان شێوەی کاری ڕانەبردوی تێنەپەڕە بۆ داهاتوو، بەڵام مۆرفیمی(م)ی ڕانەبردوو و ڕەگ و مۆرفیمی(ا)ی نیشانەی ئێستا، لەپێشیەوە دێت. بڕوانە(١٢١) و یاسای ژمارە(٩):

(١٢١) pro ملای ملوو(دەڕۆم) — pro ملای ملمێ(دەڕۆین)

pro ملای ملی (دەڕۆیت) —pro ملای ملدێ(دەڕۆن)

pro ملای ملۆ (دەڕوات) —pro ملای ملا(دەڕۆن)

| م+ ڕەگ + م. ئێستا + (م)+ ڕەگ+ م. ڕێککەوتنی بکەریی (E) |
|---|

یاسای ژمارە(٩)

---

*نموونەکانی(١١٧)ی لا ٩٠، لە زاری ناوەڕاستدا بۆ ڕابردووی دانانی بەردەوامی تێنەپەڕ مۆرفیمی(بـ) دەچێتە پێش دروستەی کاری ڕابردووی دانانی سادەی تێنەپەڕ، بڕوانە (أ، ب، پ):

أ- بکەوتبام — بکەوتباین

ب- بکەوتبایت — بکەوتبان

پ- بکەوتبا — بکەوتبان

### ٣- ڕانەبردووی دانانی تێنەپەڕ:

ڕانەبردووی دانانی تێنەپەڕ: مۆرفێمی (ب)ی نیشانەی کاتی ڕانەبردووی دانانی و واتای ڕوودانی کار دەبەخشێت و لەپێش ڕەگی کارەکەوە دەبینرێت، جێناوی لکاوی بکەرییش لە کۆمەڵەی(E )بەشداری تێدا دەکات بۆ ئەوەی ڕێککەوتن بێتە ئاراوە، بڕوانە(١٢٢) و یاسای ژمارە(١٠):

(١٢٢) نموونە بۆ کاری تێنەپەڕ

pro بلوو (بڕۆم)— pro بلمێ(بڕۆین)

pro بلی (بڕۆیت)—pro بلدێ(بڕۆن)

pro بلۆ (بڕوات)— pro بلا(بڕۆن)

| م.(ب) + ڕەگ + م. ڕێککەوتنی بکەریی (E) |
|---|

یاسای ژمارە(١٠)

**٢-٥-٢-١/٣) ڕێککەوتن لە (VP)یانەدا کارەکانیان تێپەڕە(ڕێککەوتنی بەرکار و کار):**

لەو فرێزە کاریانەدا، کە کارەکانیان تێپەڕە ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کاردا دەبێت، بەپێی جۆری کارەکەش مۆرفێمی توخم و کۆمەڵەی جێناوی لکاوی بەرکاریی جیاوازی دەبێت، وەك لە خوارەوە ڕوونیدەکەینەوە:

**أ- ڕابردووی تێپەڕ:**

**١- ڕابردووی هەواڵی سادەی تێپەڕ:**

لەم جۆرە کارەدا، کارەکە مۆرفێمی توخم(ᴓ) بۆ نێر، (ـە) بۆ مێ، (ێ) بۆ کۆی هەردووکیان، کە ئاماژە بۆ بەرکار دەکات، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی(B)ی بەرکاریی وەردەگرێت، کە دەکەوێتە کۆتایی کارەکە، و بەرکاریش جێناوێکی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(A) وەردەگرێت، بڕوانە(١٢٣) و یاسای ژمارە(١١):

(١٢٣) أ- (pro) تۆم بەردᴓی. ( تۆم برد.)

ب- (pro) ساوەکێم واردە ᴓ. ( سێوەکەم خوارد.)

پ- (pro) کناچەکێم بەردێ . (کچەکانم برد.)

لە(١٢٣)دا ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کاردا هەیە و بەرکار بەپێی توخم و ژمارە مۆرفێمی توخم(ᴓ)بۆ نێر و جێناوی لکاوی(ی) بۆ کەسی دووەمی تاك بەخشیوە بە کار، بەڵام لە (١٢٣-ب)دا بەرکار لە کەسی سێیەمی تاکە، جێناوی لکاوی بەرکاری دەرنەکەوتووە، چونکە جێناوی لکاوی لە کۆمەڵەی( B) وەردەگرێت، بۆ کەسی سێیەمی تاك مۆرفیمی(ᴓ)یە.

| بەرکار + م.ڕێککەوتنی بکەریی(A)+ کار + م. توخم + م. ڕێککەوتنی بەرکاریی(B) |
|---|

یاسای ژمارە(١١)

**٢- ڕابردووی هەواڵی نزیکی تێپەڕ:**

کارەکە مۆرفێمی توخم(ـە) بۆ نێر، (ێ) بۆ مێ و کۆی نێر و مێ، کە ئاماژەیە بۆ بەرکار، و مۆرفێمی(ن)ی نیشانەی نزیکی و جێناوێکی لکاوی بەرکاریی کۆمەڵەی(C) وەردەگرێت. بۆ توخمی مێ دووجار مۆرفیمی توخم لەسەر کارەکە دەردەکەوێت. بەرکاریش جێناوێکی لکاوی بکەری لە کۆمەڵەی(A)وەردەگرێت. بڕوانە(١٢٤) و یاسای ژمارە(١٢):

(١٢٤) أ- (pro) زاوڵەکەم بەردەنØ . (مناڵەکەم بردووە.) بەرکار تاکی نێر بێت.

ب- (pro) کولەکێش بەردێنەØ. (کولەکەی بردووە.) بەرکار تاکی مێ بێت.

پ- (pro) زاوڵەکێم بەردێ. (مناڵەکانم بردووە.) بەرکار کۆی هەردووکیان بێت.

| |
|---|
| بەرکار + م. ڕێککەوتنی بکەریی( A)+ کار + م. توخم + م. نزیکی+ م. ڕێککەوتنی بەرکاریی(C) |

یاسای ژمارە(١٢)

**٣- ڕابردووی هەواڵی دووری تێپەڕ:**

بۆ دەربڕینی ڕێککەوتن لە فرێزی کاری لەم جۆرە کارەدا، مۆرفێمی توخمی بەرکاری(ـە) بۆ نێر، (ێ) بۆ مێ و کۆی نێر و مێ، مۆرفێمی(بێ)ی نیشانەی دوور و جێناوی لکاوی بەرکاریی(D) لەسەر کارەکە دەردەکەوێت و بەرکاریش جێناوی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(A) وەردەگرێت. بڕوانە(١٢٥) و یاسای ژمارە(١٣):

(١٢٥) أ- (pro) هەنارەش واردەبێ Ø. (هەناری خواردبوو.)

ب- (pro) هەنگوریش واردێبێ Ø. (ترێی خواردبوو.)

پ- (pro) هەنارەکێم بەردێبێنێ. (هەنارەکانم بردبوو.)

| |
|---|
| بەرکار+ م. ڕێککەوتنی بکەریی(A)+ کار+ م.توخم + م.دووری + م. ڕێککەوتنی بەرکاریی(D) |

یاسای ژمارە(١٣)

**٤- ڕابردووی هەواڵی بەردەوامی تێپەڕ:**

لە ڕابردووی هەواڵی بەردەوامدا، کە لە ڕەگەوە وەردەگیرێت و مۆرفێمی توخم نامێنێت، بۆ دەربڕینی ڕێککەوتنیش کارەکە مۆرفێمی(ێ)ی بەردەوامی و جێناوێکی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(D) وەردەگرێت. واتە ڕێککەوتن لەنێوان بکەر و کاردایە لەڕووی کەس و ژمارەوە و بەرکار دەکەوێتە دۆخەوە و ڕێککەوتنی لەگەڵ کاردا نییە، بەرکار ڕێککەوتنی لەگەڵ بکەریشدا نییە، بڕوانە(١٢٦) و یاسای ژمارە(١٤):

(١٢٦) تۆ ئاڎی/ ئاڎێ/ ئاڎێشا بەرێنی. (تۆ ئەو/ئەوانت دەبرد.)

ڕێککەوتن

| |
|---|
| بکەر+ بەرکار+ ڕەگ + م.بەردەوامی+ م. ڕێککەوتنی بکەریی(D) |

یاسای ژمارە(١٤)

**٥- ڕابردووی دانانی سادەی تێپەڕ:**

کارەکە مۆرفێمی توخم (ـە)بۆ نێر، (ێ) بۆ مێ و کۆی نێر و مێ، کە ئاماژە بۆ بەرکار دەکات و نیشانەی جۆری کارەکە(بیێ)یە، لەگەڵ جێناوێکی لکاوی بەرکاریی لە کۆمەڵەی(D)وەردەگرێت، بەرکاریش جێناوێکی لکاوی بکەری لە کۆمەڵەی(A) وەردەگرێت. بڕوانە(١٢٧) و یاسای ژمارە(١٥):

(١٢٧) أ- وەشڵەی (pro) ئاژم بەردەبیێ ø. (خۆزگە ئەوم بردبا.)

ب- وەشڵەی (pro) ئاژەم بەردێبیێ ø. (خۆزگە ئەوم بردبا.)

پ- وەشڵەی (pro) ئاژێم بەردێبییێنێ. (خۆزگە ئەوانم بردبا.)

| |
|---|
| بەرکار + م.ڕێککەوتنی بکەریی(A)+کار +م.توخم+ م.جۆری کار +م.ڕێککەوتنی بەرکاریی(D) |

یاسای ژمارە(١٥)

٦- ڕابردووی دانانی نزیکی تێپەڕ:

کارەکە مۆرفێمی توخم (ـە)بۆ نێر، (ێ)بۆ مێ و کۆی نێر و مێ، کە ئاماژە بۆ بەرکار دەکات وەردەگرێت، نیشانەی جۆری کارەکە(بۆ)یە، لەگەڵ جێناوێکی لکاوی بەرکاریی لە کۆمەڵەی(D)وەردەگرێت و بەرکاریش جێناوێکی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(A)وەردەگرێت و دەوری ڕێککەوتن دەبینن لە فرێزە کاریەکەدا. بڕوانە(١٢٨) و یاسای ژمارە(١٦):

(١٢٨) أ- ڕەنگا (pro) ئازادش بەردەبۆø. (ڕەنگە ئازادی بردبێت.)

ب- ڕەنگا (pro) شیلانەش بەردێبۆø. (ڕەنگە شیلانی بردبێت.)

| |
|---|
| بەرکار+ م.ڕێککەوتنی بکەریی(A)+ کار + م.توخم + م.نزیکی+ م.ڕێککەوتنی بەرکاریی(D) |

یاسای ژمارە(١٦)

٧- ڕابردووی دانانی دووری تێپەڕ:

لەم جۆرەدا جگە لە ڕەگ و مۆرفێمی کات، مۆرفێمی توخمی دووجاردەردەکەوێت، کە هی بەرکارە، جارێك دەچێتە سەر قەدی کارەکە و جارێکیش لەسەر نیشانەی(بیـ – بیێ) جۆری کارەکە دەردەکەوێت، کە دەیکات بە دوو بەشەوە[1]، مۆرفێمی توخم (ـە)بۆ نێر، (ێ) بۆ مێ و کۆی نێر و مێ و ئاماژە بۆ بەرکار دەکات و جێناوێکی لکاوی بەرکاری لە کۆمەڵەی(D)، دەدرێت بە کۆتایی کارەکە و

[1] فەرەیدوون عەبدول محەمەد، (١٩٩٨: ٦٥).

بەمەبەستی ڕێککەوتنی بەرکار و کار، هەروەها بەرکار جێناوێکی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(A)وەردەگرێت، بڕوانە(١٢٩) و یاسای ژمارە(١٧):

(١٢٩) أ- وەشڵەی (pro) ئازادش بەردەبیەبیێ ø. (خۆزگە ئازادی بردبووبا.)

ب- وەشڵەی (pro) شیرینەش بەردێبیێبیێ ø. (خۆزگە شیرینی بردبووبا.)

پ- وەشـــڵەی (pro) شمـــەش بەردەبیـــەبییێنمێ / بـــەردێبییێبییێنمێ.   (خۆزگـــە ئێمـــەی بردبووبا.)

| |
|---|
| بەرکار + م. ڕێککەوتنی بکەریی(A) + کار + م. توخم + م. (بیـ) + م.توخم + م. (بیێ) + م.ڕێککەوتنی بەرکاریی(D) |

یاسای ژمارە(١٧)

**٨- ڕابردووی دانانی بەردەوامی تێپەڕ:**

لەم کارەدا مۆرفێمی توخم نامێنێت، ((لەبەرئـەوەی مـۆرفێمی جـۆری کارەکـە بزوێنـی (ێ)یـە، ناهێڵێت مۆرفێمی توخمی تاکی نێر(ـە) و تاکی مێ (ێ)، کـە لـە ڕیزبـوونی کەرەسـتەکانی کارەکـەدا لەپێش نیشانەی جۆری کارەکەوە دێن و هەردوکیان بزوێنن دەربکەون، چونکە دوو بـزوێن بـەدوای یەکدا نایەت))[١] بۆ ڕێکەوتنیش جێناوێکی لکاوی بەرکاریی لە کۆمەڵەی(D) دەچێتە سـەر کارەکـە و جێناوێکی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(A) لەسـەر بـەرکار دەردەکـەوێت، ڕێکەوتنەکـە لـە فرێـزە کاریەکەدا بە ئەنجام دەگەیەنن. بڕوانە(١٣٠) و یاسای ژمارە(١٨):

(١٣٠)   وەشڵەی (pro) تۆش بەردێنی.   (ڕەنگە تۆی ببردبا.)

| |
|---|
| بەرکار+ م. ڕێککەوتنی بکەریی(A)+ م.بەردەوامی +م.ڕێککەوتنی بەرکاریی(D) |

یاسای ژمارە(١٨)

## ب- ڕانەبردووی تێپەڕ:

کاری ڕانەبردووی تێپەڕیش لە ڕەگەوە وەردەگیرێت، جێنـاوی لکـاوی بکـەریی لـە کۆمەڵـەی(E) دەوری ڕێککـەوتن دەبینێـت لـە کارەکـەدا، بـەرکار جێنـاوی لکـاو نابەخشـێت بـە کارەکـە، مـۆرفێمی توخم بوونی نییە، ڕێککەوتن لە نێوان بکـەر و کاردایـە، واتـە ڕێککـەوتنی بـەرکار و کـار نییـە. لـە خوارەوە ڕێککەوتن لە جۆرەکانی کاری ڕانەبردووی تێپەڕدا دەخەینە ڕوو:

**١-  ڕانەبردووی هەواڵی تێپەڕ بۆ داهاتوو:**

---

١- فەرەیدوون عەبدول محەمەد، (٢٠١٣: ٢٠).

لەم جۆرە کارەدا جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی (E) ڕۆڵ دەبینێت تیایدا*، بڕوانە(١٣١) و یاسای ژمارە(١٩):

(١٣١) أ- (pro) نان موەردێ. (ئێوە نان دەخۆن.)

ب- (pro) نان موەرۊ. (نان دەخوات.)

| بەرکار+ م.ڕانەبردوو + ڕەگ + م. ڕێککەوتنی بکەریی(E ) |
|---|

یاسای ژمارە(١٩)

## ٢- ڕانەبردووی هەواڵی تێپەڕ بۆ ئێستا:

بەهەمان شێوەی ڕانەبردووی هەواڵی تێپەڕی داهاتووە، بەلام مۆرفێمی(م)ی ڕانەبردوو و ڕەگ و مۆرفێمی(ای)ی نیشانەی ئێستا، لەپێکهاتەی کارەکەدا هەیە. بڕوانە(١٣٢) و یاسای ژمارە(٢٠):

(١٣٢) أ- (pro) نان موەرای موەروو. (نان دەخۆم.)

ب- (pro) نان موەرای موەرۊ. (نان دەخوات.)

| بەرکار + م. ڕانەبردوو+ ڕەگ + م.ئێستا + م.ڕانەبردوو+ ڕەگ + م.ڕێککەوتنی بکەریی(E) |
|---|

یاسای ژمارە(٢٠)

## ٣- ڕانەبردووی دانانی تێپەڕ بۆ ئێستا/ داهاتوو:

لەم شێوەکارەدا ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کاردا نییە، بەرکار دەکەوێتە دۆخەوە و مۆرفێمی دۆخ وەردەگرێت**، بکەر لەگەڵ کاردا ڕێکدەکەوێت لەڕووی کەس و ژمارەوە و جێناوێکی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(E) دەدات بە کارەکە لە فرێزی کاریدا، بڕوانە (١٣٣) و یاسای ژمارە (٢١):

(١٣٣) ڕەنگا (pro) یانەکەی بسانوو. (ڕەنگە خانوەکە بکرم.)

| بەرکار + م.دانانی + ڕەگ+ م.ڕێککەوتنی بکەریی(E) |
|---|

یاسای ژمارە (٢١)

---

*لەم جۆرەدا ئەگەر بەرکار کرا بە جێناوی لکاو و بچێتە سەر کار، لەبەرئەوەی کارەکە تێپەڕە دەتوانرێت دوو جێناوی لکاو لە کارەکەدا ڕۆڵ ببینن جێناوی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(E)، جێناوی لکاوی بەرکاری لە کۆمەڵەی(A)، بەلام زۆرجار جێناوە بەرکارییەکە بەکار ناهێنرێت و دەرنابڕدرێت. بڕوانە: أ- موانوو/موانووش (دەخوێنم/ دەیخوێنم)

ب- موەروو/موەرووش (دەخۆم/ دەیخۆم)

**بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم نامەیە، لاپەڕە: ١٥

**پ- فەرمان/داخوازی:**

کاری فەرمان چ تێپەڕبێت، یان تێنەپەڕ کاتەکەی لە ئێستادایە و تەنها بۆ کەسی دووەمی تاك و کۆ دەبێت، ئەگەر کەسی دووەمی تاکی نێربوو، یان مێ جێناوی لکاوی(ـە) دەدرێت بە کۆتایی کارەکە، ئەگەر کەسی دووەمی کۆ بێت، ئەوا جێناوی لکاوی (دێ) دەدرێت بە کۆتایی کارەکە، کە جێناوی بکەرییە، و ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردایە، بەڵام ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کاردا نییە لە فرێزی کاریدا کاتێك کارەکەی داخوازی تێپەڕ بێت. بڕوانە(١٣٤) و یاسای ژمارە(٢٢):

(١٣٤) أ- بوسە. (بخەوە) - بوسدێ . (بخەون)

ب- یانەکەی بسانە. (خانووەکە بکرە)— یانەکەی بساندێ:(خانووەکە بکرن)

بەرکار+ م.( بـ) + ڕەگ + م. ڕێککەوتنی بکەریی(ـە / دێ)

یاسای ژمارە(٢٢)

وەك باسمانکرد و خستمانەڕوو و لە نموونەکانیشدا دیارە، جێناوە لکاوەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە ڕێککەوتندا، و لە یاساکانیشدا بە مۆرفێمی ڕێککەوتن ئاماژەمان بۆکردن. کاریش سەری حوکمکەرە و وەك سەرێك کەرەستەکانی تری پێوە پەیوەستە، جۆر و ژمارەی کەرەستەکانی تر دەستنیشان دەکات و داوایان دەکات، لەخوارەوە بەشێوەی خشتەیەك کۆمەڵەی جێناوە لکاوەکان بەپێی جۆر و کاتی کارەکە و ڕۆڵیان لە ڕێککەوتندا لە خشتەی ژمارە(٤) دەخەینەڕوو:

| کات و جۆری کار | تێپەڕ | | تێنەپەڕ |
|---|---|---|---|
| | م.ڕێککەوتنی بکەریی | م.ڕێککەوتنی بەرکاریی | م.ڕێککەوتنی بکەریی |
| ١-ڕ. هـ. سادە | A | B | B |
| ٢- ڕ. هـ. نزیك | A | C | C |
| ٣- ڕ. هـ. دوور | A | D | D |
| ٤- ڕ. هـ. بەردەوام | D | A | D |
| ٥-ڕ. د. سادە | A | D | D |
| ٦- ڕ. د. نزیك | A | D | E |
| ٧- ڕ. د. دوور | A | D | D |
| ٨- ڕ. د. بەردەوام | A | D | D |
| ٩- ڕانەبردوو(ئێستا/داهاتوو) | E | A | E |

خشتەی ژمارە(٤)

### ٣-٥-٢-١/٣) ڕێککەوتن لە (VP) دا جگە لە کارێك تەواوکەریشی تێدابێت(ڕێککەوتنی تەواوکەر و کار):

ئەگەر هاتوو فرێزی کاری جگە لە کار تەواوکەریشی تێدابوو ، ئەوکاتە پێویستە ئەو کەرەستەی تر/تەواوکەر، کە لە چوارچێوەی فرێزە کارییەکەدایە لەگەڵ کارەکە و جۆری کارەکەدا ڕێکبکەوێت چ لە ڕووی ڕێزمانییەوە بێت، یان واتایی، بەپێی جۆر و هێزی کارەکە فرێزەکانی، وەك(NP ، DP،PP، Ap) و ئاوەڵکار(Adv) وەك تەواوکەر بۆخۆیان هەڵدەبژێرن و لە گەڵیدا ڕێکدەکەون، بەزۆریش دەکەونە پێش کارەکەوە، کە لە خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

١- فرێزی ناوی(NP):

فرێزی ناوی لە کاری تێپەڕدا هاتنی لە ناو فرێزە کارییەکەدا بەخورتییە، کارەکە دۆخی ڕێزمانی بەرکاری Accusative ی بە فرێزە ناوییەکە دەدات، لە ڕووی واتاشەوە کارەکە ئەو فرێزە ناوییە بۆخۆی هەڵدەبژێرێت، کە نیشانە واتاییەکانی لە گەڵیدا ڕێکبکەوێت[١]، لە شێوەزاری هەورامیدا ئەگەر کارەکە ڕابردووی هەواڵی بەردەوامی تێپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕبێت، فرێزی ناوی دۆخی کۆزەتیڤی وەردەگرێت، بەڵام کاتێك بەرکاری کاری ڕانەبردوو نەناسراو بێت دۆخ وەرناگرێت، و ئەگەر جۆرەکانی تری ڕابردووی تێپەڕبێت ڕێککەوتنی فرێزە ناوییەکە لەگەڵ کاردا ئێرگەتیڤییە. بڕوانە(١٣٥) و هێڵکاریی ژمارە(٢٥):

| | | |
|---|---|---|
| (١٣٥) | أ- نان مەرروو. | (نان دەخۆم. ) |
| | ب- * تەوەن مەرروو | (* بەرد دەخۆم ) |
| | پ- هەنگوریش واردەش. | (ترێی خوارد.) |
| | ت- ئادی بەرێنی. | (ئەوت دەبرد.) |

لە (١٣٥)دا کارەکە لە چەپەوە بۆ ڕاست حوکم دەکات، لە (١٣٥- ت) دۆخی کۆزەتیڤ بە فرێزە ناوییەکە دەدات ، لە(١٣٥-أ)دا (نان) لە ڕووی واتاوە هەڵگری نیشانەی واتایی +خواردنە لەگەڵ کارەکە ڕێککەوتووە، کاری (مەرروو)ش هەمان نیشانەی واتایی + خواردن ی هەیە، بەڵام لە (١٣٥- ب)دا لەڕووی واتاوە ڕێکنەکەوتووە، چوونکە (بەرد) + ڕەق، + نەخواردن ە، لە (١٣٥- پ)دا فرێزە ناوییەکە لەڕووی ڕێزمانییەوە لەگەڵ کارەکەدا ڕێککەوتووە و مۆرفێمی توخمی(ە) داوە بە کۆتایی کارەکە، چونکە ناوەکە مێیە، لەبەرئەوەی وەك کەسی سێیەمی تاکیش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، جێناوێکی لکاوی بەپێی کەس و ژمارەی خۆی (ش)بەخشیوە بە کۆتایی کارەکە ئەمەش ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤییە.

---

١- عەبدوالجبار موستەفا مەعرووف، (٢٠١٠: ٧٦).




هێڵکاری ژمارە(٢٥)

**٢- فرێزی دیارخەری(DP ):**

فرێـزی دیارخـەریی لـە فرێـزی کاریـدا، کـە ببێتـە تەواوکـەری کـاری ڕانـەبردووی تێپـەڕ دۆخ وەردەگرێت، کە لەلایەن کارەوە پێی دەبەخشرێت، بڕوانە(١٣٦) و هێڵکاری ژمارە(٢٦):

(١٣٦) أ- کوڕەکەی وینوو. (کوڕەکە دەبینم.)
ب- کوڕەکەم ویناØØ. (کوڕەکەم بینی.)

لـە (١٣٦-أ)دا کارەکـە مـۆرفێمی دۆخـی داوە بـە فرێـزە دیارخـەرییەکـە، بـەلاّم لـە(١٣٦-ب)دا کارەکـە مـۆرفێمی دۆخـی نـەداوە بـە فرێـزە دیارخـەرییەکـە، چـونکە کارەکـە ڕابـردووی سـادەیە. فرێـزی دیارخەریی (بەرکار) لەگـەڵ کارەکـەدا لـە کەس و ژمارە و تـوخمدا ڕێککەوتووە و جێناوی لـکاوی بەخـشیوە بە کۆتایـی

کارەکـە. بـەم شـێوەیە لـە ڕووی ڕێزمـانی و واتاییشـەوە کارەکـانی ئـەو نموونانـە لەگـەڵ فرێـزە دیارخەرییەکەدا ڕێککەوتووە، چونکە کـار حوکمکـەر و دۆخـدەرە بـە تەواوکەرەکـەی لـە فرێـزی کاریدا.




هێڵکاری ژمارە(٢٦)

**٣- فرێزی پێشناوی(PP):**

هاتنی لە فرێزە کاریەکەدا سەرپشکییە، بەلاّم لە هەندێك فرێزی کاریدا خورتییە، بەپێی پێویستی کارەکە، ((ڕەگی کاریش، کە سەری ڕێزمانی فرێزی کارییە، تەنها حوکمی دۆخی ڕێزمانیی فرێزی ناوی بەرکاریی پێدەکرێت و ناتوانێت ڕۆڵ و دۆخی ڕێزمانی بەو کەرەستانەش بدات، کە وەك تەواوکەر لەناو فرێزی کاریدان))[1] بۆ ئەوەی ڕێککەوتن بێتە ئاراوە و ڕستەیەکی ڕێزمان دروست بەرهەمبێت، پێشناوێك لەگەڵ فرێزە ناوییە تەواوکەرییەکەدا دێت و فرێزێکی پێشناوی بەرهەمدێت و لەلای ڕاستەوە بۆلای چەپ، حوکمی تەواوکەرەکە دەکات و فرێزە ناوییەکە دۆخی( Dative ) وەردەگرێت، بڕوانە(١٣٧) و هێڵکاریی ژمارە(٢٧):

(١٣٧) أ- کتێبەکێم پەی ئازادی ئەسیٚ. (ا+یْ) (کتێبەکانم بۆ ئازاد کڕی.)

ب- زەڕەکەم بە شیرینیْ دا⊘. (پارەکەم بە شیرین دا.)

لە (١٣٧-أ)دا فرێزە پێشناویەکە هاتنی سەرپشکییە لە فرێزە کاریەکەدا، بەلاّم لە (١٣٧-ب)دا فرێزە پێشناوییەکە هاتنی خورتییە و لەڕوی کەس و ژمارە و توخمەوە لەگەڵ کاری ڕستەکەدا ڕێککەوتووە*.




**هێڵکاریی ژمارە(٢٧)**

فرێزی پێشناوی دەتوانرێت لە پێش، یان لە دوای سەری فرێزە کارییەکەوە دەربکەوێت لە بەر ئەوەی فرێزێکی چالاکە[2]، بڕوانە (١٣٨):

---

١- ئازاد ئەحمەد حسەین(٢٠٠٩: ١١١).

* بڕوانە نموونەی(١٠٩) لا ٨٥ی ئەم نامەیە.

٢- تەها ڕەحیم ڕەشید(٢٠١٥: ٧٥).

(١٣٨) تۆپەکەم وستەنە حۆزەکەی .       ( تۆپەکەم خستە حەوزەکەوە.)

دۆخی ڕێزمانی لە لایەن کارەوە لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە ئارگۆمێنتەکانی دەدرێت، بەڵام لە(١٣٨)دا بە پێچەوانەوەیە لە ڕێی پێشناوی (ە)ی لکاو بە کارەکەوە حوکمی (حۆزەکەی) دەکات و مۆرفیمی دۆخی پێدەبەخشێت.

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد جۆری کارەکە هاتنی بە خورتی و سەرپشکی تەواوکەری کارەکان دیاریدەکات، لەبەئەوە زۆرجار دەگونجێت لەگەڵ فرێزە پێشناویەکەدا فرێزێکی ناوی، یان دیارخەری بەیەکەوە لە فرێزە کاریەکەدا بێن((جۆری کارەکە دەسەلاتی بەسەر ئەوەدا هەیە، کە کام لەتەواوکەرەکان سەرپشکی بن، چونکە فرێزی پێشناوی لە ڕووی سینتاکسەوە پەیوەندی لەگەڵ کاردا هەیە و لە ڕووی واتاشەوە زانیاری لەسەر کارەکە دەدات))[1]، دەتوانرێت فرێزە پێشناویەکە لە پێش، یان دوای سەرەوە بێت، بڕوانە(١٣٩):

(١٣٩) أ- گجیەکەی پەی شیرینێ مسانوو.       (کراسەکە بۆ شیرین دەکڕم.)

ب- گجیەکەی مدەو بەشیرینێ.       (کراسەکە دەدەم بە شیرین.)

لە (١٣٩- أ، ب)دا کارەکە تێپەڕە و دوو تەواوکەری هەیە، یەکیان فرێزی دیارخەرییە و یەکیان فرێزی پێشناوییە، لەنموونەی(١٣٩-أ)دا فرێزە دیارخەرییەکە بە خورتییە و فرێزە پێشناویەکە سەرپشکییە،لە نموونەی (١٣٩-ب)دا هەردوو فرێزەکە(دیارخەریەکە و پێشناوییەکە) بەخورتین، فرێزە دیارخەریەکە لەپێش سەرەوەیە و فرێزە پێشناویەکەش لە دوای سەرەوەیە.

## ٤- فرێزی ئاوەڵناوی(Ap ):

هەندێکجار لە چوارچێوەی فرێزە کارییەکەدا فرێزێکی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی بۆ تەواوکردنی کارەکە دێت، و لە ڕووی واتاوە لەگەڵ جۆری کارەکەدا ڕێکدەکەوێت، بڕوانە(١٤٠) و هێلکاری ژمارە(٢٨):

(١٤٠) أ- گوڵێوی زەریفم ئەساێ.       (گوڵێکی جوانم کڕی.)

ب- کناچێۆەی گولانێم ویناێ .       (کچێکی بچوکم بینی.)

---

١- تەها ڕەحیم ڕەشید(٢٠١٥: ٧٥).




هیڵکاریی ژمارە(٢٨)

**٥- ئاوەڵکار (dvP):**

ئاوەڵکار لە پێکهاتەی فرێزی کاریدا دێت تەنها بۆ ڕونکردنەوە و زانیاریدان لەسەر (چۆنیەتی، شوێن، کات،....)ی ڕودانی کارەکە، هاتنی سەرپشکییە* بڕوانە(١٤١) و هێڵکاریی ژمارە(٢٩):

(١٤١) أ- بەپەلە ئاما. (بەپەلە هات.)
ب- بازارەنە نانش وارد. (لەبازاڕ نانی خوارد.)
پ- ئیسە لوا. (ئێستا ڕۆشت.)




هێڵکاریی ژمارە(٢٩)

سەبارەت بەو فرێزە کاریانەی کارەکانیان بێهێزە (Defective Verb)لەبەرئەوەی ڕۆڵی بابەتانە نادەن ناتوانن بەتەنها لەناو فرێزی کاریدا بێن، بۆیە ئەوکارانە پێویستیان بە تەواوکەر لەشێوەی فرێزێکی وەك (NP ، DP،PP، Ap )، یان ئاوەڵکار( AdP) دەبێت، بۆئەوەی خۆیانی

*بۆ زانیاری دەربارەی جۆرەکانی ئەو ئاوەڵکارانەی دەوری سەربار ئەبینن، بڕوانە: ئازاد ئەحمەد حسەین( ٢٠٠١).

پیا هەڵبواسن سەرجەمیان هاتنیان پێویستییە و بە خورتییە. لە خوارەوە ئەو فرێزانە ڕووندەکەینەوە، کە وەك تەواوکەری کاری بێهێز بەشداری دەکەن لە فرێزی کاریدا.

**١- فرێزی ناوی(NP )؛ بڕوانە(١٤٢).**

(١٤٢) شیرینە هۆرامیەنەØ. (شیرین هەورامییە.)

لە(١٤٢)دا فرێزە ناوییەکە بووە بە تەواوکەر و جێناوێکی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(C) وەرگرتووە، کە نموونەکە بۆ کەسی سێیەمە و جێناوە لکاوەکە بریتییە لە(Ø)، لە هەمان کاتدا مۆرفێمی (ـە)ی توخمی مێی وەرگرتووە.

لە کاری بێهێزی(بییەی)دا بۆ بوونی خاوەنێتی لە کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو تەواوکەرەکەی لەڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کارەکەدا ڕێکدەکەوێت لە فرێزە کاریەکەدا[1] بڕوانە(١٤٣)؛

(١٤٣) أ- ئازاد کوڕش هەنØØ. (ئازاد کوڕی هەیە.) تاك

ب- ئازاد کوڕێش هەنیْ (ئازاد کوڕانی هەن) کۆ

پ- ئازاد یانەش بیْØ. (ئازاد خانووی هەبوو)

لە(١٤٣-أ، ب)دا کارەکە ڕانەبردووە تەواوکەر(بەرکار) لە فرێزە کاریەکەدا لەڕووی کەس و ژمارە و توخمەوە لەگەڵ کاردا ڕێککەوتووە، جێناوێکی لکاوی لە کۆمەڵەی (C) بەخشیوە بەکۆتایی کارەکە، لە نموونەی (١٤٣-أ)دا تەواوکەر مۆرفێمی توخم(Ø)بۆ نێر بەخشیوە بە کارەکە، بەڵام لە نموونەی(١٤٣-ب)دا لەبەرئەوەی تەواوکەر کۆیە مۆرفێمی توخم نییە. لە(١٤٣-پ)دا کارەکە ڕابردووە، بەهەمان شێوە تەواوکەر لە فرێزە کاریەکەدا لەڕووی کەس و ژمارە و توخمەوە لەگەڵ کاردا ڕێککەوتووە، جێناوێکی لکاوی لە کۆمەڵەی (D) بەخشیوە بەکۆتایی کارەکە.

**٢- فرێزی دیارخەری(DP)؛ بڕوانە(١٤٤)؛**

(١٤٣) ئانە کوڕەکەنØ . (ئەوە کوڕەکەیە.)

لە (١٤٣)دا تەواوکەرەکە فرێزێکی دیارخەرییە مۆرفێمی توخمی نێر(Ø) ی وەرگرتووە، لەگەڵ جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(C)، کە بۆ کەسی سێیەمی تاك (Ø)ە .

---

١- بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٨١: ٢٩٨- ٢٩٩)، فەرەیدوون عەبدول محەمەد(٢٠٠٠: ٧- ٩).

**٣- فرێزی ئاوەڵناوی(AP):**

**بڕوانە(١٤٤):**

(١٤٤) أ- تۆ زەریفەنی. (تۆ جوانیت.) (بۆ ئێستا)

ب- تۆ زەریف ⊗ بێنی / زەریفە بێنی. (تۆ جوان بوویت.) (بۆ ڕابردوو)

لە(١٤٤-أ، ب)دا تەواوکەرەکە فرێزێکی ئاوەڵناوییە، لەنموونەی(١٤٤-أ)مۆرفێمی(ـە) بۆ توخمی مێ لەسەر ئاوەڵناوەکە دەرکەوتووە، جێناوێکی لکاوی بکەریی لە کۆمەڵەی(C) وەرگرتووە و لە نموونەی (١٤٤-ب)دا مۆرفێمی(⊗) بۆ توخمی نێر، مۆرفێمی (ـە) بۆ تاکی مێ و جێناوێکی لکاوی لە کۆمەڵەی(D)وەرگرتووە چونکە کارەکە ڕابردووە* مۆرفێمە توخمەکەش لە هەردوو نموونەکەدا بۆ بکەر دەگەڕێتەوە. لە ڕووی کەس و ژمارەو توخمەوە ڕێککەوتوون.

**٤- فرێزی پێشناوی(PP):**

**بڕوانە(١٤٥):**

(١٤٥) یانەو ئاسۆی جە هۆلێرەنە . (ماڵی ئاسۆ لە هەولێرە.)

لە (١٤٥)دا تەواوکەرەکە فرێزێکی پێشناوییە.**

**٥- ئاوەڵکار (Adv):**

کاری بێهێز هەندێکجار ئاوەڵکار وەك تەواوکەر بۆخۆی هەڵدەبژێرێت، بۆئەوەی لەگەڵ کارەکەدا ڕێکبکەوێت لەڕووی واتاوە، بڕوانە(١٤٦):

(١٤٦) تاقیکردنەوەکە هێزی بێ. (تاقیکردنەوەکە دوێنێ بوو.)

لەو (١٤٦)دا (هێزی) فرێزێکی ئاوەڵکارییە، بووە بە تەواوکەری کاری بێهێزی(بێ).

**٦- هەروەها هەندێکجار(ڕادە)ش، دەبێت بە تەواوکەری کارە ناتەواوەکە.**

بڕوانە(١٤٧):

(١٤٧) نانەکە کەمێو بێ . (نانەکە کەمێك بوو.)

---

*بۆ زانیاری لەسەر جۆرەکانی کاری ناتەواو و دەمەکانی بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٨١: ٢٩٠- ٢٩٩)، فەرەیدوون عەبدول محەمەد(٢٠٠٠)، جمال حبیب الله، (٢٠٠٧: ٨١-٩٠).

**لە نموونەی(١٤٥)دا نیشانەی دۆخی داتیڤی دەرنەکەوتووە بەهۆی پاشبەندی (-ەنە)وە.

## ٢/٣) ڕێککەوتن لە سنوری ڕستەدا:

هەر وەك چۆن ڕێککەوتن لەنێوان کەرتەکانی فرێزدا هەیە، بەهەمان شێوە ڕێککەوتن لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕستەشدا هەیە. واتە لە سەرووی دروستەی فرێزیشەوە ئاستی دروستەی ڕستە هەیە، کە فرێزەکان پێکهێنی دروستەی ڕستەن. پێش ئەوەی بچینە سەر ڕێککەوتن لە سنوری ڕستەدا بە پێویستی دەزانین باس لە ڕستە و پێکهاتەی ڕستە و کەرەستەکانی بکەین.

## ٢/٣-١) ڕستە Sentence:

ڕستە بە بنەمایەکی گرنگی شیکارکردنی سینتاکس دادەنرێت،((دەرئەنجامی شیکاریی فۆنیمەکان لە ناو مۆرفیم و مۆرفیمەکان لەناو وشە و دواتر فرێزەکان تا بەڕستە دەگات پەسنکراوە، کە لە ئەنجامی ئەمەشەوە دەتوانرێت یاسا و ڕێساکان بەرهەمبهێنرێن)) [١]. ڕستە، پێناسەی جۆراو جۆری بۆکراوە بەشێوەیەك هەر ڕێزمان نوسێك لە ڕوانگەی بۆچوونی خۆی و ڕێبازەکەیەوە پێناسەی کردووە، یەکێك لە پێناسە گرنگەکانیشی(ڕستە گەورەترین دانەی زمانە، کەرەستەکانی پەیوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەیە، لەڕووی ڕۆنانەوە سەربەخۆیە)[٢]. واتە پەیوەندی ڕێزمانیی بە دەرەوەی خۆیەوە نییە و بەشێك نییە لە پێکهاتەیەکی لەخۆی گەورەتر، ((سادەترین ڕستەش لە زمانی کوردیدا لە دوو فرێز پێکدێت: فرێزی ناوی و فرێزی کاری))[٣] ئەمە ئەگەر کارەکەی تێنەپەڕ بوو، بەلاَم ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕ بوو، ئەوا فرێزە کارییەکە فرێزێکی ناوی لەگەڵدا دەردەکەوێت، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فرێزە کارییەکەوە و ڕۆڵی بەرکاری ڕاستەخۆ دەبینێت، هەموو ڕستەیەکیش پێویستە بکەر و کاری هەبێت. بڕوانە هێڵکاریی(٣٠)و(٣١):




هێڵکاریی ژمارە(٣٠)

---

١- شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢ : ٧١).

٢- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠ : ٩٨).

٣- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ١٩٩).




**هێڵکاریی ژمارە(٣١)**

هەروەك لە هێڵکارییەکانی(٣٠ و ٣١)دا دیارە جێکەوتەی بکەر لە دەرەوەی فرێزی کاریدایە، پەیوەندی ڕێککەوتن لە نێوان فرێزەکاندا هەیە. (لێرەوە دەتوانرێت بووترێت ڕێککەوتن پرۆژەی ڕستەی زمانی کوردی دروستدەکات، لەڕێگەی(AGR)ەوە دۆخی ڕێزمانی بکەریی بە جێکەوتەیەکی دەرەکی دەدات)[1]، جێکەوتەکانیش لە لایەن جۆر و سروشتی کارەکانەوە بەپێی نیشانە سینتاکسییەکان دیاریدەکرێت، ئەگەر کارەکە تێپەڕبوو داوای دوو جێکەوتە دەکات، بکەریی و بەرکاریی، ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو داوای یەك جێکەوتەی بکەریی دەکات.[2] جێکەوتەکانیش بە فرێزی ناوی پڕدەکرێنەوە، بەوشێوەیەی، لە سەرەوە خستمانە ڕوو.

## ٢-٢/٣) کەرەستەکانی ڕستە:

لە پێکهاتەی ڕستەدا دوو جۆر کەرەستە بەدیدەکرێن، ئەوانیش بریتین لە :

**أ- کەرەستە سەرەکییەکان(خورتییەکان):**

کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە ئەو کەرەستانەن ناتوانین لە ڕستەدا لایان ببەین، چونکە واتای ڕستەکە تێکدەچێت، واتە بەخورتین(Obligatory) دەبێت لە ڕستەدا هەبن، ئەگەر هاتوو لە دروستەی ڕوکەشی ڕستەشدا(SS) بوونیان نەبێت ئەوا لە دروستەی قوڵدا(DS) بوونیان هەیە. بەپێی جۆری کارەکە، کەرەستە سەرەکییەکان دەردەکەون:

١- ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕ بوو، کەرەستە سەرەکییەکان بریتین لە( بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، کار)، بڕوانە(١٤٨):

(١٤٨) پیاکە توتەکەش کۆشت. (پیاوەکە سەگەکەی کوشت.)

بکەر بەرکار کار

٢- ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی تێنەپەڕ بوو، کەرەستە سەرەکییەکان بریتین لە (بکەر، کار)، بڕوانە(١٤٩):

(١٤٩) نازارە ئاما. (نازدار هات .)

بکەر کار

---

١- عەبدولجەبار موستەفا مەعروف، کاروان عومەر قادر (٢٠١١: ٤٢٧).
٢- شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢ : ٧٣).

٣- ئەگەر كاری ڕستەكە كارێكی بێهێز بوو، كەرەستە سەرەكییەكان بریتین لە (بكەر، تەواوكەر، كاری بێهێز)، بڕوانە(١٥٠):

(١٥٠) تۆ كوردەنی.* (تۆ كوردیت)

بكەر تەواوكەر

**ب- كەرەستە لاوەكییەكان (سەرپشكییەكان):**

كەرەستە لاوەكییەكانی ڕستە((ئەو بەشانەی ڕستەن، كە لە پێكهێنانی هەموو ڕستەیەكدا بەشداری ناكەن، بە بێ هاریكاری كەرەستە سەرەكیەكانی ڕستە ناتوانن ڕستە پێكبهێنن ))[1]. كەرەستە لاوەكیەكان، وەك: بەركاری ناڕاستەوخۆ(لەهەندێك ڕستەدا)، ئاوەڵكاری (كات و شوێن و چۆنیەتی)، ڕادە ،....هتد، كە لە ڕستەدا بە ئارەزوون (Optional) و دەتوانین لایان ببەین بێ ئەوەی كار لە یاسا سینتاكسیەكان و واتای ڕستە بكەن. بڕوانە(١٥١):

(١٥١) أ- شیرینە بە دەس نان موەرۆ. ( شیرین بە دەست نان دەخوات. )

ب- شیرینە نان موەرۆ. (شیرین نان دەخوات)

كەرەستەی سەرەكی لە(١٥١-أ)دا بریتیە لە (شیرینە، نان، موەرۆ )، كەرەستەی لاوەكیش بریتیە لە (بە دەس )، هەر لەو ڕستەدا دەتوانیین (بەدەس)، كە كەرەستەیەكی بە ئارەزووە لاببەین، بێ ئەوەی واتای ڕستەكە تێكبچێت. بڕوانە(١٥١-ب).

هەندێك ڕستە كارەكەی پێویستی بە دوو بەركار هەیە، بەركارێكی ڕاستەوخۆ و بەركارێكی ناڕاستەوخۆ، ناتوانین هیچ كامیان لاببەین، بەڵام لە زۆر سەرچاوەدا ئاماژەیان بەوە كردووە، كە بەركاری ناڕاستەخۆ كەرەستەی لاوەكییە و لابردنیان نابێتە هۆی ڕستەی ناڕێزمانی و گۆڕینی واتا[2]، واتە بەركاری ناڕاستەوخۆیان بە كەرەستەی لاوەكی داناوە، ئێمە دەڵێیین، مەرج نییە لە هەموو ڕستەیەكدا بەركاری ناڕاستەوخۆ كەرەستەی لاوەكی بێت، چونكە لە هەندێك ڕستەدا بوونی وەك كەرەستەی سەرەكی و خورتی پێویستە و ناتوانرێت لاببرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، كە یەكێك لە بەركارەكان بەركاری ناڕاستەوخۆیە، بڕوانە(١٥٢) :

(١٥٢) أ- شیرینە جانتاكەش بە من دا . (شیرین جانتاكەی بە من دا .)

بەركاری ناڕاستەخۆ بەركاری ڕاستەخۆ

ب- ⋆ شیرینە جانتاكەش دا (⋆ شیرین جانتاكەی دا)

لە(١٥٢-أ)دا ( جانتاكە ، بەمن) بەركارن، بەڵام (بە من ) بەركاری ناڕاستەوخۆیە، ناتوانین لە ڕستەكەدا لایببەین، چونكە واتای ڕستەكە تێك دەچێت، هەروەها دەبێتە ڕستەیەكی ناڕێزمانیش بڕوانە(١٥٢-ب). ئەمەش ئەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین لەهەندێك ڕستەدا بەركاری ناڕاستەوخۆ نەك هەر كەرەستەی لاوەكی نییە بەڵكو بوونیشی پێویست و بەخورتییە.

---

*كارە بێهێزەكە تەنها بنكەكەی دەركەوتووە(ن)ە، چونكە بۆكاتی ئێستایە.

١- ئەحمەد حسن فتح الله (١٩٩٠ : ٨٠).

٢- بڕوانە: خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو (٢٠٠٨ : ٥١). ، ئەحمەد حسن فتح الله (١٩٩٠ : ٨٠) ، یوسف نوری محمد (٢٠١٠ : ٢٦).

### ٣-٢/٣) ڕێككەوتن لە ڕستەدا:

بەپێی تیۆریی(X-bar) و فرێزی(IP)لە ڕستەدا كات و كەس سەرەی ڕستەیە، واتە ڕستە بەهۆی كات و كەسەوە دروستدەبێت، لەبەرئەوەی بكەری ڕستە دەبێت لە كەس و ژمارە و توخمدا ڕێكبكەوێت و ڕستەكە كاتێكی دیاریكراوی تێدابێت. ((فرێزی ناوی ڕێككەوتنی دەوڵەمەند و ئاشكرای بۆ خەسڵەتەكانی كەس و ژمارە هەیە، واتە ناسینەوەیەكی مۆرفۆلۆجی ئاشكرا لە نێوان فرێزی ناوی بكەری و مۆرفیمە ڕێزمانییەكانی كەس(ڕێككەوتن) لەگەڵ كاردا هەیە))[١].

لە ڕستەدا فرێزی ناوی، كە ئەركی (بكەر، بەركار)دەبینێت، لەڕووی سیمای ڕێزمانییەكانی وەك(كەس، ژمارە، توخم) لەگەڵ فرێزی كاری ڕستەدا ڕێكدەكەوێت، كە بەهۆی یاساكانی گوێزانەوە (كۆپیكردن)ئەو سیمایانە دەدرێت بە كاری ڕستەكە لە شێوەی مۆرفیمێكی بەنددا.((ڕستە لەم شێوەزارەدا سەر كۆتایە و كاریش سەرەی ڕێزمانییە و ڕەگ و كەس بوونی هەمیشەییان لە كاردا هەیە، مۆرفێمی توخمیش لەگەڵ زۆربەی كارەكاندا دەردەكەوێت، چونكە شێوەزاری هەورامی بە فرێزێكی ڕێككەوتنی دەژمێررێت*، كە هەمیشە یەكێك لە ئارگۆمێنتەكانی ڕستە لەڕووی كەس و ژمارە و توخمەوە لەگەڵ كاردا ڕێكدەكەوێت))[٢] مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەكانی ڕێككەوتن و كات لەم شێوەزارەدا كلیتیكن و هەمیشە بەڕەگی كارەوە دەلكێن و لەیەكتر جیانابنەوە، چونكە دەبێتە هۆی تێكچوونی ڕۆنانی كارەكە، تەنانەت هەندێكجار مۆرفیمی كات لەناو ڕەگی كاردا تواوەتەوە و ناتوانرێت دەستنیشان بكرێت**، بەم پێیە هەموو ڕستەیەكی ئەم شێوەزارە ڕیزبوونیان سەركۆتایە، چونكە ڕستە فرێزێكی ڕێككەوتنییە و مۆرفێمی ڕێككەوتن بە كۆتایی كارەكەوە دەلكێت. ڕێككەوتنیش لە ڕستەدا بەندە بە جۆری كارەكەوە لەڕووی هێزەوە(تێپەڕ، تێنەپەڕ) و لە ڕووی كاتەوە(ڕابردوو، ڕانەبردوو)، (ڕێككەوتنەكەش لە ڕستەدا لەنێوان (بكەر و بەركار، بكەر و كار، بەركار و كار )دایە، چۆنیەتی ڕێككەوتنەكەیان بەندە بە جۆری كەرەستە بە دەسەڵاتەكەی فرێزی ناوی(بكەر، بەركار)ەوە)[٣]. كاتێكیش دەڕوانینە پەیوەندییە هەرەمییەكەی نێوان كەرەستەكانی نێوان پێرە ڕێككەوتووەكان، دەردەكەوێت، یەكێك لە كەرەستە ڕێككەوتووەكان لە هێڵكاریی درەختیدا بەرزترە لەو كەرەستەیەی، كە لەگەڵیدا ڕێكدەكەوێت[٤]بڕوانە هێلكاریی ژمارە(٣٢):

---

١- حاتەم ولیا محەمەد(٢٠٠٩: ١٧٤).

*واتە لە ڕستەدا بكەر لە جێكەوتەی خۆیدا بەبێ ڕێككەوتن هیچ چالاكییەكی نییە، بۆیە كات و كەس ڕێككەوتن بەرهەم دێنن، ئەگەر ڕێككەوتن نەبێت لە نێوان بكەر و بەركار، یان بكەر و كار و بەركار و كاردەبێتە هۆی نادروستی ڕستەكە. بڕوانە:

★ تۆ ساوی وارد (★تۆ سێو خوارد) ⟵ تۆ ساویت واردە.(تۆ سێوت خوارد.)

٢- مەهاباد كامیل عەبدوڵلاْ (٢٠١٠: ٣٩).

**لە كاری ڕانەبردوودا، وەك:(كیانوو (دەنێرم)، كوشۆ (دەكوژێت) مۆرفێمی(م)مۆرفێمی كاتە و لەناو ڕەگدا تواوەتەوە .

٣- Cook and Newson(١٩٩٧:٣٢٧).

٤- حاتەم ولیا محەمەد(٢٠٠٩: ١٧٧).




هێڵکاریی ژمارە(٣٢)

(IP) بەسەر بەرزترین ئەندامی پێڕە ڕێککەوتووەکەدا زاڵە، هەروەها بەسەر نزمترین ئەندامی پێڕە ڕێککەوتووەکەشدا زاڵە، واتە (IP) بەسەر( Spec) و( $\bar{I}$)دا زاڵە، هەروەها بەسەر( VP) و( I)دا زاڵە.

### ٢/٣-٣-١) ڕێککەوتنەکان لە ڕستەدا بەپێی جۆری کاری ڕستە:

### ٢/٣-٣-١-١) ڕێککەوتن لە ڕستەی کار تێپەڕدا:

### ٢/٣-٣-١-١-١) ڕابردووی تێپەڕ:

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕبێت، ڕێککەوتن لە نێوان (بکەر و بەرکار، بەرکار وکار)دا دەبێت و لەڕووی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەون، جگە لە ڕابردووی تێپەڕی هەواڵی بەردەوام، چونکە لەم جۆرەدا ڕێککەوتن لەنێوان بکەر و کاردا دەبێت و بەرکار دەکەوێتە دۆخەوە و دۆخی (Accusative)ی پێدەدرێت، بەلاّم لە جۆرەکانی تردا ڕێککەوتنەکە ئێرگەتیڤییە، بکەر نیشانەی ئەبسۆلۆتیڤی لەسەرە و بەرکار مۆرفیمێکی توخم بەپێی توخمی خۆی و جێناوی لکاو بەپێی کەس و ژمارە دەبەخشێت بە کار لەناو فرێزە کارییەکەدا، لەو ڕستانەدا کە کارەکانیان ((ڕابردووی تێپەڕی هەواڵی سادەیە تەنها لە کەسی سێیەمی تاکدا نیشانەی توخمی تاکی نێر و مێ وەردەگرێت، کە مۆرفیمی(Ø)ـە بۆ تاکی نێر و مۆرفیمی(ــە) بۆ تاکی مێ، بەلاّم جۆرەکانی تری هەواڵی(نزیك و دوور) و هەرچوار جۆرەکەی تری دانانی (سادە، بەردەوام، نزیك و دوور)، بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك، مۆرفیمی توخم بەشداری لە داڕشتنی کارەکەدا دەکات، کە مۆرفیمی(ــە)یە بۆ تاکی نێر و مۆرفیمی(ێ)یە بۆ تاکی مێ))[1]، بەلاّم بۆ کۆی نێر و مێ جیاوازی توخم نامێنێت دەبێت بە(ێ) بۆ کۆی هەردووکیان. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش لە خوارەوە ڕێککەوتن لەو ڕستانەدا، کە کارەکانیان لە جۆرەکانی ڕابردووی تێپەڕە ڕووندەکەینەوە:

**١- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕی هەواڵی سادەیە:**

فرێزی ناوی(بکەر) جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(A) لەهەمان کەس و ژمارەی خۆی بە فرێزی ناوی(بەرکار) دەبەخشێت، بەرکاریش جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(B) لە هەمان کەس و ژمارەی خۆی بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت، ئەگەر بەرکار لە کەسی سێیەمی تاك بوو مۆرفیمێکی توخمیش

---

١- فەرەیدوون عەبدول محەممەد(٢٠١٣: ١٩).

بەپێی توخمی بەرکارەکە دەبەخشێت بە فرێزە کارییەکە و لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێت، واتە ڕێککەوتن لە نێوان فرێزی ناوی و فرێزی کاریدا ڕوودەدات، لە فرێزە ناویەکەدا ڕێکەوتنەکە لە نێوان(بکەر و بەرکار)دایە، لە فرێزە کارییەکەشدا ڕێککەوتن لە نێوان(بەرکار و کار)دایە. بڕوانە(١٥٣):

(١٥٣) أ- من تۆم کیاستی. (من تۆم نارد.)

ب- شیلانە هەنارەش واردەە. (شیلان هەناری خوارد.)

پ- بەڵێنە شیلانەش کیاستەە. (بەڵێن شیلانی نارد.)

لە (١٥٣-أ)دا ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و بەرکاردا هەیە، بکەر لە کەسی یەکەمی تاکە و جێناوی لکاوی(م)ی کەسی یەکەمی تاکی بەخشیوە بە بەرکار، بەرکار و کاریش ڕێککەوتوون، بەرکاریش کەسی دووەمی تاکە و جێناوی لکاوی (ی)ی کەسی دووەمی تاکی بەخشیوە بە کار، لەڕووی توخمیشەوە بەرکار دەکرێت نێر، یان مێ بێت، بەڵام لەبەرئەوەی کارەکە ڕابردووی تێپەڕی هەواڵی سادەیە تەنها بەرکار ئەگەر کەسی سێیەمی تاك بێت، دەتوانێت مۆرفێمی توخم بدات بە کار، وەك لە نموونەی(١٥٣-ب، پ)دا دیارە. نموونەکانی(١٥٣- أ، ب، پ) لە هێڵکاریی ژمارە(٣٣)دا دەخەینە ڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(٣٣)

وەك لە هێڵکارییەکەوە ڕوندەبێتەوە ڕێککەوتن لە ناوەوەی(Infl) کەیە، (ئەو گیرەکەی(Infl)، کە ڕێککەوتن و کات لەخۆ دەگرێت، دۆخ دەداتە بکەرەکە، لە کاتێکدا کارەکە دۆخی بەرکاری (Ergative)دەداتە بەرکارەکە[1] مۆرفێمی ڕێککەوتن لە هەموو کاتەکاندا هەیە و ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، بۆیە دەتوانین (IP) بەکاربهێنین بۆ دیاریکردنی پێکهاتەکانی ڕستە و ئاماژە بە هەردوو مۆرفێمی (Agr و کات) بدەین.

١- سەلاح حەویز ڕەسوڵ(٢٠١٤: ٦٧).

**٢- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕی هەواڵی نزیکە:**

فرێزی ناویی بکەریی جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(A) لەهەمان کەس و ژمارەی خۆی بە فرێزی ناویی بەرکاریی دەبەخشێت، فرێزی ناویی بەرکاریش جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(C)لە هەمان کەس و ژمارەی خۆی بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت، هەروەها فرێزە ناوییە بەرکارییەکە مۆرفیمێکی توخمیش بەپێی توخمی خۆی بەکارەکە دەبەخشێت، شوێنەکەی پێش مۆرفێمی نزیکیی و جێناوی لکاوی بەرکارییەکەیە لە کارەکەدا، بۆئەوەی لەگەڵیدا ڕێکبکەوێت. بڕوانە(١٥٤):

(١٥٤) أ- ئەلەند شۆتەکەش واردەن⊘⊘. (ئەلەند شیرەکەی خواردووە.)

ب- کناچە زەریفەکێ ساوەکێش واردێنە⊘. (کچە جوانەکە سێوەکەی خواردووە.)

لە (١٥٤- أ، ب)دا ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و بەرکاردا، بەرکار و کاریش هەیە، بکەر لە کەسی سێیەمی تاکە و جێناوی لکاوی(ش)ی کەسی سێیەمی تاکی بەخشیوە بە بەرکار، ڕێککەوتوون، بەرکاریش جێناوی لکاوی (⊘)ی کەسی سێیەمی تاکی بەخشیوە بە کار، لەڕووی توخمیشەوە بەرکار لە (١٥٤-أ)دا مۆرفێمی(ـە)ی توخمی نێر و لە (١٥٤-ب)دا بەرکار دووجار مۆرفێمی توخمی (یێ)، (ـە)ی داوە بە کار. نموونەکانی(١٥٤- أ، ب) لە هێڵکاریی ژمارە(٣٤)دا دەخەینە ڕوو:

(دۆخی ڕێزمانی بکەریی **Nominative**)




هێڵکاریی ژمارە(٣٤)

**٣- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕی هەواڵی دوورە:**

بکەر جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(A) لەهەمان کەس و ژمارەی خۆی بە بەرکار دەبەخشێت، بەرکاریش جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(D) لە هەمان کەس و ژمارەی خۆی بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت، هەروەها بەرکار مۆرفێمێکی توخمیش بەپێی توخمی خۆی بەکارەکە دەبەخشێت، شوێنەکەی پێشی مۆرفێمی ڕابردووی دوورە و جێناوی لکاوی بەرکارییەکەیە لە کارەکەدا، بۆئەوەی لەگەڵیدا ڕێکبکەوێت. بڕوانە(١٥٥)و هێڵکاریی ژمارە (٣٥):

(١٥٥) أ- تاتە و بەڵێنی بڵندش کیاستەبێ⊘. (باوکی بەڵێن بڵندی ناردبوو.)

ب- کناچەکۆ جەمالی شیلانەش کیاستێبێ۞.                (کچەکەی جەمال شیلانی ناردبوو.)




هێڵکاریی ژمارە (٣٥)

**٤- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕی هەواڵی بەردەوامە:**

ڕێککەوتن لە نێوان فرێزی ناویی بکەریی و فرێزی کاریدایە، واتە ڕێککەوتن لەنێوان بکەر و کاردایە، بکەر جێناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارە لە کۆمەڵەی(D) بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت، بەڵام مۆرفێمی توخم نادات بە کارەکە، بەرکاریش دەکەوێتە دۆخەوە و دۆخی Accusativeوەردەگرێت، مۆرفێمی دۆخ بەپێی توخم وەردەگرێت. بڕوانە(١٥٦)و هێڵکاریی ژمارە(٣٦):

(١٥٦)    أ- ئێمە کوڕەکەی کیانێنمێ.        (ئێمە کوڕەکەمان دەنارد.)
ب- ئاکار ژەنەکێ کیانێ۞.        (ئاکار ژنەکەی دەنارد.)




هێڵکاریی ژمارە(٣٦)

**٥- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕی دانانی سادەیە:**

بکەر جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(A) لەهەمان کەس و ژمارەی خۆی بە بەرکار دەبەخشێت، بەرکاریش جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(D) لە هەمان کەس و ژمارەی خۆی بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت. هەروەها بەرکار مۆرفێمێکی توخم بەپێی توخمی بەرکارەکە دەبەخشێت بە فرێزە کارییەکە، ڕێککەوتن لەنێوان بکەر و بەرکار، بەرکار و کاردا دەبێت، ڕوانە(١٥٧):

(١٥٧) أ- وەشڵەی بڵند تۆش کیاستەبیێنی/کیاستێبیێنی. (خۆزگە بڵند تۆی بناردبا.)

ب- وەشڵەی شەونمە نانش واردەبیێ. (خۆزگە شەونم نانی بخواردبا.)

**٦- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕی دانانی نزیکە:**

بکەر جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(A)لەهەمان کەس و ژمارەی خۆی بە بەرکار دەبەخشێت، بەرکاریش مۆرفێمی توخم و جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(D)لە هەمان کەس و ژمارەی خۆی بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت، بۆئەوەی لەگەڵیدا ڕێکبکەوێت. بڕوانە(١٥٨):

(١٥٨) أ- ڕەنگا شیلانە شعرەکێش نویستێبۆ. (ڕەنگە شیلان شیعرەکەی نوسیبێت.)

ب- ڕەنگا شیلانە نامەکەش نویستەبۆ. (ڕەنگە شیلان نامەکەی نوسیبێت.)

**٧- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕی دانانی دوورە:**

ڕێککەوتن لەم جۆرە ڕستەدا بەهەمان جۆری ڕێککەوتنە لە ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی
تێپەڕی دانانی نزیکە. بڕوانە(١٥٩):

(١٥٩) أ- وەشڵەی بڵند تۆش کیاستەبیەبیێنی/کیاستێبیێبیێنی. (خۆزگە بڵند تۆی ناردبوبا.)

ب- وەشڵەی ئازاد ساویش واردێبیێبیێ(ە). (خۆزگە ئازاد سێوی خواردبوبا.)

لە (١٥٩-أ)دا بەرکار جێناوی سەربەخۆیە لە کەسی دووەمی تاك لە ڕووی توخمەوە دەتوانرێت وەك نێر، یان مێ بەکاربهێنرێت و مۆرفێمی توخم(ـە، ێ) بدات بە کاری ڕستەکە، لە (١٥٩-ب)دا بەرکار مێیە، بەڵام لەبەرئەوەی کارەکە بە بزوێن کۆتایی هاتووە مۆرفێمی توخمی مێ تیادەچێت، چونکە دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەن.

**٨- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕی دانانی بەردەوامە:**

بکەر جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(A) لەهەمان کەس و ژمارەی خۆی بە بەرکار دەبەخشێت، بەرکاریش جێناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی(D) لە هەمان کەس و ژمارەی خۆی بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت، هەروەها بەرکار مۆرفێمێکی توخمیش بەپێی توخمی خۆی بەکارەکە دەبەخشێت، شوێنەکەی پێش مۆرفێمی بەردەوامییە، بەڵام ((لەبەرئەوەی مۆرفێمی جۆری کاتی کارەکە(ێ)یە

ناهێڵێت مۆرفێمی توخمی تاکی نێر(ـە) و تاکی مێ(ێ) دەربکەون، چونکە دووبزوێن بەدوای یەکدا نایەن مۆرفێمی توخم تیادەچێت))[1] بڕوانە(١٦٠)و هیلکاریی ژمارە(٣٧)* .

(١٦٠) أ- وەشڵەی من نانم واردێ. (خۆزگە من نانم بخواردبا.)

ب- وەشڵەی من ماساویم واردێ. (خۆزگە من ماسیم بخواردبا.)

(دۆخی ڕێزمانی بکەریی **Nominative**)




**هیلکاریی ژمارە(٣٧)**

پاش ئەو باسکردن و نموونانەی خستمانە ڕوو بۆ ڕێککەوتن لەو ڕستانەدا، کە کارەکانیان لە جۆرەکانی ڕابردووی تێپەڕە، دەتوانین بە دوو یاسای گشتی و لەشێوەی هێڵکاریی درەختیدا بخەینەڕوو، بڕوانە یاسای ژمارە(٢٣) و (٢٤):




**یاسای ژمارە(٢٣) بۆ ڕابردووی تێپەڕ**

---

١- فەرەیدوون عەبدول محەمەد(٢٠١٣: ١٩).

*هێڵکاری ژمارە(٣٧) بۆ هەریەکە لە نموونەکانی (١٥٧، ١٥٨، ١٥٩)ش گونجاوە.




یاسای ژمارە(٢٤) بۆ ڕابردووی تێپەڕی هەواڵی بەردەوام

### ٢/٣-٣-١-١-٢) ڕانەبردووی تێپەڕ:

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕی (هەواڵی/دانانی)بێت، ڕێککەوتن لە نێوان (بکەر و کار)دا دەبێت، لەڕووی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەون، بەرکار دەکەوێتە دۆخەوە و دۆخی (Accusative)ی پێدەدرێت، بەمەرجێك بەرکارەکە ناوێکی ناسراو، یان ناوێکی تایبەتی، یان جێناوی سەربەخۆ لە کەسی سێیەمی تاك و کۆ بێت، فرێزی ناویی بکەریی دۆخی(Nominative) پێدەدرێت و تەنها جێناوی لکاو لە کۆمەڵەی (E)دەدات بە کاری ڕستە، واتە بکەر هیچ مۆرفێمێکی توخم نادات بە کاری ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕانەبردووە. کەواتە ڕێککەوتنەکە لە نێوان(بکەر و کار)دایە. بڕوانە(١٦١) و هێڵکاریی ژمارە(٣٨):

(١٦١) أ- من کوڕەکەی کیانوو/ کیانای کیانوو. (من کوڕەکە دەنێرم.)

ب- ڕەنگا ئارین شعرەکێ بنویسۆ. ( ڕەنگە ئارین شعرەکە بنوسێت.)

لە (١٦١-أ)دا کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕی هەواڵییە بۆ ئێستا و داهاتوو، بکەر و کار لەڕووی کەس و ژمارەوە ڕێککەوتوون، بەرکاریش کەوتووەتە دۆخەوە، لە ڕووی توخمەوە نێرە و مۆرفێمی(ی)ی دۆخی وەرگرتووە، لە (١٦١-ب)دا کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕی دانانییە، بکەر و کار لەڕووی کەس و ژمارەوە ڕێککەوتوون، بەرکاریش کەوتووەتە دۆخەوە، لە ڕووی توخمەوە مێیە و مۆرفێمی(ێ) ی دۆخی وەرگرتووە.




هێڵکاریی ژمارە(٣٨)

لە نموونەی(١٦١)دا ڕێککەوتنمان خستەڕوو لەو ڕستانەدا، کە کارەکانیان لە جۆرەکانی ڕانەبردووی تێپەڕی هەواڵی و دانانییە، دەتوانین بە یاسایەکی گشتی و لەشێوەی هێڵکاریی درەختیدا بخەینەڕوو، بڕوانە یاسای ژمارە(٢٥):




یاسای ژمارە(٢٥)

### ٢/٣-١-٣-٢) ڕێککەوتن لە ڕستەی کار تێنەپەڕدا:

### ٢/٣-٣-١-٢-١) ڕابردووی تێنەپەڕ:

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێنەپەڕبێت، ڕێککەوتن لە نێوان فرێزی ناویی(بکەر) و فرێزی کاری(کار)دا دەبێت، لەڕووی کەس و ژمارە و توخمەوە ڕێکدەکەون، بکەر جێناوی لکاو و مۆرفێمی توخم دەدات بە کاری ڕستە، وەك لە خوارەوە ڕوونیدەکەینەوە:

**١- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێنەپەڕی هەواڵی سادەیە:**

بکەر جێناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارەی خۆی لە کۆمەڵەی(B) بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت لە فرێزە کارییەکەدا، هەروەها بکەر مۆرفێمی توخم بە کارەکە دەدات، بەڵام تەنها بۆکەسی سێیەمی تاك دەردەکەوێت، مۆرفێمی (☐) بۆ تاکی نێر و (ـە) بۆ تاکی مێ، بڕوانە(١٦٢) و هێڵکاریی ژمارە(٣٩):

(١٦٢) أ- من وتانێ. (من خەوتم.)

ب- ئاڎ/ ئاڎە کۆت☐☐/ کۆتە☐. (ئەو کەوت.)

پ- ئاڎێ وتێ. (ئەوان خەوتن.)




هێڵکاریی ژمارە(٣٩):

**٢- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێنەپەڕی هەواڵی نزیکە:**

بکەر جێناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارەی خۆی لە کۆمەڵەی(C)بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت لە فرێزە کارییەکەدا، هەروەها بکەر مۆرفێمی توخم دەدات بە کارەکە، مۆرفێمی (ـە)بۆ تاکی نێر و(ێ) بۆ تاکی مێ، بڕوانە(١٦٣) و هێڵکاریی ژمارە(٤٠):

(١٦٣) أ- بەڵێن☐ جە یانە و ئێمە وتەن☐. (بەڵێن لەماڵی ئێمە خەوتووە.)

ب- نازارە جە یانە و یوسفی وتێنە☐.* (نازدار لە ماڵی یوسف خەوتووە.)

---

*لە نموونەی(١٦٣-ب)دا، مۆرفێمی توخم بۆکەسی سێیەمی تاك دووجار لەسەر کارەکە دەرکەوتووە. بڕوانە لاپەڕە(٨٨- ٨٩)ی ئەم نامەیە.




هێڵکاریی ژمارە(٤٠)

**٣- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێنەپەڕی هەواڵی دوورە:**

بکەر جێناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارەی خۆی لە کۆمەڵەی(D)بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت لە فرێزە کارییەکەدا، هەروەها بکەر مۆرفێمی توخم دەدات بە کارەکە، مۆرفێمی (ـە)بۆ تاکی نێر و(ێ) بۆ تاکی مێ، ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردایە. بڕوانە(١٦٤) و هێڵکاریی ژمارە(٤١):

(١٦٤) أ- کوڕە ئازاکە جە بیارێنە مەردەبێ. (کوڕە ئازاکە لە بیارە مردبوو.)

ب- تۆ جە سلێمانیەنە وتەبێنی/ وتێبێنی. (تۆ لە سلێمانی خەوتبوویت.)




هێڵکاریی ژمارە(٤١)

**٤- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێنەپەڕی هەواڵی بەردەوامە:**

بکەر جێناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارەی خۆی لە کۆمەڵەی(D)بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت لە فرێزە کارییەکەدا، ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردایە تەنها لەڕووی کەس و ژمارەوە، چونکە کارەکە لە ڕەگەوە وەردەگیرێت، بڕوانە(١٦٥) و هێڵکاریی ژمارە(٤٢):

(١٦٥) شمە گنێندێ. (ئێوە دەکەوتن.)




هێڵکاریی ژمارە(٤٢):

**٥- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی سادەیە:**

ڕێککەوتن لە نێوان فرێزی ناویی(بکەر) و فرێزی کاری(کار)دایە، بکەر جێناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارەی خۆی لە کۆمەڵەی(D)بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت لە فرێزە کارییەکەدا، هەروەها مۆرفێمی توخم بەپێی توخمی بکەر (ـە)بۆ تاکی نێر و(ێ) بۆ تاکی مێ، دەدات بە کارەکە، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لەڕووی توخم و کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەون. بڕوانە(١٦٦) و هێڵکاری ژمارە(٤٣):

(١٦٦) أ- وەشڵەی فەرهاد وتەبیێ. (خۆزگە فەرهاد بخەوتایە.)

ب- وەشڵەی شیلانە وتێبیێ. (خۆزگە شیرین بخەوتایە.)



هێڵکاریی ژمارە(٤٣)

**٦- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی نزیکە:**

ڕێککەوتن لە نێوان فرێزی ناوی (بکەر) و فرێزی کاری(کار)دایە، بکەر جێناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارەی خۆی لە کۆمەڵەی(E)بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت لە فرێزە کارییەکەدا، هەروەها بکەر مۆرفێمی توخم (ـە)بۆ تاکی نێر و(ێ) بۆ تاکی مێ دەدات بە کارەکە. بڕوانە(١٦٧)و هێڵکاریی ژمارە(٤٤):

(١٦٧) أ- ڕەنگا بەڵێن وتەبۆ. (ڕەنگە بەڵێن نوستبێت.)

ب- ڕەنگا شلێرە وتێبۆ. (ڕەنگە شلێر نوستبێت.)




هێڵکاریی ژمارە(٤٤)

**٧- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی دوور:**

ڕێککەوتن لەم جۆرەدا هەمان تایبەتی و شێوەی ڕێککەوتنی هەیە لەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی سادەیە، هەمان کۆمەڵە جێناویش بەشداری دەکەن، بەڵام لێرەدا بکەر دووجار مۆرفێمی توخم دەدات بە کار لە ناو فرێزە کارییەکەدا. بڕوانە(١٦٨)و هێڵکاریی ژمارە(٤٥):

(١٦٨) وەشڵەی تۆ وتەبییەبیێنی/ وتێبیێبیێنی. (خۆزگە تۆ خەوتبوبایت.)




هێڵکاری ژمارە(٤٥)

**٨- ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی بەردەوامە:**

ڕێککەوتن لە نێوان فریزی ناوی (بکەر) و فریزی کاری(کار)دایە، بکەر جێناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارەی خۆی لە کۆمەڵەی(D)بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت لە فریزە کارییەکەدا، بەڵام مۆرفیمی توخم نامێنێت، بڕوانە(١٦٩)و هێڵکاریی ژمارە(٤٦):

(١٦٩) أ- وەشڵەی ئاڎ گنێ. (خۆزگە ئەو بکەوتبا.)

ب- وەشڵەی ئاڎێ گنێنێ. (خۆزگە ئەوان بکەوتبان.)




هێڵکاریی ژمارە(٤٦)

**٢/٣-٣-١-٢-٢) ڕانەبردووی تێنەپەڕ:**

ئەگەرکاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێنەپەڕی (هەواڵی/دانانی)بێت، ڕێککەوتن لە نێوان (بکەر و کار)دا دەبێت، لەڕووی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەون، فریزی ناویی بکەریی تەنها جێناوی لکاو لە کۆمەڵەی (E) دەدات بە کاری ڕستە، واتە بکەر هیچ مۆرفێمێکی توخم نادات بە کاری ئەو ڕستانەی کارەکانیان ڕانەبردووی تێنەپەڕە، بڕوانە(١٧٠) و هێڵکاریی ژمارە(٤٧):

(١٧٠) أ- بەڵێن ملۆ/ملای ملۆ. (بەڵێن دەڕوات.)

ب- ڕەنگا من بلوو. (ڕەنگە من بڕۆم.)

لە (١٧٠-أ)دا کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێنەپەڕی هەواڵییە بۆ ئێستا و داهاتوو، بکەر و کار لەڕووی کەس و ژمارەوە ڕێککەوتوون، بکەر کەسی سێیەمی تاکە و جێناوی لکاوی(ۆ) بۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك بەخشیوە بە کارەکە، لە(١٧٠-ب)دا کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێنەپەڕی دانانییە، بکەر و کار لەڕووی کەس و ژمارەوە ڕێککەوتوون، بکەر کەسی یەکەمی تاکە و جێناوی لکاوی(وو) بۆ بۆ کەسی یەکەمی تاك بەخشیوە بە کارەکە.




هێڵكاریی ژمارە(٤٧)

### ٣-١-٣-٢/٣) ڕێككەوتن لە ڕستەی كاری فەرمان/داخوازی:

ئەگەر كاری ڕستە فەرمان/داخوازی(تێپەڕ و تێنەپەڕ)بێت، ڕێككەوتن لە نێوان فرێزی ناویی بكەریی و فرێزی كاریدایە، بكەر جێناوی لكاوی (ـە) بۆ كەسی دووەمی تاكی نێر و مێ بەبێ جیاوازی توخم، بكەر جێناوی لكاوی(دێ) بۆ كەسی دووەمی كۆ دەدات بە كارەكە، لەڕووی كەس و ژمارەوە بكەر لەگەڵ كاردا ڕێكدەكەوێت، بڕوانە(١٧١) و (١٧٢):

(١٧١) أ- تۆ یانەكەی بسانە. (تۆ خانوەكە بكرە.)

ب- شمە ماساوەكێ بساندێ. (ئێوە ماسیەكە بكڕن.)

(١٧٢) أ- تۆ بووسە. (تۆ بخەوە.)

ب- شمە بووسدێ. (ئێوە بخەون.)

لە (١٧١-أ، ب)دا كارەكە تێپەڕە، لە (١٧١-أ)دا بكەر كەسی دووەمی تاكە، لە نموونەی (١٧١-ب)دا بكەر كەسی دووەمی كۆیەو جێناوی لكاویان بەپێی كەس و ژمارە داوە بە كاری ڕستە و لەگەڵیدا ڕێككەوتون، بەركار دۆخی (Accusative)ی وەرگرتووە و بەپێی توخمی بەركار مۆرفێمی دۆخی وەرگرتووە، لە(١٧٢)دا كارەكە تێنەپەڕە بۆیە تەنها بكەر و كارمان هەیە و لەگەڵ یەكتردا ڕێككەوتوون لە ڕووی كەس و ژمارەوە. نموونەكانی (١٧١، ١٧٢) لە هێڵكاریی ژمارە (٤٨، ٤٩) دەخەینە ڕوو*.




هێڵكاریی ژمارە (٤٨)

* بۆ یاسای گشتیەكەی ڕستەی فەرمانی تێپەڕ بڕوانە یاسای ژمارە(٢٥)، بۆ یاسا گشتیەكەی فەرمانی تێنەپەڕ بڕوانە یاسای ژمارە(٢٦).




**هێڵکاریی ژمارە (٤٩)**

پاش خستنەڕووی ڕێککەوتن لەو ڕستانەدا، کە کارەکانیان لە جۆرەکانی کاری (ڕابردوو و ڕانەبردوو و فەرمانی/داخوازی)ی تێنەپەڕە، دەتوانین بە یاسایەکی گشتی و لە شێوەی هێڵکارییەکی درەختیدا بخەینەڕوو، بڕوانە یاسای ژمارە(٢٦):




ڕێککەوتن ک. ژ. توخم/ ک. ژ

**یاسای ژمارە(٢٦)**

# ئەنجام

# ئەنجامەکان

گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی لێکۆڵینەوەکە بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- مۆرفێمەکانی (کەس، توخم، دۆخ، خستنەپاڵ) ڕۆڵێکی چالاکیان هەیە لە ڕێککەوتنی دروستە سینتاکسیەکان لە شێوەزاری هەورامیدا. لەڕێگای یاسای کۆپیکردنەوە مۆرفێمەکانی(کەس و توخم و ژمارە) دەگوازرێتەوە بۆ سەر ئەو کەرەستانەی، کە پێویستە لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون.

٢- فرێزی ناوی، ئەگەر لە ناوێکی گشتی و مۆرفێمەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ) پێکهاتبوو دەتوانرێت بەپێی هەردوو گریمانەی (NP) و (DP) شیبکرێتەوە.

٣- مۆرفێمی خستنەپاڵ لە فرێزی (ناوی، دیارخەری، ئاوەڵناوی)دا، بەگوێرەی توخمی سەرە هەڵدەبژێردرێت و لەڕووی واتا و دروستەوە سەربە کەرتی یەکەمی فرێزەکە(سەرە)یە و لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێت، جگە لە ئەرکی خستنەپاڵ ئەرکی توخمیش دەبینن.

٤- ڕێککەوتنەکان لە دروستەی فرێز و ڕستەدا لە شێوەزاری هەورامیدا بریتین لە:

أ- ڕێککەوتنی ناو و دیارخەرەکانی

ب- ڕێککەوتنی بکەر – بەرکار

ت- ڕێککەوتنی بکەر – کار

پ- ڕێککەوتنی بەرکار – کار

٥- ئەگەر کاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕی هەواڵی بەردەوام و ڕانەبردووی تێپەڕ بێت، فرێزی ناوی بەرکاری دۆخی کۆزەتیڤی وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر کاری ڕستە جۆرەکانی تری ڕابردووی تێپەڕ بێت، ڕێککەوتنی فرێزی ناوی بەرکاری لەگەڵ کاردا ئێرگەتیڤییە، واتە بەرکارەکە دۆخی ئێرگەتیڤی وەردەگرێت.

٦- لە شێوەزاری هەورامیدا، ئەگەر کاری ڕستەیەك ڕابردوو، یان ڕانەبردووی تێنەپەڕ بێت لەگەڵ کاری فەرمان/داخوازیدا بە تێپەڕ و تێنەپەڕەوە ئەوا بکەر و کار لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەکەون.

٧- باشترین تیۆری بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕێککەوتن تیۆریی(GB)یە، کە بەشێوەیەکی ورد و فراوان گرنگی بە ڕێککەوتنی دروستە سینتاکسییەکان دەدات، پەیوەندیی سەرە و تەواوکەر و فرێزەکانی ڕستە لێکدەداتەوە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## ١- بە زمانی کوردیی:

### أ- کتێبەکان:


١- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی یەکەم - ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٢- ئازاد ئەحمەد حسەین(٢٠٠٩)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

٣- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٢)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٤- ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر.

٥- ئاسۆ عەبدولڕەحمان کەریم (٢٠١٤)، ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری فەیلیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٦- بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠٠٨)، ڕۆنانی کردار لە زاری هەورامیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٧- تۆفیق وەهبی (١٩٢٩)، دەستوری زمانی کوردی، دار الطباعة الحديثة، بەغدا.

٨- جمال حبیب الله (٢٠٠٧)، لە بابەت ڕێزمانی هۆرامییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیڤ.

٩- جمال حبیب الله (٢٠١٢)، لە بابەت ڕێزمانی هۆرامییەوە، بەشی سێیەم، نیشانەی نێر و مێ لە زاری هەورامییدا، چاپی یەکەم.

١٠- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

١١- خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو (٢٠٠٨)، بەرکار لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی فۆڕمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٢- دارا حەمید محمد (٢٠١٤)، هەندێك لایەن لە تیۆرییەکانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٣- سەلام ناوخۆش (٢٠٠٨)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی ، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

١٤- سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٥- سەلاح حەویز ڕەسوڵ، (٢٠١٤)، پڕەنسبی بە ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٦- شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٧- ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩)، کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە((شێوەزاری کرمانجی سەروو))، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٨- عەبدولجەبار موستەفا مەعروف (٢٠١٠)، دروستەی فریز لە زمانی کوردیدا، بلاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١٩- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣)، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٢٠- عەبدوڵا حسین ڕەسول (٢٠١٤)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٢١- محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨١)، زاری زمانی کوردی لە تەرازوی بەراورددا، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

٢٢- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، دار الحکمە للطباعة والنشر، هەولێر.

٢٣- محەمەد ڕەزای باتینی(١٩٩٣)سالی وەرگێڕان، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان ، چاپ و بلاوکردنەوە: سوید، وەرگێڕانی لەفارسیەوە: حەسەنی قازی ، سوید.

٢٤- محەمەد مەحویی، (٢٠٠١)، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی .

٢٥- محەمەد مەحویی و کاروان عومەر قادر و شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٠)، درووستەی کردار بنەماو دیاردە، سلێمانی.

٢٦- محمەد محمد یونس عەلی (٢٠١٠) سالی وەرگێڕان ، دەروازەیەك بۆ زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، هەولێر.

٢٧- نەسرین فەخری (٢٠٠٢)، ڕستە و چەمکی ڕستە بەگشتی و تایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردیدا، بەغدا.

٢٨- نوری عەلی ئەمین (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٩- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٣٠- وریا عومەر ئەمین (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

**ب- نامە ئەکادیمییەکان:**


١- ئەحمەد حەسەن فتح الله (١٩٩٠)، بکەر وەك بەشێکی سەرەکی ڕستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.

٢- ئازاد ئەحمەد حسەین(٢٠٠١)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٣- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٤- ئەمیر مستۆ محەمەد (٢٠٠٩)، جێناو لە کرمانجی ژووروودا: لەڕوانگەی تیۆری دەسەڵات وبەستنەوەدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین.

٥- بڕوا ڕەسوڵ ئەحمەد (٢٠١١)، دۆخ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی کۆیە.

٦- تارا موحسن قادر (٢٠٠٤)، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لەزمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٧- تارا موحسن قادر (٢٠١١)، زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٨- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی‌و فرێزی کاری لەکرمانجیی ژووروودا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٩- دیار عەلی کمال کەریم (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین.

١٠- شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٠٢)، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

١١- شنە جەبار فەتاح (٢٠٠٦)، ئاوەڵناو وەك کەرەستەیەکی فەرهەنگی و سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

١٢- طە ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٥)، ڕۆنانی فرێز لە زاری کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژوروودا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

١٣- ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی (٢٠٠١)، ڕێککەوتن لەشێوەی ژووروو‌ی زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.

١٤- عادل ڕەشید قادر (٢٠٠١)، توخم لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٥- عبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٦- فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٩٨)، چەند لایەنێکی ڕستەسازی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

١٧- مزگێن عبدولڕەحمان ئەحمەد(٢٠٠٦)، دۆخی ئێرگەتیڤی لەزمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین.

١٨- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٩- مەهاباد کامیل عەبدولا (١٩٩٦)، کار لە کرمانجی خواروو و هەورامیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.

٢٠- مەهاباد کامیل عەبدولا (٢٠١٠)، چەند کردەیەکی سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٠- هیدایەت عەبدولا موحەمەد (٢٠٠٢)، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

٢١- یوسف نوری محەمەد ئەمین (٢٠١٠)، هەندێك لایەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

## پ- گۆڤارەکان:

١- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٧)، پارتیکڵ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٢٢) بەشیB.

٢- بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢)، ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کردار لە ڕووی ژمارەوە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٣٦) بەشیB.

٣- ساجیدە عەبدولا فەرهادی (٢٠١٤)، جۆرەکانی خستنەسەر(الاضافة) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٩)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤- شاسوار هەرشەمی (٢٠١٥)، زمانە ئێرگەتیڤیەکان، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(١٧).

٥- عەبدولجەبار موستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر (٢٠١٢)، کاریگەری فەرهەنگ لە بنیادی دروستە سینتاکسییەکاندا، مجلة استاذ، کلیة التربیة ابن رشد – جامعة بغداد، العدد(٢٠٠).

٦- فەرەیدون عەبدول محەمەد (٢٠٠٠)، کاری ((بییەی – بوون)) لە زاری هەورامیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٤) بەشیB.

٧- فەرەیدون عەبدول محەمەد (٢٠١٢)، پاشماوەی سیستەمی ئێرگەتیڤ لە کرمانجی ناوەڕاستدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٣٧) بەشیB.

٨- فەرەیدون عەبدول محەمەد (٢٠١٣)، جێکەوتەی مۆرفێمی توخم لە شێوەزاری هەورامیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٣٠).

٩- محەمەدی مەحوی (٢٠١٤)، سینتاکسی ئێرگەتیڤی/ ئەبسۆلۆتیڤی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٣١).

## ت- وانەی خویندنی بالآ:

١- فەرەیدون عەبدول محەمەد (٢٠١٤- ٢٠١٥)، وانەی دیالێکتۆلۆجی ، خوێندنی بالآ/ ماستەر، زانکۆی گەرمیان.

## ج- ڕۆژنامە:

١- وریا عومەر ئەمین (٢٠١٥)، زاراوەی دۆخ، ڕۆژنامەی بەدرخان، ژمارە(١٧٤)، ساڵی چوارەم.

## ٢- بە زمانی فارسیی :

١- ایران کلباسی (١٣٦٨)، ارگتیو در زبانها و گویشهای ایرانی، مجله زبانشناسی، انتشارات مرکز نشر دانشگاهی، سال بنجم – شماره دووم، بایز و زمستان ١٣٦٨.

٢- محمد راسخ مهند، زانیار نقشبندی (١٣٩٢)، تأثیر قدرت موضوعات فعلی بر حالت نمایی افتراقی: شواهدی از گویشی هورامی، مجله مطالعات زبان و گویشهای غرب، ایران، دانشگاه رازی.

٣- مهدی مشکوه الدین، (١٣٨٦)، دستور زبان فارسی بر پایه نقریه گشتاری، انتشارات دانشکاه فردوسی، مشهد.

٤- یادگار کریمی (١٣٩٠)، بازبینی حالت مطلق در ساخت کنایی(ارگتیو)، مجله پژوشهای زبانشناسی، دوره(٢)، شماره(٢)، بایز و زمستان.

## ٣- بە زمانی ئینگلیزیی :

١- Amin, w.o. (١٩٧٩), Aspects of the verbal construction in Kurdish, Unpublished ph.D disseration, University of London.

٢- Bloomfield, D. (١٩٣٣), Language, Henry Holt, Newyork.

٣- Burton- Roberts,N (١٩٩٧), Analyzing Sentence, Lancaster University.

٤- Chomsky, N. (١٩٨١), Lecture on Government and Binding, Dordrecht: Foris.

٥- Chomsky, N. (١٩٩٣) Lectures on government and binding, the pisa lecture, ٤th ed, Foris: Holland.

٦- Cook,V.J and Newson,mark.(١٩٩٧) Chomskys universal Grammar,An introduction, second Edition, Basil Blackwell: Oxford.

٧- Cowper , E ,A. (١٩٩٢) , A concise Entroduction to stntactic theory, the university of Chicago.

٨- Crystal, D. (١٩٩١), A dictionary of Linguistics and phonetics, ٣rd edition, Black Well: Oxford.
٩- Culicoer, P ,w. (١٩٩٧), Principles and paramiters :An introduction to syntactic theory, oxford university press,newyork.
١٠- Dixon, Robert, M. W,(١٩٨٧), Studies in Ergativity, Austuralian university, Lingua.
١١- Dixon, Robert, M. W,(١٩٩٤), Ergativity, Cambridge university press.
١٢- Fattah, M.M. (١٩٩٧), A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished doctoral disseration, university of Amsterdam.
١٣- Hartmann, R. R.; Stork, F.C.(١٩٧٢) A Dictionary of Language and Linguistics. London: Applied Science publisher.
١٤- Haegeman, L and Gueron, J.(١٩٩٩) English Grammar - AGenerative Perspective. Oxford: Blackwell.
١٥- Lyons, J. (١٩٦٨), Introduction to Theoretical Linguistics, Cambridge University press.
١٦- Matthews P.H., (٢٠٠٧), Oxford concise Dictionary of Linguistics, Oxford University.
١٧- Muhamad-Salih.Abdullah.B. (٢٠٠٤), Topics in Government and Binding theory, with Refrence to English and Kurdish. M.thise University –salahaddin.
١٨- Robyn C. Friend, Ph.D, ERGATIVITY in SULEIMANIYE KURDISH, (١٩٨٥)Originally presented at the Middle East Studies Association ١٩٨٥ Annual Meeting.
١٩- Saza Ahmad Fakhry Boskany, (٢٠١٤), A Contrastive Analysis of Agreement in Standard English and Standard Kurdish, Hajy Hashim printing Hose– Erbil.
٢٠- Tallerman, M. (١٩٩٨), understanding syntax, Arnold A member of Hodder Headline Group, London.
٢١- Trask, R.L. (١٩٩٣), A Dictionary of grammatical terms in linguistics, Routledge: London.
٢٢- Yousif, A .(٢٠٠٧), Case theory with Refernce to English and Kurdish. (Mastar ) Univerdity –salahaddin.

# کورتەی لێکۆڵینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ((ڕێککەوتن لە دروستەسینتاکسییەکانی شێوەزاری هەورامیدا)) یە، بە پێی ڕێبازی وەسفی شیکاری و تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە(GB) شیکردنەوە بۆ دروستە سینتاکسییەکانی شێوەزاری هەورامی کراوە و ڕێککەوتنی نێوانیان خراوەتە ڕوو، دروستەی فرێزەکانیش بەپێی تیۆری X-bar و بەشێوە هێڵکاری ڕونکراونەتەوە.

نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە:

لە پێشەکیدا سەرەتای چوونە ناو باسەکەیە و ناونیشان و بواری نامەکە و هۆی هەڵبژاردنی نامەکە و کەرەستە و سنوری لێکۆڵینەوەکە و ڕێباز و تیۆری لێکۆڵینەوەکە و گرفتی لێکۆڵینەوەکە باسکراون.

**بەشی یەکەم:** لەم بەشەدا تیۆرییە پێویستەکان خراوەتە ڕوو، وەك تیۆری(حوکمکردن، دۆخ، X-bar)، کە لەبەشەکانی دواتردا سودمان لێوەرگرتوون.

**بەشی دووەم:** لە دوو پار پێکهاتووە، لە پاری یەکەمدا چەمك و پێناسەی ڕێککەوتن و ڕێککەوتن بەپێی چەند قوتابخانە و تیۆرییەك لێکدراوەتەوە و هەروەها سروشتی ڕێککەوتن و جۆرەکانی ڕێککەوتن خراوەتەڕوو. پاری دووەمی ئەم بەشە تایبەتکراوە بە ئێرگەتیف، سەرەتا زاراوەی ئێرگەتیف ڕوونکراوەتەوە و چەمك و پێناسەکەی شیکراوەتەوە، پاشان ئێرگەتیف لە زمانەکاندا و جۆرەکانی ئێرگەتیف و ئێرگەتیف لە زمانی کوردی(دیالێکتی کرمانجی ژوروو، شێوەزاری هەورامی) ڕوونکراوەتەوە، لە کۆتایی ئەم پارەدا بە چەند خاڵێك جیاوازی ڕێککەوتن و ئێرگەتیڤمان خستوەتەڕوو.

**بەشی سێیەم:** لە دووپار پێکهاتووە، پاری یەکەم تایبەتە بە ڕێککەوتن لە سنووری فرێزدا، سەرەتا چەمکی فرێز بەپێی تێڕوانینی کۆن و نوێ شیکراوەتەوە پاشان جۆرەکانی فرێز و ڕێککەوتن تیایاندا شیکراوەتەوە. پاری دووەمیش تایبەتە بە ڕێککەوتن لە سنوری ڕستەدا، ڕستە و کەرەستەکانی ڕستە باسکراوە و دواتر بەپێی جۆری کاری ڕستە ڕێککەوتن لە ڕستەدا شیکراوەتەوە.

**لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون لەگەڵ لیستی سەرچاوەکاندا خراونەتەڕوو.**

# ملخص البحث

هذا البحث بعنوان (( **الاتفاق التركيب النحوية في اللهجة الفرعية الهورامية**))، حسب الطريقة الوصفية التحليلية و نظرية التحكم و الربط، تم عرضه و التوضيح الاتفاق فيما بينهم، وتم توضيح و تفسير تركيب العبارة بشكل هيكلي بنظرية (X-بار) .

يتكون البحث من مقدمة و ثلاثة فصول و النتائج:

في المقدمة هي تمهيد للبحث، تشمل عنوانه، مجاله، سبب اختياره، مواده، حدوده، طرق و نظرية البحث و المصاعب التى واجهتنا اثناء هذا البحث.

**الفصل الاول:** في هذا الفصل تم توضيح بعض نظريات الضرورية، كنظرية (التحكم، حالة، X-بار) التي استفدنا منها في الفصول الاخرى.

**الفصل الثاني:** يتكون من وحدتين، الوحدة الاولى تم توضيح المفهوم و تعريف الاتفاق و تحليل الاتفاق حسب بعض النظريات و المدارس، و تم توضيح طبيعة الاتفاق و انواعه. الوحدة الثانية مخصصة ب(الاركتيف)، في البداية تم توضيح مصطلح الاركتيف من حيث تعريفها و مفهومها. ثم توضيح الاركتيف في اللغات و انواعه و الاركتيف في اللغة الكردية (اللهجة الكرمانجية الشمالية، اللهجة الفرعية الهورامية)، وفي نهاية الوحدة الثانية وضحنا و بيّنا بعض نقاط الاختلاف بين الاتفاق والاركتيف.

**الفصل الثالث:** يتكون من وحدتين، الوحدة الاولى تم شرح و توضيح و عرض الاتفاق في حدود العبارة، في البداية تم تحليل مفهوم العبارات على وجهة نظر القديمة والجديدة، و يليه تحليل انواع العبارة والاتفاق بينهم. و الوحدة الثانية مخصصة لاتفاق في حدود الجمل، وضحنا فيه جملة و مواد الجملة و من ثم تم توضيح الاتفاق في الجملة حسب نوع الفعل في الجملة.

و في ختاما تم عرض أهم النتائج المستحصلة من هذا البحث، مع المصادر مستوحات منها.

# Abstract

This research is entitled **"Agreement Syntactic Structures in Hawrami sub-dialect".** It introduces and analyzes syntactic structures in Hawrami sub-dialect; the agreement between syntactic structures is shown according to the descriptive and analytical method and Government and Binding theory. The phrase structures are illustrated in tree diagrams according to the X- bar theory.

The thesis consists of an introduction, three chapters and a conclusion:

In the introduction, which is a path into the depth of the topic, the content of the research, the reasons for choosing this research project, the limitations, the researching method and the problem of the research are discussed.

**Chapter one** is designed to clarify some theories used in the other chapters, such as the Government, Case, and X-bar theory.

**Chapter two** consists of two parts: the first part clarifies the concept and definition of agreement and analyzes the agreement according to some schools and theories; the nature of the agreement and its types are clarified. The second part is devoted to the 'ergative'. Firstly, the term 'ergative' is defined and its concepts are clarified. Then, ergative in languages, the types of ergative and ergative in Kurdish language (Northern Kurmanji dialect, Hawrami sub-dialect) are presented. At the end of the second part, some differences between the agreement and ergative are explained.

**Chapter three** consists of two parts; the first part is devoted for the agreement within the limits of phrase. In the beginning, the concept of phrase is explained according to the old and new view points. Then, the types of phrases and the agreement between them are analyzed. The second part is devoted for the agreement within the limits of sentence; the sentence and its elements are explained, then the agreement of sentence according the verb type is explained.

In the conclusions, the most important results obtained from research are stated. The research ends with the bibliography.